داینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٥٠
شەممە
١٨ی سەرماوەزی ١٣٨٥
٩ی دیسامبری ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ـ ئێران
www.kurdistanukurd.com

## پشتیوانی یەکیەتی‌یەکانی لاوان و ژنانی دێموکرات لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران

سکرتێری گشتی‌و کۆمیتەی بەڕێوبەریی گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە بەیاننامەیەك دا کە ڕۆژی ١٧ی‌سەرماوەز بڵاو بۆتەوە پشتیوانیی خۆیان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە بەیاننامەی ڕۆژی ٦ی دیسامبری ٢٠٠٦ی کۆمەڵێك لە ئەندامانی دەفتەرسیاسی، کۆمیتەی ناوەندی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات ڕاگەیاند. لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بە هەولەکانی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٣ بۆ دەستێوردان لە کاروباری یەکیەتیی لاوان بە مەبەستی پاوانکردن یا دوولەت کردنی ، کراوە . هەروەها دوای ئاماژە بە هەڵویستی ڕۆژی ٦ی١٢ی ٢٠٠٦ و ڕێزنان لە داکۆکیی ئۆپۆزسیونی نێو خۆ لەسەربەخۆیی ڕێکخراوەی یەکیەتیی لاوان هاتوە:یەکیەتیی لاوان دلگەرم بە ڕێنوێنی و هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران ، بە سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی هەرچی زیاترەوە بۆ خۆنۆژەنکردنەوە و چالاکتر کردنی کومیتەکانی هەنگاو دەنێ".

سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش لەو پێوەندییەك لەگەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ڕای گەیاند یەکیەتیی ژنانی دیمۆکرات پشتیوانی لە هەڵوێستی ڕۆژی٢٠٠٦/١٢/٦ دەکاو بەزوویی بەیاننامەی خۆی لە پشتیوانی لەم هەڵوێستەدا ڕادەگەیەنێ.

# لەمڕۆ بەدواوە، ئێمە تێکۆشانی سیاسی‌و تەشکیلاتیمان، بەجیا لە قۆڵی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی درێژە پێ‌دەدەین

**بەرەسمی ڕادەگەیەنین کە کاری ئێمە دژایەتی‌و بەربەرەکانیی سیاسی‌و تەبلیغاتی‌و... دژی هاوسەنگەرەکانی پێشوومان نیەو لە هیچ مەیدانێك دا دەستپێشخەر نابین**

## بەیاننامە

***ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!***
***کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!***
***حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یە کوردستانی‌و ئێرانی‌یەکان!***
***دۆستانی گەلی کوردو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان!***

لە یەکێك لە ناسکترین هەل‌ومەرجەکانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردو بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا، نیزیك بە دووسال‌و نیوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی جێگای متمانەو پشتیوانیی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان، حیزبێك کە بە دەستی بە توانای پێشەوا قازی محەممەد دامەزراو بە بیری تیژی دوکتور قاسملوو نوێ‌کرایەوە، لە ئاکامی پاوانخوازیی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی‌دا تووشی قەیرانێکی قووڵی تەشکیلاتی بووە کە سەرانسەری قەوارەکەی هەر لە سەرێ ڕا تا خوارێ داگرتوەو بە کردەوە کردوویەتە دوولەت. پاش پتر لە دوو ساڵ هەولی نهێنی بۆ گێڕانەوەی یەکڕیزی‌و یەکدڵی بۆ نێو حیزبی دێموکرات، ڕۆژی ٧ی گەلاوێژی ١٣٨٥ ئێمە بە ناوی "ئۆپوزیسیۆن" یادداشتێکی بیست مادەییمان خستە بەرچاوی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی کە قەبووڵکردن‌و جێبەجێکردنی دەی‌توانی میکانیزمێك بۆ چاری گیروگرفتەکان‌و گێڕانەوەی یەکپارچەیی بۆ ڕیزەکانی حیزب بە دەستەوە بدا. هەر چەند ئەم یادداشتە وەك سەنەدێکی نهێنی ئامادە کرابوو، بەڵام بێ ئەوەی بمانەوێ کەوتە نێو میدیاکان‌و ئەو کەسانەی ئۆگری چارەنووسی بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکراتن لێی ئاگادار بوون.

بەداخەوە چەند کۆبوونەوەی وتووێژ لەسەر ئەو یادداشتەو هەروەها هەوڵ‌و تەقەلای هێندێ لە دڵسۆزانی کورد لە نێوەوەو دەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و هەوڵی نێوبژێکردنی هێندێ حیزبی کوردستانی لەوانە پارتی دیموکراتی کوردستان‌و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌و هەروەها هەوڵی نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە هۆی ڕەدکردنەوەی قۆڵی زۆرایەتی‌یەوە بێ‌ئاکام مایەوەو قۆڵی دەسەلاتبەدەستی کومیتەی ناوەندی بە ڕەفتاری توندوتیژ بەرامبەر جودابیران ڕۆژ بە ڕۆژ کەلێنی نێوان خۆی‌و لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی گەورەترو فرەوانتر کرد. لە ڕاستی‌دا ئەو لایەنە بە ئاشکرا هەوڵی داوە لەتکردنێك کە لە دوای کۆنگرەی سێزدەوە بە کردەوە بەسەر حیزبی دێموکراتی‌دا سەپاندوە، ڕەسمییەت پێ‌بداو ستراتیژیی لەمێژینەی خۆی سەبارەت بە پووچەڵکردنەوەی هەنگاوی "وەسەریەك کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" لە دوای کۆنگرەی دەیەم، پیادە بکا.

ئێستا ناچارین بەوپەڕی داخ‌و کەسەرەوە هەموو لایەك ئاگادار بکەین کە هەوڵ‌و تێکۆشانی ئێمە بۆ پاراستن یان باشتر بڵێین بۆ گێڕانەوەی یەکپارچەیی بۆ ڕیزەکانی تێکۆشەرانی دێموکرات گەیشتۆتە بنبەست‌و ئەگەر ئێمە نەمان‌توانیوە یەکڕیزی بەسەر لایەنی بەرامبەردا بسەپێنین، ئەوان توانیویانە لەتبوونی حیزب، حیزبێك کە بە فرمێسکی چاوو خوێنی دڵ‌و شەوو شەونخوونیی هەزاران تێکۆشەری شەهیدو بریندارو کەم ئەندام گەیشتۆتە ئەمڕۆ، بەسەر ئێمەدا بسەپێنن. لەو پێوەندی‌یەدا حەز دەکەین چەند مەسەلەی گرنگ‌و بەپەلە ڕابگەیەنین:

لاپەڕی ٢

## هێڵە گشتی‌یەکانی ڕێبازی ئێمە

هەروەك هاونیشتمانە بەڕێزەکان‌و دۆستانی گەلی کورد ئاگادارن دوای زیاتر لە دوو ساڵ قەیرانی تەشکیلاتی لە نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران داو پاش پتر لە چوارمانگ هەوڵ‌و تەقەلا بۆ گێڕانەوەی یەکپارچەیی بۆ ڕیزەکانی حیزب سەرەنجام بە پێچەوانەی ویستی خۆمان ملمان بۆ لەتبوونی حیزبی خۆشەویست‌و جێی متمانەی خەڵکی کوردستان ڕاکێشا. هەر وەك لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی ئەو ڕووداوە نادڵخوازەدا گوترا، کاری ئێمە دژایەتی لە گەڵ هاوسەنگەرانی پێشوومان نیەو ڕێگای خەباتگێڕانەمان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا درێژە دەدەین‌و، خەباتی ئێمەرووی تەنیا لە زەوتکەرانی ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستانە. لەو پێوەندی‌یەدا بە پێویست دەزانین بەشێك لە هێڵە گشتی‌یەکانی ڕێبازی سیاسی‌و بنەما تەشکیلاتی‌یەکانی خۆمان بخەینە بەرچاوی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان‌و هەموو دۆستانی گەلی کورد.

گومان لەوەدا نیە کە لە هێڵە بنەڕەتی‌یەکان دا ئێمە پەیڕەوی لەو بنەما تەشکیلاتی‌و سیاسی‌یانە دەکەین کە حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لە سەر دامەزراوەو بە دەستی ڕێبەرانی بە توانای وەك پێشەوا قازی محەممەدو دوکتور قاسملوو نەخشەیان بۆ کێشراوە. بەڵام هەروەك زۆر جاری دیکەش گوتوومانە حیزبی دیموکراتی کوردستان ئۆرگانیزمێکی زیندوویە کە دەبێ هەمیشە لە حاڵی گەشە کردن‌و ئاڵوگۆڕو پێشکەوتن دا بێ. پێویستە لە زۆر بواری سیاسی‌و دیپلۆماسی‌و تەشکیلاتی‌و هتددا ئاڵوگۆڕی پێویست پێك بێنین‌و حیزبەکەمان هەمیشە لە حاڵی گەشە کردن‌و نوێ بوونەوەدا ڕابگرین. کۆمەڵی کوردەواری‌و بە گشتی ئێران‌و ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست‌و جیهان گۆڕانی زۆر بنەڕەتی‌یان تێدا بەدی هاتوەو حیزبی دیموکراتی کوردستان تەنیا بە پشت بەستن بە شانازی‌یەکانی ڕابردووی ناتوانێ وەلامدەری بەرەی تازە پێگەیشتووی کۆمەڵی کوردەواری‌و پێداویستی‌یەکانی هەل‌و مەرجی تازەی خەبات بێ. دەبێ ئەوەش زیاد بکەین کە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ستراتیژی‌و تاکتیکی حیزب‌و بنەما فکری‌و تەشکیلاتی‌یەکان دا بە هیچ جۆر بێوەفایی بەرامبەر بە ڕێبەرانی شەهیدو ترازان لە ڕێبازی پیرۆزیان، ڕێبازی خەبات بۆ وەدەستهێنانی ماف‌و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان نیە.

لاپەڕی ٣

## لە پێشوازی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دا



سەرمایەی هەرە گەورەی حیزبی ئێمە، پشتیوانیی گەلی کوردە. پێشمەرگەش لە گەل جیا نیەو جیاش ناکرێتەوە. پێشمەرگە ڕۆڵەی خەڵکەو لە شەڕەف‌و ئازادیی خەڵك دیفاع دەکا. ڕازی تێك نەشکان‌و سەرکەوتوویی ئێمە، هەر لەوە دایە کە خەڵك‌و پێشمەرگە بە هۆی خۆی دەزانێ، دەباوەشی دەگرێ‌و دەی‌پارێزێ. بۆیە بەلای منەوە پێشمەرگەو خەڵك دوو لا نین‌و ناکرێ باسی یەکگرتوویی پێشمەرگەو خەڵك بکەین، بەڵام پێم خۆشە پێشمەرگە خۆشەویستەکان ئەوەندەیان لەبیر بێ کە چونکە تفەنگیان لەسەر شانە، نابێ خۆیان لە خەڵك بە زیاتر بزانن. ڕاستە پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە، بەڵام هێزی پێشمەرگە بۆ خزمەت بە گەل پێك هاتوە، هەرچی دەیکا دەبێ لەپێناوی خزمەت بە گەل دابێ، بۆیە پێشمەرگە دەبێ ئاکارو کردەوەی لەگەڵ خەڵك جوان بێ، هەمووکاتێك خۆی بە پارێزەری ناموس‌و ئازادیی خەڵك بزانێ، بۆ بیرو ڕاو سوننەتەکانی خەڵك ڕێز دانێ‌و هیچ کارێکی ئەوتۆ نابێ لە پێشمەرگە ڕوو بدا کە ببێتە هۆی ناڕەزامەندیی خەڵك. حیزبی دیموکرات حیزبی گەلی کوردە، پێشمەرگە حیزبیش دەبێ هەر پێشمەرگەی گەل بێ.


*ڕێبەری شەهیدمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو*
*گۆڤاری ٢٦ی سەرماوەز، ژمارە ١١، سەرماوەزی ١٣٦٦*

پێشمەرگە پارێزەری ئەمینی شەڕافەت‌و کەرامەتی خەڵکی کوردستان‌و گیانبەختکەری ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردە. پێشمەرگە ئەو ئینسانە بەنرخ‌و تێکۆشەرەیە کە ئازایانە گیانی لەسەر بەری دەستی داناوە تا لە ڕێی دێموکراسی‌و ڕزگاری‌دا بیکاتە قوربانی.

*هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵلا حەسەن زادە*
*"کوردستان"، ژمارە ١٥٦، سەرماوەزی ١٣٦٨ ـ وتاری "سڵاو لە پێشمەرگە ڕۆڵە فیداکاری گەل"*

## هاوڕێی تێکۆشەر، کاك عەلی مێهر پەروەر

# جێگای لەنێو دڵی هاوڕێ نزیکەکانی دایە



زۆر بەداخەوە ڕۆژی ٨٥/٩/١٦ (٢٠٠٦/١٢/٧) هاوڕێی بەوەج و تێکۆشەر کاك عەلی مێهرپەروەر ئەندامی دەفتەری سیاسی بە دەرکردنی ڕاگەیاندنێك بۆ "بیرو ڕای گشتی" وەك دژکردەوەیەك بەرامبەر بە لەتبوونی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران "ڕاگرتنی تێکۆشانی سیاسی"ی خۆی "لە چوارچێوەی حیزبایەتیدا" ڕاگەیاند.

ئێمە وێڕای ڕێزگرتن لە هەوڵ و تێکۆشانی چەندین ساڵەی کاك بابە عەلی لە ڕیزی پێشەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان دا و هەروەها سوپاس لە هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانەی بۆ پاراستنی یەکڕیزیی حیزب، ئەوپەڕی داخ و کەسەری خۆمان لەو بڕیارەی بەڕێزی ڕادەگەیەنین و ئاواتەخوازین ئەمە دوابڕیاری نەبێ و جارێکی دیکە ئەو هاوڕێ بە ئەزموونە لە تەنیشتی خۆمان ببینین. بەش بە حاڵی خۆمان بە ئەمانەت و سەداقەتەوە باوەشمان بۆ هاوخەباتی لەگەڵ کاك بابە عەلی ئاوەڵایە و بەوپەڕی خۆشحاڵی و شانازییەوە ئامادەین لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ڕێبەرایەتی حیزبدا کاری لەگەڵ بکەین.

هەر لەو پێوەندی‌یەش دا بێ ئەوەی ئیددعا بکەین کە ئێمە هیچ هەڵەیەکمان نەبووە، هەر کاك بابە عەلی، خۆی بە شاهید دەگرین کە ئێمە چەندەمان هەوڵ دا حیزبی دیمۆکرات تووشی لەتبوون نەبێ و ئەو بەڕێزەش چەندی هەوڵی بەرپرسانەدا کە بەداخەوە هیچ وەخت لایەنی بەرامبەرمان ڕووی خۆشی لەگەڵ نیشان نەدا و پەسندی نەکرد.

بەهەرحاڵ ئەو هاوڕێ خۆشەویستەمان لە هەر شوێنێك بێ و هەر هەڵوێستێك بگرێ، هەروەك خەباتگێڕێکی دڵسۆزی حیزبی دیمۆکرات و بزووتنەوەی میللی ـ دیمۆکراتیی خەڵکی کوردستانی دەناسین و جێگای لە نێو دڵی هاوڕێ نزیکەکانی دایە.

کومیتەی ناوەندیی
حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ـ ئێران
١٧/ ٩/ ١٣٨٥ (٨/ ١٢/ ٢٠٠٦)


١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکاری پێشڕەو ٢

بۆ مێژوو (سێ بەڵگەنامەی مێژوویی) ٤

ئەدەب و هونەر (چەپەیەك لە بێدەنگی‌دا، سوارچاك) ٦

دەسەڵاتداریێتیی خەڵك ٩

بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان ١٠

لە قامووسی فیمینیزم‌دا ١١

درێژەی لاپەڕی ١

## بەیاننامە

١ــــ هەڵوێســــتە سیاســــی‌یەکان‌و بنــــەما تەشـکیلاتی‌یەکانی ئێمـە کـە دیـاره ریشـەیان لـە سیاســـەت‌و هەڵوێســـت‌و بنـــەما فکـــری‌و تەشـــکیلاتی‌یەکانی حیـــزب دایـــەو لەگـــەڵ پێداویسـتی‌یەکانی هەلومـەرجی تـازەی خـەبات‌و ئاڵوگۆڕەکانی ئـەم سـەردەمە موتوربـە دەکـرێن، لـە دەرفـەتێکی دیکـەدا بـە ئاگـاداریی تێکۆشـەرانی حیزب‌و بیروڕای گشتی دەگەیەندرێن. مەبەست لـە دەرکردنـی ئـەم بەیاننامەیـە زۆرتـر ئەوەیـە کـە رابگەیەنین لەمڕۆ بەدواوە ئێمە تێکۆشـانی سیاسـی‌و تەشکیلاتیمان بە جیا لە قـۆڵی زۆرایـەتیی کومیتـەی ناوەنـدی درێـژە پـێ‌دەدەین‌و لـەو رێگایـەش‌دا بـە پشــتیوانیی ســەدان کــەس لــە باشــترین‌و بــە ئەزموونترین کادرو پێشمەرگەکان‌و هەزاران کەس لـە ئەندامــە دڵســۆزەکانی حیــزب لــە کوردســتان‌و دەرەوەی کوردستان پشت ئەستوورین.

٢ـ مل راکێشانمان بۆ لەتبوونی حیزب تـەنیا بـۆ ئەوەیــە کــە چــیدیکە توانــاو لێوەشــاوەیی تێکۆشـەرانی حیـزب بـە فـیڕۆ نەچـێ‌و سـەرفی گێروگرفتـی نێوخـۆیی نـەکرێ، بـەڵکوو هەوڵـەکان روویان پێ‌بکرێتە وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردسـتان‌و بەربـەرەکانی دژی دوژمنـانی مـاف‌و ئازادی‌یەکانی گەلی کـورد، نـەك قـۆڵ‌و لایەنـەکانی نێوحیزب. بۆیە بەرەسمی رادەگەیەنین کـە کـاری ئێمــە دژایــەتی‌و بەربــەرەکانیی سیاســی‌و تەبلیغاتی‌و .... دژی هاوسەنگەرەکانی پێشوومان نیەو لە هـیچ مەیـدانێکدا دەستپێشـخەر نـابین. ئاواتمـان ئەوەیـە لایـەنی بەرامبـەریش هـەر ئـەم هەڵوێســتە بگرێتەبــەرو رێگــا نــەدا دوژمنــانی بزووتنەوەی کورد پێمان خۆش بن‌و دۆستانمان نا ئومێدی دایان بگرێ.

٣ـ ئاشکرایە کە رێبەرایەتیی حیزبـی دیمـوکرات‌و بەشێکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکانی‌و بە سـەدان بنەماڵـەی تێکۆشـەرانی حیـزب، لـە کوردسـتانی عێــراق‌و لــە ژێــر ســێبەری حکوومــەتی هــەرێمی کوردسـتان‌دا دەژیـن، کـە لـە هـەموو کەمپـەکان‌دا بنەماڵەکان تێکەڵ‌و دراوسێی یـەکترن. ئـەم وەزعـە تا پێش کۆنگرەی سـێزدە زۆر سروشـتی‌و لـە دوای کـۆنگرەش تـا ئێسـتا بەهـەرحاڵ "قابـل تحمـل" بووە. بەڵام ئێستا ئیدی هـەموو شـتێك پێویسـتیی بە لێك جیاکردنەوە هەیە. لـەو پێوەندی‌یـەدا ئێمـە لە لایەنی بەرامبەر داوا دەکەین هاوکاری بکا تـا بـە شێوەیەکی شارستانیانەو بێ کێشەو ناخۆشی لێـك جیابینەوەو دوژمنان بە خۆمان خۆش نەکەین.

بـەڵام ئەگـەر بـە پێچـەوانەی ئـارەزووی ئێمـە ئـەوان مـل بـەو کـارە نـەدەن، سروشـتی‌یە کـە بەرپرسـایەتیی ئـەو کـارە دەکەوێتـە سـەر شـانی کاربەدەسـتانی هــەرێمی کوردســتان. هیــوادارین هــەم ســەرۆکایەتیی هــەرێمی کوردســتان، هــەم حکوومــەتی هــەرێم‌و هــەم دوو حیزبــی دۆســت‌و برامان پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان‌و یەکیـەتیی نیشتمانیی کوردستان بەرپرسـایەتیی نەتـەوەیی‌و ئەخلاقیی خۆیان لەو پێوەندی‌یـەدا بـەجێ بێـنن‌و هــەموو ئاواتمــان ئەوەیــە لــەم هــەل‌و مەرجــەی کوردسـتان‌و ئێـران‌و رۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـت‌دا کـە چاوەدێرە سیاسی‌یەکان ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسی لە ئێران‌و ناوچەکەدا پێش بینی دەکەن هـەموو لا جۆرێـك رەفتـار بکـەن کـە زەبـر لـە یەکیـەتیی ریزەکانی خەڵکی کوردستان نەدرێ‌و ئەگەر نەمان توانیوە لە نێو حیزبـی دێمـوکراتێکی یەکپارچـەدا هەوڵەکانمان وەسەریەك بخەین، رێگـای ئـەوە کـە لـە چوارچـێوەی هاوپەیمانی‌یـەکی کوردسـتانی‌دا پێکەوە کار بکەین بەربەست نەکرێ.

**سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب‌و گـەل‌و لــە ریــزی پێشــەوەیان‌دا قــازی ، قــاسملوو، شەرەفکەندی**

**سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ســەرکەوتن بــۆ بزووتنــەوەی میللــی - دیموکراتیکی گەلی کورد**

**کۆمەڵێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و کومیتەی ناوەندی‌و جێگران‌و موشاویرانی کومیتەی ناوەندیی**

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

**١٥/٩/ ١٣٨٥ی هەتاوی**

**٦/١٢/ ٢٠٠٦ی زایینی**

# ١٦ی سەرماوەز، رۆژی خوێندکاری پێشرەو

هێمن سەیدی — وەرگێڕان لە فارسی‌یەوە: عەلی بداغی

**پێویستە جێیان لە رێبەری جولاٌنەوەو رەوتە سیاسیەکان دا پیٌ بدریٌ و شیلەی مێشك و بیرو ئەندیشەیان لیٌ بگیریٌ و بەرهەمە فیکری یەکانیان بدرێتە کۆمەڵگا.**

**ئەوانیش دەبیٌ پتر لە رابردوو بە گرینگی رۆڵی بەرێوەبەری و رێبەریی خۆیان پیٌ بزانن و خۆیان بۆ ئەو ئەرکە مێژوویی یە ئامادە بکەن.**

پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی خوێنـدکارانی ئێـران لـە توێـژو لایـەنێکی تایبـەت لـە کۆمــەڵگا پێـك نـەهاتووە. ئەگەرچـی هــــەموو کاتێــــك ئیمکانــــات و ئاسانکاری‌یەکانی درێژە پێدانی خوێندن بۆ توێـژەکانی کـەم داهـات و شـکێنەری کۆمەڵگا بەرتەسکتر و پڕ ئاستەنگتر لـە توێژەکانی دیکە بـووە، بـەڵام رۆڵـەکانی ماندوو نەناسی زەحمەتکێشانی ئێرانیش توانیویانـە بـە پشـت بەسـتن بـە توانـای مێشـك و بـیر و هۆشـیان و هیممـەت و ئـەنگیزەی لێبڕاویـان، خۆیـان لـە ریـزی خوێندکاران دا ببیننەوە.

وەك یاسای وەرگرتنی خوێندکارانیش فیلتێرێکــی ئــەوتۆی چــینایەتی بــۆ وەرگـیران لـە زانکۆکـان دا نـەبووە و لـە زۆربــــەی قۆناغــــەکانی گوزینیشــــە نازانستییەکانیشـدا زۆربـەی سـەرنج و هــەوڵ و وردبوونــەکان لــە دەوروبــەری چـەمکە سیاسـی و ئیدئۆلۆژی‌یـەکان دا خولاونەتــەوە. بۆیــە دەکــرێ بگــوترێ ئەگەرچـی بـۆ وەرگرتنـی کەسـانێکی تایبــــەت کــــە مــــۆرکی سیاســــی و ئیـدئۆلۆژیکی یـان پێـوە دیـار بـوە، ئاسـتەنگ و گیروگرفتیـان دەخوڵقانـد، بەڵام دیسانەکەش کۆمـەڵی خوێنـدکارانی ئێران دەتـوانن نمـاو هێلکـاریی توێـژ و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێران بن.

کۆمــەڵگای ئێــران لــە دەســپێکی شۆڕشی مەشروتەرا تا ئێستاو لە هـەموو ســەد ســاڵی رابــردوودا کۆمەڵگایــەکی سیاسـی و هـەوگرتوو بـووە. هـەر سـێ دەسەڵاتداری‌یەکانی قاجار و پەهلەوی و کۆمــاری ئیســلامی بــە بــەرێوەبردنی سیاســـەتە تۆتالیتـــاری یـــەکانیان دژکردەوەیـــەکی لـــە چەشـــنی بەگـــژدا چـوونانەوەیان بەسـەر خـەڵکی ئێرانـدا سەپاندووە و خـەڵکی ئێرانیش هـەردەم بە مەبەستی شکاندن و رەواندنـەوەی کەشـی سـەرکوت و زەبـرو زەنـگ لـەم خەباتـــەدا شـــێلگیرتر بـــوون. وێـــرای بزوتنـــەوە سیاســـی و کۆمەڵایەتیـــەکان،

بزاڤـی خوێنـدکارانیش بـە روومایەیـەکی مــۆدێرنتر و کــارکردێکی رادیکــاڵتر لــە بەرامبـەر دیکتاتۆرەکـانی دەسـەڵاتداردا راوەستاوە و لێبڕاوانە دژی وەستاوە. لە دوای ســەرکووتی خوێنــاوی بزوتنــەوە گەلی‌یەکــەی ســەردەمی موســەدیق دا هێشـــتا بلێســـەکانی ئـــاگری ئـــەم بزوتنەوەیــە لــە زانکۆکــانی ئێرانــدا دەگەشاوە کە لەگەڵ سـەفەری کتـوپڕی سەرۆك کۆمـاری ئـەو کـاتی ئـەمریکا بـۆ ئێـران ئـەم بلێسـەیە پـەرەی سـەند و ڕاپـەرینێکی خوێنـدکاریی لـە زانکـۆی تاران دا لیٌ کەوتەوە. بەڵام هـەر هـەمان چارەنووســێك کــە بەســەر بزوتنــەوە گەلی‌یەکـەی سـالێك لەمەوبـەر هـاتبوو و گەڕانـەوەی دیکتـاتۆریی پەهلـەویی لـیٌ کەوتبۆوە، هـەر ئـەو چارەنووسـەش بـۆ بزوتنەوەی خوێندکاری دووپـات بـۆوە و لە ١٦ی سەرماوەزدا تراژیدیی لـە خـوێن وەردانی زانکۆی تـاران و شـەهید بـوونی ٣ خوێنـدکاری نـەمر، جـارێکی دیکـەش هاوریشــــەیی بزوتنــــەوەی گــــەلی و خوێندکاری دەرخست.

شـەهیدەکانی ئـەو رۆژە لـە توێـژێکی تایبەتی کۆمەڵگا یـان تەنانـەت سـەر بـە بیرێکــی سیاســیی تایبــەت نــەبوون‌و دەتــوانین مەزلوومییــەتی ئــەوان وەك زمانحـاڵی سـەرکوتی بـیری سیاسـی ئازادیخوازنــەی ئــەم ســەردەمە بــاس بکەین.

لـە دوای ئـەو سـەردەمەش و لـە زۆر قۆناغی دیکەش دا راپەرینەگەلی‌یەکان لە فۆرمێکی سەردەمیانە و ئەورۆیی دا و لە زانکۆکاندا سەریان هەڵداوەتەوە. جارێك لە بژاردەکان را بۆ خەڵکی و جـاری واش لە خەڵکی بەشمەینەت و وەزاڵـەهاتوو را بـۆ خوێنـدکارانی فـام کـردووی ئـێش و ئـازار ئـەو گۆرینـەوەو لێـك تێگەیشـتن‌و هاوخەباتی‌یە بەردەوام لە ئارادا بووە.

هاوکاتی بزوتنـەوەی سـاڵەکانی ٤٦ و ٤٧ ی کوردســتان لــە گــەڵ پێکهــاتنی رێکخـراوە خوێندکارییـەکانی رمێنـەر و رووخێنــــەر، هاوخــــەباتی راپــــەڕینی "ســـیاهکل" لـــە گـــەڵ چـــالاکییە نەهێنیـــــــەکانی رێکخـــــــراوە خوێندکاری‌یـەکانی چـەکدار، پێکهـاتنی کۆنفدراسـیۆنی خوێنـدکاریی هەڵسـوورە سیاسـیەکانی دەرەوەی ولاٌت، هاوکـات چـوونە تاراوگـەی خـەباتی ئاشـکرا لـە دەیەی ٥٠دا و گەیشتنە تەشقی شۆڕشی گەلی ساڵی ١٣٥٧ و بوونی زانکۆکان لەو ساڵانەدا وەك یەکـەم خـاکریز نموونـەی بەرچاوی ئەم هاورێیـەتی و هـاودەنگی و هاوخەباتی یەی توێژە جۆراوجۆرەکـانی کۆمەڵگامان لە گـەڵ تـەیفی بـژاردەکانی هەمان توێژەکان بۆ دەردەخا.

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش ئـەو پێوەنـدی یە نەپچـڕاوەو ئێسـتاش هـەر درێژەی هەیە. بەڵام لـەو نێـوەدا فـۆرمی بزوتنەوە گەلی‌یەکان لە ئاستی جیهانیـدا گۆرانی بەر چاوی بە خـۆوە بینیـوە کـە لەسەر هاوکێشەی سیاسیەکانی ئێرانیش کاریگەری خۆی دەبیٌ.

ئێســـتا بـــژاردەکان و کەســـانی هەڵکەوتوو رۆژ بە رۆژ زیاتر لە شکڵگیری بزاڤــە فیکــری یــەکان و رێکخســتنی جولاٌنــەوە کۆمەڵایــەتی یەکانــدا ڕۆڵ دەبینن.

هــەر چــۆن قۆناغــەکانی راســان و بـازدانی مەدەنیـەتی مـرۆڤ لەسـەرەتادا پشت ئەستوور بە هێزی باسك و مەچەك بوو و پاشان پێوەندیی بـە رادەی ماتریـال و ماددە خاوەکان پەیدا کرد و ئیستاش بە نیســبەت خەســتایی نــویٌ بــوونی بــیرو ئەندیشە لـە پرۆگرامـەکانی دارێـژراو دا لـە یەکتر جویٌ دەکرێنـەوە، بزاڤـە سیاسـی و بەرنامـــــە رێفۆرمیســـــتی یـــــە کۆمەڵایەتیەکانیش پتر لە جاران بـە بـیری داهێنــەر و رێوشــوێنە لــۆژیکی یــەکان بەسراونەتەوە.

جاری وایە مودیرییەتی باش لە قەیراندا دەتـوانیٌ کاریگـەری لەسـەر چارەنووسـی هــەزاران مرۆڤــی هەڵســوور لــە گۆرەپــانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی دا هەبیٌ. گـۆڕینێکی مەنتیقی لە شێوە و فۆرمی داوا و دروشمی ســـتراتیژیکی بزوتنەوەیـــەکی گـــەلیش دەتــوانیٌ ئاکــامی یــەکجار باشــی لــیٌ بکەوێتـــەوە. پێـــدا چـــوونەوە بەســـەر تـــاکتیکێکی بـــاو و ئاشـــکرا کـــراو و دارشـتنەوەی لـە فـۆرمێکی نـویٌ دا ـ کـە هەڵبـەت کـارێکی زانسـتی و لـە ئەسـتۆی بژاردەکانـە ـ دەتـوانیٌ ڕۆڵـی کاتـاڵیزۆر و خێراکەر لە بزوتنەوەیەکی گەلیدا بگێریٌ و بە پێچـەوانەش هەڵـەکانی بـژاردەکان یـان لیدێری جولاٌنەوەیەك دەتوانیٌ خەسارێکی یـەکجار زۆرتـری لـە چـاو پێشـوو لـیٌ بکەوێتەوە.

خوێندکارانی، ئێران، بژاردەکانی ئێرانن و پێگـەی خۆیـان لـە کۆمـەڵگای روو لـە گەشە و تەژی لە وزەی ئێراندا دیتۆتـەوە. دەبیٌ رێگـەیان لەبـەردەم ئاواڵـە بکـریٌ و دەرفەتی پێشرەوی‌یان پیٌ بدریٌ.

پێویستە جێیان لە رێبـەری جولاٌنـەوەو رەوتە سیاسیەکان دا پیٌ بدریٌ و شیلەی مێشـك و بـیرو ئەندیشـەیان لـیٌ بگـیریٌ و بەرهەمە فیکری یەکانیان بدرێتە کۆمەڵگا.

ئــەوانیش دەبــیٌ پــتر لــە رابــردوو بــە گرینگــی رۆڵــی بەرێوەبــەری و رێبــەریی خۆیان پیٌ بـزانن و خۆیـان بـۆ ئـەو ئەرکـە مێژوویی یە ئامادە بکەن.

ســلاٌو لــە پێشــرەوانی بزوتنــەوەی خوێنـــدکاری و درێـــژەدەرانی رێگـــای خوێنـــدکارانی شـــەهید و نـــەمرانی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢




**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیمۆکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە

راستی‌یەکەی ئەوەیە کە حیزبی دیموکرات لە زۆر بارەوە پێویستیی بە نوێبوونەوەو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی هەیە، لە قەوارەی تەشکیلاتی‌دا، لە پێوەندی‌یە تەشکیلاتی‌یەکانی نێوان کادری ڕێبەری‌و ڕێکخراوەکانی‌دا، لە داڕشتنی بەرنامەو ئامانجە دوورو ستراتیژی‌یەکانی‌داو لە پێوەندی‌یە سیاسی‌و دیپلۆماسی‌یەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆی‌داو، لە زۆر روانگەو بۆچوونی خۆی بۆ دنیای دەوروبەری‌دا بەجێ‌و پێویستە بەخۆی‌دا بچێتەوەو ئاڵوگۆڕ پێك بێنێ. چونکە ئەگەر ئەو کارە نەکا هیچ دوور نیە ئۆگران‌و لایەنگرانی کە تا ئێرەش زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێك دێنن، لە دەوری لابچن‌و لە فکری دۆزینەوەی حیزبی دڵخوازی خۆیان دا بن. ئاڵوگۆڕپێکهێنان بە تایبەتی بۆ راکێشانی متمانەی بەرەی خوێندەوارو تازە پێگەیشتووی کۆمەڵ یەکجار پێویست‌و حەیاتی‌یە. بەڵام شتێکی ئاشکرایە کە ئاڵوگۆڕی تەواوو هەموولاگر لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا بە پێی پرەنسیپە حیزبی‌و تەشکیلاتی‌یەکان تەنیا لە سەلاحیەتی کۆنگرەدایە. بەو پێیە ئەوەی دەکرێ لە ئێستاوە ئاڵوگۆڕی تێدا پێك بێنین تەنیا ئەو شتانەن کە لە چوارچێوەی ئەسڵەکانی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب دا دەگونجێن‌و لە ناتەبایی دانین. لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕی گشتگیردا هەر ئەوندەمان پێ‌دەکرێ کە خۆمان بەرامبەر زەمینەسازکردن بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە لەکۆنگرە دا بە بەرعۆدە دابنێین‌و هەموو هەوڵەکانیشمان بۆ پێکهێنانی کۆنگرە لە زووترین دەرفەتی گونجاودا بخەینەگەڕ. بەو پێیە ئەوەی لەم دەفەرتەدا دەتوانین خۆمانی لە بەرامبەردا بەبەرپرس بزانین لەم هێڵە گشتی‌یانەدا خۆی دەنوێنی:

**ـ بە مێعیارو میکانیزمە کۆنەکان لاوانی زاناو خوێندەوارو ڕووناکبیر بە زەحمەت دەتوانن خۆیان لە ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب دا ببیننەوە. کەوایە، دەبێ میکانیزمێك بدۆزرێتەوە کە لە ئەزموونی ئەندامە کۆنەکارەکان‌و لێوەشاویی ئەندامە لاوو خوێندەوارو شارەزاکان پێکەوەو لە پەنای یەك کەلك وەرگیرێ‌و ئەم دوو بەشە ببنە تەواوکەری یەکتر.**

## أ: لە نێو ریزەکانی حیزب دا ئەم پرەنسیپانە بەڕێوە دەبرێن:

ـ ئازادیی رادەربڕین لە کۆبوونەوە حیزبی‌یەکاندا (چ کۆبوونەوەی ئۆرگان‌و چ کۆبوونەوەی بەربڵاوتر)و هەروەها لە بڵاوکراوەی نێوخۆیی حیزب دا بۆ هەموو ئەندامانی حیزب مسۆگەر دەکرێ. هەروەك لە بڕیارنامەی کۆنگرەی دوازدەدا هاتوە هەموو کەس هەقی هەیە لەسەر هەرکام لە روانگەو سیاسەتەکانی حیزب تەنانەت لە سەر دروشمە ستراتیژی‌و ئامانجە درێژخایەنەکان‌و لە سەر هەر کەس‌و ئۆرگانێك نەزەرێکی هەیە دەری ببڕێ، تەنیا بەو مەرجە کە دەرفەت بە بیروڕای بەرامبەر بداو لە بەکارهێنانی وشەو زاراوەی ئەوتۆ کە هەستی هاوڕێیان بریندار بکا یان بێ‌حورمەتی بە کەسێك بێ، خۆبپارێزێ. لە سەر ئۆرگانەکانی حیزبە هەر کەس ئەو ئازادی‌یە بەرتەسك بکاتەوە یان پێشی پێ‌بگرێ، بخاتە ژێر لێپرسینەوەو سزای حیزبیی بۆ دیاری بکا.

ـ ئەم حیزبە ئی هەموانەو بە هەموانەوە جوانە. کەوابوو دەبێ لە تەواوی توانا و لێوەشاوەیی‌یەکان بێ‌لەبەرچاوگرتنی هیچ چەشنە جیاوازی‌یەکی جینسی، تەمەنی، ناوچەیی، ئایینی‌و هی دیکە بە قازانجی بەرەوپێشبردنی کاروباری حیزبی کەلك وەرگیرێ‌و دەرفەرتی وەك یەکی پێشکەوتن‌و چوونەسەر بۆ هەموان بڕەخسێندرێ.

ـ سەرەڕۆیی‌و تەکڕەوی لە حیزب دا جێگای نیە. دەبێ لە ئەقڵی بە کۆمەڵی هەموو ئەندامانی ڕێبەری‌و هەموو ئەندامانی بە توانای حیزبی هەرکامیان بە پێی میکانیزمی گونجاوی خۆیان کەلك وەرگیرێ.

ـ سیاسەت‌و هەڵوێستەکاتەکانمان بنەمای روون‌و قائیمی تیئۆریکیان هەبێ. باوەرمان بە قەدری‌زانست‌وقەڵەم هەیەو بۆ بەرەوژووربردنی پلەی خوێندەواریی تێکۆشەرانی حیزب یارمەتیدەر دەبین.

ـ حیزبی دیموکرات دەبێ هەم بە سینگ ئاوەڵایی‌یەوە گوێ بۆ رەخنەو گازندەکانی خەڵك شل بکاو هەم حازربێ بە چاوی رەخنەگرانەوە رابردووی خۆی بخوێنەتەوەو چاوی پێ‌دابخشێنێتەوە. هەر لەو پێوەندییەدا باوەڕمان بە گونجاندنی ئەدەبیاتی سیاسی‌و شێوەی ئاخاوتنمان لەگەڵ رۆحی سەردەم هەیە.

ـ راستی‌یەکی زەق‌و حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە نەخشی ژنان‌و بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبەریی کاروباری حیزبی‌دا لە کۆنەوە تا ئێستا یەکجار کەم‌و ناتەواو بووە. بۆیە پێویستە هەر لە ئێستاوە میکانیزمێك دابنرێ‌و پیادە بکرێ کە بەشداریی ژنان لە رەدە جۆراوجۆرەکانی ڕێبەری‌دا مسۆگەر بکاو بەردەوامیش پەرەی پێ‌بدا.

ـ بە مێعیارو میکانیزمە کۆنەکان لاوانی زاناو خوێندەوارو ڕووناکبیر بە زەحمەت دەتوانن خۆیان لە ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب دا ببیننەوە. کەوایە، دەبێ میکانیزمێك بدۆزرێتەوە کە لە ئەزموونی ئەندامە کۆنەکارەکان‌و لێوەشاویی ئەندامە لاوو خوێندەوارو شارەزاکان پێکەوەو لە پەنای یەك کەلك وەرگیرێ‌و ئەم دوو بەشە ببنە تەواوکەری یەکتر.

ـ ڕێگا بۆ گەشەکردنی توانا و لێوەشاوەیی‌یەکان هەموار دەکرێ‌و دەرەتانی پێشکەوتن‌و داهێنان بە هەموو کەس دەدرێ‌و تەنانەت بە پێی توانا کۆمەگیشیان پێ‌دەکرێ.

ـ ڕێکخراو لە تاکەکان پێك دێ. کەوایە هەموو تاکەکان دەبێ خاوەنی کەسایەتی‌و بیروبۆچوونی تایبەتی‌و ئازادیی دەربڕینی نەزەراتی خۆیان بن‌و تەنیا ئەو کاتە پێش بە ئازادیی تاك دەگیرێ کە ئازادیی تاکێکی دیکە یان قازانجی گشتی‌و پرەنسیپە گشتی‌یەکان پێشێل بکا.

ـ هەوڵ دەدرێ هەموو تێکۆشەرانی حیزب کە بە هەر هۆیەك دوور کەوتوونەوەو، هەروەها کەسایەتی‌یە کوردە سەربەخۆیەکان بە تایبەتی لە دنیای دەرەوە بۆ هاوکاری بانگهێشتن بکرێن‌و ئەوانەش کە ناتوانن یان نایانهەوێ لە چوارچێوەی ڕێکخراودا کار بکەن لە هالەیەکی گەورەترلە حیزبداو بۆ ئامانجێکی بەرینتر لە ئامانجی حیزبی ڕێك بخرێن.

## ب: هەڵوێست بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران:

ـ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکی دژی ئازادی‌و دوژمن بە ماف‌و ئازادی‌یەکانی گەلی کوردو هەموو خەڵکی ئێرانەو خەباتمان بۆ لەسەرکار لابردنی‌و، هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی گەلی‌و دێموکرات‌و دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵی لە ئێران دا درێژە دەدەین.

ـ سیاسەتی خۆچەکدارکردنی ڕێژیم‌و بە تایبەتی هەوڵەکانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی کە خەریکە گەلانی ئێران لەگەڵ گەمارۆی نێونەتەوەیی‌و گیروگرفتی زیاتری ئابووری‌و سیاسی بەرەوروو بکا بە توندی مەحکووم دەکەین.

ـ تیرۆریزم‌و تیرۆریست پەروەری کە بۆتە ناسنامەی کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتێکی دژی گەلی‌و دژی ئینسانی دەزانین.

ـ دوژمنایەتیی رەوتی ئاشتیی جیهانی‌و دەستێوەردانی کاروباری وڵاتان لە لایەن ڕێژیمەوە بە تەواوی مەحکووم دەکەین.

ـ خەباتی ئاشتیخوازانە بۆ گۆڕینی ڕێژیم‌و دابینکردنی ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستان بە باشترین شێوەی خەبات دەزانین، بەڵام کەلکوەرگرتن لە هیچ شێوەیەکی خەبات کە بە پێی هەلومەرجی تێکۆشان بە پێویست دابنرێ، رەت ناکەینەوە.

## ج: روانینمان بۆ مەسەلەی کوردو هەڵوێستمان بەرامبەر بە هێزە کوردستانی‌یەکان:

ـ هەموو حیزب‌و ڕێکخراوە ناسراوو سەربەخۆیەکانی کوردستانی ئێران بە دۆست‌و هاوخەباتی خۆمان دەزانین‌و هەوڵەکانمان بۆ زیاتر لێك نزیك بوونەوەیان تا گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش بەکار دێنین. پێکهێنانی هاوپەیمانەتی‌یەکی کوردستانی لە ژێر هەر ناوێك دا بە ئەرکێکی هەنووکەیی‌و داخوازێکی کۆمەڵانی خەڵك دەزانین‌و لەو پێناوەدا لە هیچ تێکۆشانێك دریغی ناکەین.

ـ هەڵوێستمان لە بەرامبەر ئەو تەشەکولاتە سیاسی‌و فەرهەنگی‌وسینفییانەی نێوخۆی وڵات کە بە شێوەی قانوونی کارو تێکۆشانیان هەیە، بە متمانەی خەڵك بەوان‌و هەروەها بە سەداقەت‌و شێلگیرییان لە بردنە پێشی مەسەلەی دیموکراسی‌و مافی نەتەوایەتی‌دا بەستراوەتەوە.

ـ هێزە کوردستانی‌یەکانی دەرەوەی ئێران بە گشتی وەك برا سەیر دەکەین‌و تێ‌دەکۆشین پێوەندیمان لەگەڵیان رۆژ بە رۆژ پتەوتر بکەین. لەو نێوەدا دوو حیزبی گەورەی کوردستانی عێراق: پارتی دیموکراتی کوردستان‌و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان جێگایەکی تایبەتی‌یان هەیە.

ـ چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراق لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵی‌دا بە دەسکەوتێك بۆ هەموو کورد دەزانین‌و هیوادارین ببێتە نموونەیەك بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا. ئێمە بە دڵەوە پشتیوانی لەو ئەزموونە دەکەین‌و ئەوەی لە دەستمان دێ بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە دیموکراتی‌یە تەنەخیی لێ‌ناکەین.

ـ لەگەڵ جۆراوجۆریی هەلومەرجی خەبات لە هەر بەشێکی کوردستان دا پێمان وایە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکان دا خاڵی هاوبەش‌و ئامانجی هاوبەشی زۆرن‌و دەکرێ‌و پێویستە هاوکاری‌و هاوخەباتی‌یەك لە نێو هەموو بەشەکانی ئەو بزووتنەوەیەدا پێك بێ‌و ریزە ئامانجێکی درێژخایەن دیاری بکرێ کە هەموو لایەنەکان پێیان پابەند بن‌و لە پێناویان دا تێ‌بکۆشن. بەتایبەتی پێویستە هەلومەرجێك بخولقێندرێ کە لە دنیای دەرەوەدا کورد بە یەك زمان قسە بکاو بۆ وەرگرتنی ستاتووی چاوەدێر لە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکاندا هەوڵ بدرێ.

ـ کوردستان یەك وڵاتەو کورد یەك نەتەوەیە، دابەش کراون. بۆیە پێویستە ترس لە تۆمەتی جوداییخوازی بشکێندرێ‌و نەك هەر زەمینەی فکری بۆ یەك کەوتنەوەی خاك‌و نەتەوە لە دوارۆژدا بڕەخسێندرێ، بەڵکوو لە باری سیاسی‌و دیپلۆماسییشەوە کاری بۆ بکرێ‌و پشتیوانیی بۆ رابکێشرێ.

ئێمە لە ناکۆکی‌و کێشەی نێوان هێزە کوردستانی‌یەکان دا (لە هەر کوێ روویدا) بێ‌لایەنین‌و تەنیا کار کە لەو جۆرە حاڵەتانەدا هەق بە خۆمان دەدەین بیکەین هەوڵدان بۆ لێك نزیك کردنەوەی لایەنەکان‌و کۆمەك بە چارەسەری گیروگرفتەکانە.

## د: هەڵوێست بەرامبەر هێزە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران:

ـ هەموو ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کە باوەڕیان بە ئازادی‌و دیموکراسی‌و مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران هەیە، بە دۆست‌و هاوپەیمانی خۆمان دەزانین‌و بۆ هاوکاری لەگەڵ کردنیان ئامادەین. بە چەشنێکی گشتییش هیچ هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە نەیاری خۆمان نازانین.

ـ ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی سەر بە گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە خۆمان بە نزیك دەزانین‌و هەوڵ دەدەین پێوەندیی هاوکاری‌و هاوخەباتیمان لەگەڵیان پتەوتر بکەین. لەو بارەیەوە ئەندامانی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" وەك هاوپەیمان سەیر دەکەین.

## هـ: هەڵوێست بەرامبەر دەوڵەتانی دراوسێ:

ـ خەباتی ئێمە رووی لە دیکتاتۆری لە ئێران دایە، هەقی هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی کاروباری وڵاتانی دراوسێ بە خۆمان نادەین‌و باوەڕمان بە پێوەندیی دۆستانەو ئاشتیخوازانەی نێوان وڵاتانی دراوسێ هەیە.

ـ پشتیوانیی ئوسوولی لە داخوازە رەواکانی گەلی کورد لە وڵاتانی دراوسێ‌دا بێ دەستێوەردانی کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتانە بە هەقی خۆمان دەزانین‌و ئەمە دژایەتی‌یەکی لەگەڵ پێوەندیی دۆستانەی ئێمەو ئەو وڵاتانە دا نیە، هەروەك رابردووی دەیان ساڵەی پێوەندی‌یەکانی حیزبی دیموکرات نیشانی داوە.

ـ پێوندی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بە هیچ جۆر نابێ بە زیانی گەلی کورد لەو وڵاتانە یان دانیشتووانی غەیرە کوردی وڵاتانی دراوسێ تەواو بێ.

## و: هەڵوێست بەرامبەر بە دنیای دەرەوە:

ـ ڕێز لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی لایەنگری ئاشتی‌و ئازادی دەگرین‌و خۆمان بەرامبەر بە پەیماننامەکانیان لە پێناوی پاراستنی ئاشتی‌و دادپەروەری‌و مافی مرۆڤ دا بە پابەند دەزانین.

ـ کۆڕو کۆمەڵە جیهانی‌و ناوچەیی‌یەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ بە دۆست‌و پشتیوانی خۆمان دەزانین‌و تێ‌دەکۆشین پێوەندیی پتەوو بەردەوامیان لەگەڵیان هەبێ.

ـ ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست وەك بنەماڵەی گەورەی خۆمان سەیر دەکەین‌و هەوڵ دەدەین پلەی ئەندامەتیی حیزب لەو ڕێکخراوەدا بەرینەسەر.

ـ حیزب‌و ڕێکخراوە ئازادیخوازو پێشکەوتووەکان لە هەموو جیهان دا وەك دۆستی خۆمان دەناسین‌و تێ‌دەکۆشین پێوندیی بەردەوامیان لەگەڵیان هەبێ.

ـ ئێمە لایەنگری گولۆبالیزمێکین کە لەودا بایەخەکانی ئاشتی‌و ئازادی‌و دیموکراسی، یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان‌و گەلان، گەشەکردنی پایەدار، پاراستنی ژینگەو موشارەکەتی نیهادەکانی کۆمەڵی مەدەنی وەبەرچاو گیرابن.

ـ بەدروست و تەنانەت بە پێویستیش دەزانین لەگەڵ دەوڵەتانی لایەنگری دیموکراسی بێ لە دەستدانی سەربەخۆیی سیاسیمان پێوندی دامەزرێنین‌و بە قازانجی دیموکراسی‌و دابینکردنی مافی نەتەوایەتی کەلکی لێ‌وەرگرین.

ـ لایەنگری ئاشتی‌و ئازادی‌و چارەسەری گیروگرفتەکان لە رێگای ئاشتی‌و دیالۆگەوەین.

ـ گەلانی زۆرلێکراو لە هەر کوێ بن بە هاودەردی خۆمان دەزانین‌و پشتیوانی لە مافە رەواکانیان‌و یەك لەوان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بە دەستی خۆیان دەکەین.

ـ لەو شەڕو بەربەرەکانی‌یەدا کە لە نێوان مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو لە لایەك‌و نەیارانی دیموکراسی‌و پێشکەوتن لە لایەکی دیکە لە ئارادایە، خۆمان لە بەرەی ئازادی‌و دیموکراسی‌و پێشکەوتن دا دەبینین‌و تیرۆریزم لە هەموو شێوەکان دا (کۆن‌و نوێ‌و دەوڵەتی‌و نادەوڵەتی) لە هەر کوێ‌و بە دەستی هەر کەس‌و دژی هەر کەس مەحکووم دەکەین.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران**
**١٣٨٥/٩/١٨**
**٢٠٠٦/١٢/٩**

# بۆ مێژوو

لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا سێ بەڵگەنامە دەخەینەڕوو کە هەر کام لەوان جێگایەکی تایبەتیان لە ڕەوتی ئەو هەوڵانەدا هەیە کە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دیمۆکرات بە مەبەستی گەڕاندنەوەی یەکڕیزی بۆ نێو حیزب بە تایبەت لە ماوەی پتر لە چوارمانگی مانگی ڕابردوودا دەستی پێ کرد بوو و، سەرئەنجام لە ئاکامی پاوانخوازی و سووربوونی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی لە سەر یەکدەستکردنی حیزب بە ئاکام نەگەیشتن. دیارە هەوڵەکانو بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بەو کێشە نێوخۆییە زۆرن، بەڵام تەنیا ئاماژە بەم سێ بەڵگەنامەیە دەکەین:

یەکەم بەڵگەنامە بە دوای پێشەکییەک ئەو ڕیزە داخوازانەی تێدان کە ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆ بەرەو ڕووی سکرتێری گشتی و زۆرینەی کومیتەی ناوەندیی کردوونەوە.

دووهەم بەڵگەنامە، چڵەپۆپەی ئامادەیی و زەرفییەتی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی! بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی حیزب نیشان دەدا کە بەداخەوە شتێك نین جگە لە شێواندنی ڕاستییەکان و خۆبواردن لە قەبووڵی ماف و دەرفەتی وەك یەك بۆ هەموو ئەندامانی حیزب. دیارە پەنابردنی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی بۆ ڕیزکردنی ئەم ڕیزە پێشنیارانەش، لە ژێر تەوژمی ناڕەزایەتیی نێوخۆییدا، پاش ڕەتکردنەوەی هەوڵی لایەن و کەسایەتییەکانی دۆست و دڵسۆزی حیزبی دیمۆکرات بۆ لێك نزیككردنەوە، ئەویش نەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵکوو بۆ بە لاڕێدا بردنی بیروڕای گشتی و بەکارهێنانی وەك بەرگەیەکی تەبلیغاتی بوو.

سێهەم بەڵگەنامەش، وەڵامی ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆی حیزبی دیمۆکرات بەو پێشنیارە ١٧خاڵییەی زۆرینەی کومیتەی ناوەندییە. وردبوونەوەیەك لە نێوەڕۆکی ئەم سێ بەڵگەنامەیە دەری دەخا کە بەرپرسایەتیی مێژوویی لەتبوونی حیزبی دیمۆکرات لە ئەستۆی ئەوانەیە کە حیزبی دیمۆکراتیان نەك بە حیزبی هەموو تێکۆشەران و ئەندامان، بەڵکوو بە ملکی پاوانکراوی خۆیانی دەزانی.

## نامەی ١٣٨٥/٥/٧ی ئۆپوزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ زۆرینەی کومیتەی ناوەندی

**هاوڕێیانی بەڕێز سکرتێری گشتی و زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی**

**_وێڕای سڵاو_**

**لە حاڵێك دا زۆر لە چاودێرە سیاسییەکان پێیان وایە ئالوگۆڕی سیاسی لە وڵاتەکەمان دا بەڕێوەیە، لە کاتێك دا کوردستان لە حاڵەتێکی باشی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی دایە و لە کاتێك دا زۆربەی دڵسۆزانی کورد چاویان لە هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بڕیوە، حیزبەکەمان دوچاری وەزعێك بووە کە تەنیا دوژمنانی کورد ئاواتی بۆ دەخوازن. ئەندامانی ئەم حیزبە لە سەرێ بۆ خوارێ لە چاوی زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندییەوە بە مەحرەم و نامەحرەم و خودی و ناخودی و زۆر شتی لەوە خراپتر دابەش کراون. زۆر لە کادر و تێکۆشەرە لەمێژینەکان لە پەراوێز خراون و لەوان بەرەوژێرتریش بە دەیان و سەدان کەس ئەگەریش بیانوویەکی ڕواڵەتی یان بۆ تاشرابێ، تەنیا بە تاوانی جیابیری تەنگیان پێ هەڵچنراوە، بێر و بەوێ دا دراون، زیندانی و تەوبیخ و تەعلیق و تەنانەت دەرکراون و بەم جۆرە لە یەك قسەدا حیزبی دێموکرات لە کاتێك دا کە لە هەموو دەورانێك پتر پێویستیی بە کەلك وەرگرتن لە هەموو تواناکانی هەیە، لە بەشێکی زۆر بەوەجی توانای فکری و جسمیی کادر و ئەندامان و تەنانەت ڕێبەرانی بێ بەش کراوە.**

**کەلك وەرنەگرتن لە نەزەری گشتی و(خرد جمعی)، خۆ بێنیاز دیتن لە بیرو ڕاوێژی هاوڕێیان و تەنانەت زۆر جار ئەندامانی پلەی هەرە سەرووی ڕێبەرایەتییش وای کردوە کە حیزبەکەمان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا تووشی زۆر هەڵەو لاوازیی سیاسی بێ و متمانەی بەشێکی زۆر لە هاونیشتمانان بە تایبەتی ڕووناکبیرانی نێوخۆی وڵات لەدەست بدا. قۆڵی دەسەڵاتداری کۆمیتەی ناوەندی زۆر جار هەم پێش کۆنگرەی١٣ و هەم دواتر بۆ ڕاکێشانی نەزەری ئەندامانی حیزب پەنای بۆ دروشم و وادە و بەڵێنی ناواقیعی و کورت خایەن بردوە، هەر بۆیە دەبینین لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو دا زیاتر لە ٣٠٠ کەس ڕیزەکانی کادر و پێشمەرگەیان بەجێهێشتوە کە زۆربەشیان سەر بە قۆڵی دەسەڵاتبەدەستی کۆمیتەی ناوەندی بوون و هۆی ڕۆیشتنیشیان زۆرتر دڵساردی و هەست کردن بە وەعدە بە خیلافی بووە.**

**لە هەمووی تاڵتر ئەوەیە کە قۆڵی دەسەڵاتبەدەستی کۆمیتەی ناوەندی لە عالەمی خۆی دا پێی وایە حیزب لە عەسرێکی تەلایی دا دەژی، غەڵەت لە کاری دا نیەو دوچاری هیچ گیروگرفتێك نەبۆتەوە. لە حاڵێك دا زۆربەی زۆری هەوڵ و تێکۆشانی بەکاری جەناحییەوە خەریکەو هەمیشە لە فکری پاك کردنەوەی جیابیران دایە، بەکردەوە دان بە بوونی ئەم وەزعە دا نانێ و لە ڕاستی دا شتێك بە ناوی ئۆپۆزیسیۆن بە ڕەسمی ناناسێ. هەر بۆیە لە کاتێك دا پێش کۆنگرەی١٣ ئەو کاتەی خۆی لە کەمایەتی دا دەبینی بە هەموو تواناوە موعامەلەی لەگەڵ جەناحی موقابیل دەکرد، هەر کە هەستی کرد ئەکسەرییەتی کۆنگرەی بەدەست هێناوە ـ ئەویش لە ڕێگای شکاندنی عەهد و پەیمان و بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی و کۆنگرەوە ـ هەموو باس و ڕاوێژ و تەوافوق و تەفاهومێکی ڕەت کردۆتەوە. لابردنی دوا پاراگرافی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە کە باسی لە برایەتی و تەبایی دەکرد بۆ هەتا هەتایە بەڵگەیەکی زیندووی ئەم ئیدیعایەیە.**

**بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان و بۆئەوەی هەموو تێکۆشەرانی حیزب خۆیان لەنێو حیزبەکەیان دا ببیننەوە و حیزبیش بتوانێ لە هەموو توانا و زەرفیەتەکانی بۆ بەرەو پێش بردنی ئەرکەکانی کەلك وەرگرێ، ڕیزە پێشنیارو داخوازێکتان دەخەینە بەرچاو. ئاواتمان ئەوەیە بە واقع بینی و سنگ فرەوانییەوە چاویان لێ بکەن و پەسەندیان بکەن. ئەمەش ڕیزی داخوازەکان:**

١ـ هەروەك لەماوەی ١٠ ساڵ و سێ کۆنگرەی پێشتردا ڕەفتار کراوە، ئێوەش بوونی ئۆپۆزیسیۆن بە ڕەسمی بناسن و لە هەر مەسەلەیەك دا لەگەڵی بکەونە دیالۆگ و حیسابی بۆ بکەن.

٢ـ بڕیارێك کە لە کۆنگرەی١٢ دا پەسەند کراوەو کۆنگرەی ١٣ش پەسەندی کردۆتەوە لەبارەی ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە کۆبوونەوەکانی حیزبی و ئۆرگانی نێوخۆییدا بە وردی جێبەجێ بکەن، ڕێگا بە هەموو کەس بدرێ لە نێوخۆی حیزب دا هەر نەزەرێکی هەیە دەری بڕێ و بە تەواوی پێش بە سووکایەتی پێکردن و شێواندنی کۆبوونەوەکان بگیرێ.

٣ــ وەك لە پێشەوە گوتمان لەماوەی ٢ ساڵی ڕابردوو دا زۆر هەڵەی سیاسی کراون کە زیانیان لە پەرستیژی حیزب داوە. ئەگەر زۆر لەوانە بە دووپات نەکردنەوە کەم و زۆر قەرەبوو بکرێنەوە، هەڵەیەك کە لە نامەی بەڕێز سکرتێر بۆ ئاغای نەزمی ئەفشار دا کراوە بە بێدەنگە لێکردن ڕاست ناکرێتەوە. ئەمە پەیوەندیی بە مەسەلەی خاك و کەرامەتی نەتەوەیی کوردەوە هەیەو دەبێ بەڕاشکاوی ڕاست بکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە داوا دەکەین یان کاك مستەفا ئازایانە ڕوونکردنەوەیەك بڵاو بکاتەوەو قسەکەی خۆی وەربگرێتەوە، یان دەفتەری سیاسی لە بەیاننامەیەك دا بە ڕەسمی ڕابگەیەنێ کە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتەوە هەموو ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەشێك لە خاکی کوردستانە و شەهید سمکۆش ڕێبەرێکی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردە و بێحورمەتی بەو بێحورمەتی بە کەرامەتی نەتەوەی کوردە.

٤ـ وەك لە پێشەکی دا گوترا لە دوو ساڵی ڕابردوو دا بە سەدان کەس سزا دراون، تەشویق کراون، پلەیان دراوەتێ یان لێیان ئەستێندراوەتەوە، نەقڵ کراون و تەنانەت خراونەتە بەندیخانەوە کە ئەگەریش بیانوویەکیان بۆ دروست کرابێ، هۆی سەرەکی، لێکدانەوەی جەناحی بووە. بۆیە داوا دەکەین هەموو ئەو جۆرە بڕیارانە ڕابگیرێن و هەیئەتێکی هاوبەش بە سەلاحیەتی وەك یەکەوە لە جەناحی دەسەڵاتبەدەست و ئۆپۆزیسیۆن پێك بێ کە بە هەموویان دا بچێتەوەو ئەوەی بە سالمی نەزانی هەڵی وەشێنێتەوە.

٥ــ بۆ ئەوەی ئەو جیاوازی دانانە لە داهاتوو دا دووپاتە نەبێتەوە داوا دەکەین جارێك بۆ هەمیشە کۆتایی بەو فشارو پاڵ پێوەنانە بهێنرێ و هەیئەتێکی هاوبەشیش پێك بێ کە لەسەر هەموو نەقڵ و ئینتیقال و تەوبیخ و تەشویق و پلەدان و پلە وەرگرتنەوەیەك و هەر جۆرە سزادانێك بڕیار بدا.

٦ــ داوا دەکەین هەیئەتێکی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوەی وەزعی ئەوانەی دێن بۆ پێشمەرگایەتی پێك بێ و هەموو ڕەتکردنەوە یان وەرگرتنێکی پێشمەرگەی تازە بە بڕیاری ئەو هەیئەتە بێ.

٧ــ بە ئاشکرا دیارە کە یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان وەك دوو یادگاری سەردەمی کۆماری کوردستان بێلوتفییان لەگەڵ دەکرێ و بایەخی شیاویان پێ نادرێ. بۆیە پێویستە هەردووکیان بە تەواوی پشتیوانی بکرێن و بە تایبەتی دەست لە کارشکێنی و دەست تێوەردانی کاروباری یەکیەتیی لاوان هەڵ بگیرێ.

٨ـ بە ڕوونی دیارە کە کاری تەشکیلاتی لەگەڵ هاوڕێیانی نێوخۆی وڵات و دنیای دەرەوەش کەوتۆتە ژێر تەئسیری بیروباوەڕی جەناحی. بۆیە داوا دەکەین هەردووکی ئەم بەشانە لە لایەن هەیئەتێکی هاوبەشەوە ئیدارە بکرێن.

٩ــ لە دانانی پیرسۆنێلی تەلەڤزیۆنیش دا وەك هەموو شتەکانی دیکە گیانی جەناحی و جەناحبازی زاڵە. هەر بۆیە پێویستە سەرپەرستییەکی کارزان و لێوەشاوەو هاوبەش بۆ کاری تەلەفزیۆن دابنرێ.

١٠ـ لە دوا دەوری دانی پلەی کادر دا جەناحبازی گەیشتە لووتکە. زۆربەی وەرگیراوەکان سەر بە جەناحی زاڵ بوون و زۆربەی ڕەت کراوەکان هی ئۆپۆزیسیۆن. بۆیە پێویستە تەواوی ئەو کەسانەی ڕەت کراونەوە پلەیان پێ بدرێ بۆئەوەی لانی کەمی موساوات دابین بکرێ.

١١ــ بە ڕواڵەت کاری تەشکیلاتی ئاشکرا بە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی سپێراوە کە سەر بە ئۆپۆزیسیۆنە. بەڵام بە کردەوە ڕێگای کاری لە نێو ئەندامانی ئاشکرا دا لێ گیراوە و تەنیا (خودیها) هەقی تەماس لەگەڵ وانیان هەیە. پێویستە دەستی ئەو هاوڕێیە ئاوەڵا بکرێ و زۆریش باشە کە دوو کەس هەریەکەی لە جەناحێك ئەرکەکە وە ئەستۆ بگرن.

١٢ــ زۆر کادری بەوەج و تەنانەت زۆر لە ئەندامانی کادری ڕێبەریی پێشوو، یان بێکارن یان کاری شیاویان نیە. پێویستە بۆ هەمووان کاری موناسیب دیاری بکرێ و ڕێزیان بپارێزرێ.

١٣ــ هەموو دەستکارییەکی ئاییننامەکان و زۆربەی بەخشنامەکان کەوتوونەتە بەر تەئسیری ڕووحی جەناحی. پێویستە تەواوی ئەوانە چاویان پێدا بخشێندرێتەوەو جۆرێك بنووسرێنەوە کە هەقی کەس بەفیڕۆ نەچێ.

١٤ــ بە پێچەوانەی کۆنگرەکانی پێشوو کە تەوازون لە نێوان ئەندامانی سەر بە جەناحەکان لە کۆمیتەی ناوەندی دا هەبوو، ئەم جارە بەشی شێر بۆ قۆڵی دەسەڵاتبەدەست دانراوە. بۆ قەرەبووکردنەوەی بەشێك لەو نابەرامبەرییە داوا دەکەین:

أ: جێی خاڵیی کاك خالید عەزیزی لە کۆمیتەی ناوەندی دا بدرێ بە ئۆپۆزیسیۆن و دیاریکردنی نەفەرەکەش بە خۆی بسپێردرێ.

ب: جێگای چەند موشاویر کە بەتاڵە بە کەسانێك لە ئۆپۆزیسیۆن پڕ بکرێتەوە.

ج: هەر ئۆرگانێك بەرپرسەکەی لە زۆرایەتی بوو، جێگرەکەی لە کەمایەتی دیاری بکرێ بۆئەوەی هەردوو لا لە ڕەوتی کارەکان ئاگادار بن.

١٥ـ هەتا کۆنگرەیەکی دیکە، لە دەرەوەی وڵات ئەندامانی کۆمیتەکان بە پێی نیسبەت دیاری بکرێن و داوا لە کۆنفرانسەکان بکرێ دەنگیان پێ بدەن. بەرپرسی کومیتەش لەو جەناحە بێ کە زۆربەی ئەندامانی کومیتەی لەگەڵە، مەگەر بە تەوافوقی هەردوولا جۆرێکی دیکە بە سەلاحی حیزب بزانرێ.

١٦ــ لە ناوەندەکان زۆربەی ئەندامان(کادر و پێشمەرگە) لە هەر جەناحێك بوون. بەرپرس لەو جەناحە بێ و ئەندامانی دیکەی ناوەندیش بە پێی نیسبەت لە لایەن هەرکام لە جەناحەکانەوە هەڵ بژێردرێن.

١٧ـ هەر سەرمایەگوزارییەك دەکرێ بە ئاگاداریی کەسانێك لە هەردوو جەناح و بە ناوی کەسانێك لە هەردوو جەناح بێ.

١٨ــ چاو بە تەقسیمی کارو سازماندەهی دا بخشێندرێتەوەو بە جۆرێك ڕێك بخرێنەوە کە هەردوولا بە پێی لێوەشاوەیی لە ئەرك و سەلاحیەتەکان دا بەشدار بن.

١٩ــ پێویستە ڕیگا بە بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونی ئەفرادی هەردوو جەناح لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنی حیزب و ڕاگەیەنە گشتییەکانی دیکە بدرێ و کەس لەسەر ئەوە موحاسەبە نەکرێ. ئەگەر نەزەری ئۆپۆزیسیۆن موخالیفی نەزەری جەناحی دەسەڵاتبەدەست بوو لە تێکۆشەر, ئۆرگانی نێوخۆی حیزب دا بڵاو بکرێتەوە، کە ئەمە هەقێکە دوو کۆنگرەی ١٢و١٣ بە ڕەسمییان ناسیوە.

٢٠ــ بڕیارێك کە لەبارەی خوێندنی هاوڕێیانی کادرو پێشمەرگەوە دراوە بە جۆرێك دەسکاری بکرێ کە دەرەتانی خوێندن و بردنەسەری پلەی زانستی و خوێندەواری بۆ تێکۆشەرانی حیزب بڕەخسێ.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

جارێکی دیکە ئارەزوو دەکەین بەرپرسانە بە دەنگی ئەم بانگەوازەوە بێن و کارێك بکەن کە حیزبە خۆشەویستەکەمان لە وەزعی نادڵخواز و شپرزەی ئێستای بێتەدەرو متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەدەست بێنێتەوە.

١٣٨٥/٥/٧

# وەڵامی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دیموکرات

# بە پێشنیارە ١٧ خاڵییەکەی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی

**هاوڕێیانی بەڕێزی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی!**

سڵاوێکی گەرم،

سوپاستان دەکەین کە لەسەر داخوازی "شفاهی"ی ڕۆژی ٨٥/٩/٥ی نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆن دوا نەزەراتی خۆتان بۆ چارەسەری گیروگرفتی نێوخۆیی حیزب بە نووسراو (هەرچەند بێ ناو و ئیمزاش) بە ئێمە ڕاگەیاندوە. لەو پێوەندییەدا بە دروست دەزانین بەوپەڕی بەرپرسایەتی و ڕاستوێژییەوەو بەپێداگرتن لەسەر هەوڵەکانمان بۆ گێڕانەوەی یەکڕیزیی تێکۆشەرانی دیموکرات بیروبۆچوونی خۆمانتان لەسەر ئەو خاڵانەی ڕیزتان کردوون پێ ڕابگەیەنین:

• لە خاڵی یەکەم دا بە ڕواڵەت مژدەتان داوە کە ئازادیی ڕادەربڕین لەنێو حیزب دا قبووڵ دەکەن و ئاماژە بەوەش دەدەن کە ئەوە "پرنسیپێکی دێموکراتییە کە زۆر لەمێژە لە حیزبی ئێمەدا جێگای گرتووە" بەڵام ئەگەر لێی ورد بینەوە دەبینین کە جگە لەوەی ئەو بەڵێنەتان هیچ میکانیزمێکی ئیجرایی بۆ پێشنیار نەکراوە، پرەنسیپە دێموکراتییەکانی حیزبیش شێوێندراون. بڕیاری کۆنگرەی ١٢ کە لووتکەی بەرفرەوانکردنی ئازادیی بیروڕادەربڕینەو بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسند کراوە، پاش ئەوەی دەستەبەندیی نهێنی بە تاوان تا سنووری خەیانەت دادەنێ بەراشکاوی دەڵێ هەموو ئەندامانی حیزب هەقیان هەیە لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا هەر نەزەرێکی موخالیفیان لەسەر سیاسەتەکانی حیزب تەنانەت لەسەر دروشمی ستراتیژی و ئامانجی درێژخایەنیش هەبێ و، هەروەها لەسەر هەر کەس و ئۆرگانێک نەزەرێکیان هەبێ بەڕاشکاوی دەریبڕن بەو مەرجە ڕێگا بە دەربڕینی نەزەری بەرامبەریش بدەن (نەقڵ بە مەفهووم بەڵام دەقاودەق). کەچی ئێوە ئەم هەقەتان لە تەنیا بابەتە تەشکیلاتی و فیکرییەکان دا بەرتەسک کردۆتەوە. خۆ ئەگەر "فیکری" لە مانای سیاسیی خۆی دا بەکار برابێ دەزانین کە ئێمە حیزبێکی ئیدئۆلۆژیکی نیین تا لەو پێوەندییەدا فیکرەکانمان بەرامبەر بە یەک ڕابگرین.

کەچی کە باس دێتە سەر دەرەوەی حیزب وێڕای ئەوەی - بەهەق - داوا دەکرێ کەس لە دەرەوەی حیزب باسی بابەتە نێوخۆیی و تەشکیلاتییەکان نەکا، داوا دەکرێ کە هەموو ئەندامانی حیزب دیفاع لە سیاسەت و بڕیارەکان (هەرچەند باوەڕیشیان بە سیاسەتێک یان بڕیارێک نەبێ) بکەن. واتە ئەگەر ئەندامێکی حیزب سیاسەتێک یان بڕیارێکی ڕێبەرایەتیی پێ دروست نەبوو لەنێو حیزب دا هەقی نیە باسی بکا چونکە "تەشکیلاتی و فیکری" نیەو لە دەرەوەش دەبێ دیفاعی لێ بکا. ڕەنگە ئەگەر باوەڕتان بە دێموکراسی هەبێ قبووڵ بکەن کە لە هیچ دێموکراسییەک دا داوای وا لە ئەندامانی حیزبێک ناکرێ و، ئەوپەڕەکەی ئەوەیە کە ئەندام هەقی پێنەدرێ لە دەرەوەی حیزب ڕەخنەی لێ بگرێ.

خۆ هەقی ڕەخنەگرتن لە کەسەکان و ئۆرگانەکانیش لەو خاڵەدا هەر قسەی لێ نەکراوەو بە ڕەسمی نەناسراوە، لە حاڵێک دا جگە لە بڕیاری کۆنگرەی ١٢، لە بەندی پێنجەمی پێڕەوی نێوخۆش دا بەڕاشکاوی هاتوە کە ئەندام مافی ئەوەی هەیە "لە هەموو ئەندامێک یا ئۆرگانێک لە کۆبوونەوەکانی حیزبی دا ڕەخنە بگرێ". کەوایە باش سەرنج بدەن پرەنسیپە دێموکراتییەکانی حیزب چ مافێکی دەربڕین بۆ ئەندامانی حیزب قایلن و زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی چ مافێکیان پێ ڕەوا دەبینێ؟

لەپێوەندی لە گەڵ بڕگەی (ب)ی ئەم خاڵە پرسیارێک خۆی زەق دەکاتەوە: داخوا هەر بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیەتان لە دەرەوەی حیزبو دانی بە ڕاگەیەنەگشتییەکانو لەوەش سەیرتر دانی شریتی وتارێکی ١٢ ساڵ لەمەوبەر بە سایتەکان کە کاتی خۆی لە نێو حیزبیشدا بڵاونەکراوەتەوەو تەنیا لە دەستی ئێوەدا هەیە، پێشێلکردنی ئەو ئەسڵە نیە کە پێشنیارتان کردوە؟

• خاڵی دووەم کە بە ڕواڵەت وەڵامی بەندی ٤ی داخوازەکانی (٨٥/٥/٧)ی ئۆپۆزیسیۆنە دەڵێ "هەیئەت لە زۆرینەو کەمینە دەستنیشان بکرێ کە بە سکاڵای هەر کادرو پێشمەرگەیەکی حیزب ڕابگا کە...". ئەمەشیان لە ڕاستی دا شێواندنی داخوازەکانی ئێمەیە. ئێمە داوامان کردوە کە هەیئەتێک لە هەردوو لا بە سەلاحییەتی هاوبەشەوە پێک بێ کە بە هەموو بڕیارەکان دا بچێتەوەو ئەوەی بە سالمی نەزانی - تەنانەت ئەگەر تەشویقی کەسێکیش بێ - هەڵی وەشێنێتەوە. ئیشکالی ئێمە لەسەر جۆری ڕەفتارو کردەوەی جەناحیی ئێوەیە. کەچی ئێوە دەفەرموون ئەوەی شکایەتی هەیە با بیکا. ئێوە زۆر باش دەزانن بەشێکی بەرچاو لەوانەی بە ڕووحی جەناحییەوە سزا دراون، یا دەرکراون، یان ناچارکراون حیزب بە جێ بێڵن وئیدی ناتوانن بێن و شکایەت بکەن. کەوایە ئەمە ناتوانێ داخوازی ڕەوای گۆڕینی ڕەفتاری جەناحی و دابینکردنی ئەسڵی "مشارکت" و بەرامبەریی ئەندامانی حیزب دابین بکا.

• لەخاڵی سێیەمیش دا کە ئاماژەیە بە بەندی شەشەمی داخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەر ئەو کارە کراوە. "نەزەری گشتی دابین بکا" یانی چی؟ ئێمە داوای میکانیزمێکی ڕوون دەکەین کە وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی داخوازانی پێشمەرگایەتی لە سانسۆڕی ڕووحی جەناحبازی ڕزگار بکا. ئەوەی ئێوە دەیفەرموون تەنیا دەتوانێ مەسەلەکە ئاڵۆزترو کێشدارتر بکا.

• ئەوەی لە خاڵی چوارەم لە پێوەندی لەگەڵ یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان دا فەرمووتانە ڕاست ئەوەیە کە ئێمە ئیعترازمان لەسەری هەیە. ئەو ئوسوولەی "تا ئێستا پێڕەوی لێ کراوە" ڕاست ئەوەیە کە هەرکات کارێک و بڕیارێک و هەڵبژاردنێکی ئەو دوو ڕێکخراوە بە دڵی زۆرایەتی نەبوو هەوڵی هەڵوەشاندنەوەو تێکدانەوەی بدات و "هیچ کەس و جەمعێک"یش هەقی نەبێ قسەی لێ بکا. لە کاتێک دا ئێمە پێمان وایە ئەو یەکیەتییانە دەبێ لە هەموو بڕیارو ئینتخابێک دا سەربەخۆ بن و تەنیا لەباری سیاسییەوە کارێک نەکەن کە زیان بە پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی حیزب بگەیەنێ. ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوانە بە ڕێکخراوی سەر بە حیزبی ئێمە ناسراون. ئەگینا حیزب هەقی نیە لەو بابەتەشەوە سنووریان بۆ دابنێ.

• شتی زۆر خۆش ئەوەیە کە لە خاڵی پێنجەم دا دەگوترێ "کاری تەشکیلاتی نێوخۆی وڵات هەر ئێستاش بە شێوەی هاوبەش بەڕێوە دەچێ". دەستخۆش بۆ ئەو هەموو "مشارکت" و دێموکراسییە! بەڕاست ئەو هەموو خەڵکە کە بانگ دەکرێنە ئێرەو بە دژی ئۆپۆزیسیۆن بۆمبارانی مێشکیان دەکرێ "بەشێوەی هاوبەش" قسەیان بۆ دەکرێ؟ ئەو "ئاوڕدانەوە" سێزدە لاپەڕەیی-یەبە دژی ئۆپۆزیسیۆن کە بە ئیقراری ئەو هاوڕێ تەشکیلاتییانەی دێنە ئێرەو بەدوور لە چاوی بەرپرسی تەشکیلاتی نێوخۆ چاویان بە ئێمە دەکەوێ، لە ماوەی دوای کۆنگرەی سێزدەوە تا ئێستا بە هەموویەوە ئەوەندە ڕێنوێنیی بە دژی کۆماری ئیسلامی نەدراوە بە تەشکیلات، "بەشێوەی هاوبەش" نووسراوە؟ لەو بەشەدا هیچ ئاماژەیەکیش بە کاری تەشکیلاتی لە دەرەوەی کوردستان نەدراوە کە دەزانن چەندە یەک لایەنە بەڕێوە دەبرێ.

• خاڵی شەشەم جگە لەوە کە "وادەی سەر خەرمان"ە، هیچ میکانیزمێکی تێدا پێشنیار نەکراوە کە ئەسڵی "مشارکت" مسۆگەر بکا. ئەوەی لە بەندی یازدەی داخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن دا پێشنیار کراوە، ئەوەیە کە دوو کەس هەرکامەی لە جەناحێک بەڕێوەی بەرن.

• خاڵی حەوتەم کە بەڕواڵەت وەڵامی بەندی دەیەمی داخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن(ڕەخنە لە چۆنیەتیی دانی پلەی کادر)ە، بێ لەبەرچاو گرتنی داخوازەکە حەواڵەی ڕیزە بەندو داوێکمان دەکا کەهەمووی بە ڕووحی جەناحییەوە تەنراوەو دوابڕیاریش دەداتەوە بە دەفتەری سیاسی کە بەو ڕووحەوە قەزاوەتی لەسەر بکا.

• لە خاڵی هەشتەم دا وەک ئاماژەیەک بە بەندی دوازدەیەمی داخوازەکان دیسان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە گۆیا کەسانێک چەند جار داوایان لێ کراوە کار وەربگرن و ئامادە نەبوون کار قبووڵ بکەن. لەوە گەڕێین کە هەموو کاتێک ئەو ئیددیعایە دەکەنو ئامارێک نیشان نادەن، ئەدی بۆچی باسی ئەو کەسانە ناکەن کە دوو ساڵونیوە بێکار کراونو هیچ کارێکیان پێ پێشنیار نەکراوە؟ پاشانیش کە باسی لێوەشاوەیی دەکەن، هەروەک جارێکی دیکەش کە باسی کاری شیاوتان کردبوو تەشخیسەکە دەدەنە دەست ئۆرگان. ئیدی نە ئەندامەکە و نە لایەنی بەرامبەر هەقی نەزەردەربڕینیان پێ نادرێ. ئەمەش دیسان ڕووحی دابەشینی ئەندامانی حیزب بە پلە ١ و پلە ٢ نیشان دەدا.

• لە خاڵی نۆیەم دا وەک وەڵامی داخوازی بەندی سێزدە ڕووحی حاکم بەسەر پێشنیاری دەسکاری دا چوونە پێشی کارو ئەرکەکانە - دیارە بەو جۆرە کە زۆرینە بۆی دەچێ، ئەگینا ئەوە دروستە - لە حاڵێک دا ئێمە داوا دەکەین ئایین نامەو بەخشنامەکان بە جۆرێک دەسکاری بکرێن کە مافی کەس نەفەوتێ. بە باوەڕی ئێمە تەنیا لەو حاڵەتەش دا کارو ئەرکە حیزبییەکان - نەک جەناحییەکان - بەباشی بەڕێوە دەچن.

• خاڵی دەیەم ئاماژە بە بەندی پازدەیەمی داخوازەکانە. کەچی لەوێش دا یان میکانیزم نیە یان ئەگەر بڵێین میکانیزمە بێئەوەی بەڕاشکاوی گوترابێ، داوای لانیکەمی موشارەکەت دەکاو پێ لەسەر "انسجام" (تۆ بڵێ یەکدەستی) دادەگرێ. لە حاڵێک دا ئێمە بە ڕوونی داوامان کردوە کومیتەکان بە پێی نیسبەتی ئەندامانی حیزب هەڵبژێرێن.

• خاڵی یازدەیەم وادیارە لە وەڵامی بەندی شازدەیەمی داخوازەکان دا نووسراوەو هەرچەند لەوێدا وا نەهاتوەو ناوێک لە ناوەندی ٢ نەبراوە، بەڕواڵەت موافەقەتی لەگەڵ کراوە. بەڵام هاوڕێیان باوەڕ بفەرموون ئەو نیازەی لە پشتی ئەو قبووڵ کردنەش دا هەیە لە هیچ لایەکمان شاراوە نیە. ئەگینا بۆچی بەندەکە بەتەواوی پەسند نەکراوەو لە ناوەندی ٢ ئەگەر بەرپرسیش بگۆڕێ ٣ کەس واتە نیوەی ئەندامانی ناوەند لە قۆڵی زۆرینەن، لە حاڵێک دا نیسبەتی کادرو پێشمەرگەی سەر بەو قۆڵە بە زەحمەت دەگاتە سەدی دە؟

• خاڵی دوازدەیەم بە جۆرێک قبووڵی بەندی بیستەمی داخوازەکانەو هەنگاوێکی دروستە. هەرچەند ئەوە دروست نیە کە ئەوبڕیارە بەو جۆرەی ئێستا هەیە پێش کۆنگرەی ١٣ درابێ. جگە لەوە بەڕاستی بڕیاری دیکەش هەن کە پێویستە دەسکاری بکرێن.

• خاڵی سێزدە بۆ لە سەر ڕاوەستانێک دەبێ.

درێژە لە لاپەڕەی ٨

> "هەڵەیەک کە لە نامەی بەڕێز سکرتێر بۆ ئاغای نەزمی ئەفشاردا کراوە، بە بێدەنگە لێکردن ڕاست ناکرێتەوە"و سبەی ڕۆژێ ئازەربایجانییەکان هەقیانە بڵێن مەهابادو سەردەشت و ... ئازەربایجانن نەک کوردستان، چونکە سکرتێری گەورەترین حیزبی کوردی قبووڵی کردوە.

## ١٧ خاڵەکەی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی!

هاوڕێیانی بەڕێزی کەمینە

بەسڵاوی گەرمو برایانە!

بە هەست بە بەرپرسایەتیی زۆرایەتی حیزبو ڕێزدانان بۆ هەوڵو تێکۆشانی دۆستانو دڵسۆزانی حیزبەکەمان لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی یەکڕیزی تێکۆشەرانی حیزبو لە سەر بناغەی هەموو ئەو دانیشتنو باسانەی کە بۆ لەنێوبردنی گیروگرفتە نێوخۆیییەکانی حیزب ئەنجام دراونو هەوڵەکانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەپێناو یەکڕیزیی حیزبدا، نەزەری خۆمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کە بەشێکی بەرچاوی داخوازییەکانی کەمینەی لەخۆ گرتووە ڕادەگەیەنین. هیوادارین ئێوە هاوڕێیانی کەمینەش بە هەست بە بەرپرسایەتی تەواوەوە وەری بگرنو کارێک بکەین کە موژدەی لەنێوچوونی گیروگرفتەکانی نێوخۆی حیزب بە هەموو دۆستانو دڵسۆزانی حیزب بدەینو دوژمنانی حیزبەکەمان لەگەڵ ناهومێدی بەرەوڕوو بکەین.

1. سەبارەت بە ئازادیی ڕادەربڕین:

الف: ئازادیی ڕادەربڕین پرنسیپێکی دێموکراتییە کەزۆر لەمێژە لە حیزبی ئێمەدا جێگای گرتووە، بۆیە هەموو ئەندامانی حیزب بۆیان هەیە لە کۆڕو کۆبوونەوەی حیزبیدا لە سەر بابەتە تەشکیلاتیو فیکرییەکان ڕاشکاوانە بیروڕای خۆیان دەربڕن یا لە "تێکۆشەر" نامیلکەی نێوخۆیی حیزبدا بڵاوی بکەنەوە.

ب: بۆ کەس نیە لە دەرەوەی حیزب باسو بابەتە نێوخۆییو تەشکیلاتییەکان باس بکا، بەڵکوو هەموو ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی حیزب دەبێ دیفاع لە سیاسەتو بڕیارەکانی حیزب بکەن.

2. هەیئەت لە زۆرینەو کەمینە دەستنیشان بکرێ کە بە سکاڵای هەر کادرو پێشمەرگەیەکی حیزب ڕابگا کە پێی وایە لە باری سزادانو پلەی تەشکیلاتییەوە مافی لە بەرچاو نەگیراوە.

3. وەرگرتنی پ.م لە پەزیرش بە پێی بڕیاراتێک بە هەیئەتێک ئەسپێردراوە کە لە نوێنەرانی ئۆرگانەکانی پێوەندیدار پێک دێ، دەکرێ دیاریکردنی نوێنەرانی ئەم ئۆرگانانە جۆرێک بێ کە نەزەری گشتیی دابین بکا.

4. یەکیەتییەکانی ژنانو لاوانو خوێندکارانو هەموو ڕێکخراوە دێموکراتییەکانی سەر بە حیزبی دێموکرات پێوەندیی ئۆرگانیان لەگەڵ حیزب بە پێی ئوسوولێک دامەزراوە کە تا ئێستا پێڕەوی لێکراوە بۆیە بۆ هیچکەسو جەمعێک نیە کە بۆ هیچ مەبەستو بەرژەوەندییەکی تایبەتی دەست لە کاروباری ئەم ڕێکخراوانە وەربدا.

5. کاری تەشکیلاتی نێوخۆی وڵات هەر ئێستاش بە شێوەی هاوبەش بەڕێوە دەچێ.

6. بۆ تەشکیلاتی ئاشکرا چوارچێوەیەک دیاری دەکرێ کە سنووری کارکردنی ناوەندەکان لەو بەشەداو بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای کومیسیۆنی سیاسی - نیزامی بە ڕوونی دیار بێو ڕێکخستنی ئەندامانی حیزبی ڕێوشوێنی گونجاوی بۆ دیاری بکرێ.

7. دوایین دەوری دانی پلەی کادر کە بە شێوەیەکی دەقیقو لە سەر بناغەی ڕیزە پێوانەیەک لە لایەن کومیسیۆنی سیاسی - نیزامییەوە کە ئەندامانی لە کەمینەو زۆرینە پێکهاتووە دیاری کراوە، بەو حاڵەش هەر پێشمەرگەیەک هەست دەکا مافی لە بەرچاو نەگیراوە دەتوانێ سکاڵای خۆی بدا بە هەیئەتی لێکۆڵینەوەو ئەو هەیئەتەش ئاکامی کاری خۆی بداتەوە بە دەفتەری سیاسی.

8. ئەو کەسانەی تا ئێستا چەند جار داوایان لێکراوە ئەرکو بەرپرسایەتی وەربگرن بەڵام ئامادە نەبوون کاری پێشنیارکراو قبووڵ بکەن ئەگەر ئامادە بن ئەرک وەئەستۆ بگرن، بە پێی لێوەشاوەیی هەرکامیان کاری شیاویان بۆ دیاری بکرێ. تەشخیسی ئەم لێوەشاوەییە بە ئۆرگانەکانە.

9. ئایین‌نامەکان چاویان پێدا بخشێندرێتەوەو ئەگەر مەوردی وا هەبێ کە بەر بە چوونەپێشی کارو ئەرکەکان بگرێ دەستکاری بکرێن. بۆ ئەو مەبەستە هەر کەسو هەر ئۆرگانێک دەکرێ پێشنەهاداتی خۆی بدا بە دەفتەری سیاسی.

10. لە کونفرانسەکانی دەرەوەی وڵات، هەوڵ بدرێ لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەدا موشارکەتی گشتییو "انسجام"ی تەشکیلاتیی پێوە دیار بێ.

11. هەروەک پێشتر هەوڵ درا کە بەرپرسی ناوەندی 2 ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی سەر بە کەمینە بێ بەڵام قبووڵ نەکرا ئێستا کە ئەوە یەکێک لە داواکانی هاوڕێیانە موافقین ئەم بەرپرسایەتییە بە ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی سەر بە کەمینە بدرێ.

12. بڕیارێک کە سەبارەت بە خوێندنی ئەندامانی ڕێبەرایەتیو کادرو "پ.م"ی حیزب پێش کۆنگرەی 13 دراوە ئەوەندەی بکرێ جۆرێک تەنزیم بکرێتەوە کە هەم دەرەتانی زیاتر بۆ ئەو مەبەستە بڕەخسێو هەم ڕێگا بە بەڕێوەچوونی کارەکانی حیزب نەگرێ.

13. لە ئەساسنامەی حیزبدا ئۆپۆزیسیۆن نەهاتووە بۆیە ناکرێ بە ڕەسمی بناسرێ.

14. هەموو کادرو پ.مو ئەندامی حیزب دەبێ پەیڕەوی لە ئەساسنامەو ئایین‌نامەکانی حیزب بکەن.

15. لە هەموو هەلومەرجێکدا دەبێ پرنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزب بپارێزین.

16. هەموومان بەرعۆدە بین کە بەرانبەر بە بێکاریو کەمکاریو کارشکێنی هەڵوێست بگرین.

17. پاش ساغبوونەوە لە سەر ئەم خاڵانە هەموومان بە ڕوحی برایەتیو یەکڕیزی بۆ بەرەوپێش بردنی بەرنامەو بەرژەوەندییەکانی حیزب هەنگاو بنێین.

1385/9/6

2006-11-27


**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# بەبۆنەی دە ساڵەی کۆچی دوایی تێکۆشەر کاک نەبی قادرییەوە

## چپەیەك لە بێدەنگیدا

✍ پەیمان

نازی لەرەی گێوژە زەردەشتییەکانی " شێخ محەممەدی هنگلان"
عیشوەی لەرزانەی وردە خیزی سەر قوڵتێنەی " کانییە شکاک"
مەکری چوززە کەنگری نێو لەپی ڕەقەنی "بەست" و چی و چی ... ...
هێشتا کە بەریان نەدا بووم
کە نەجابەتی ئاڵباڵوویەکی شەڕابیی " خانێ" ... ڕایچلە کاندم
تا ئەو جێیەی
لە سەعاتی ئینشای " شنۆ"یە دا نەققاشیم کرد
ئەو دەمە
تازە "غەززالی" چاوی بە "سەبا" هەڵدەهات!
دوواتر هەمان وێنەم
لە باڵای گێلاسێکی زەیتوونی دا دیتەوە
کاتێ "کاوە" لە سایەیدا شانۆ دەکرا و
حیکمەتەکانی " دیالۆگ" دیالۆگ و هەر دیالۆگ
وانە دەدران!
ساڵ تێپەڕین ... ...
گوزەری زەمان وەک ئەسپێکی ڕەوەکیی نا بەڵەد بە دووا مەنزڵی مەبەست
لە ئێوارە پایزی دڵ شکانی هەڵداشتین
ئەو شوێنەی
هەرترووسکەی هیوای لێ کز دەچۆوە و
چرۆی دڵی لێ دەترسا!
ئەوە بوو ... ...
لە شەختە بەندەکەی هەنارستانی "قەندیل" دا
تاقەداری بەر پەنجەرەی سەرخۆشخانەی "خەییام"ماوەو
هیوادار بە گەڕانەوەی نەورۆز
ئاتەشگای دەروونی گەرمی دەدایە دەوروبەر
بۆ نوێ بوونەوەی سرووشت و پەیمانی یەکیەتی!
سەرەنجام ... ...
ئەم ئاشقە پرچنە
کە دەتگوت لە نیهایەتی تەمەن و دیمەنی "شەنگەیی" دا دەشنێتەوە و
لە بەر سۆراخ و غەززەبی زەمان
پرچەکانی بە سەر وجوودی کۆرپەیەکی قاچاخدا بەرداونەوە،
تا ژیا
"دەروێشی قەندیل"
تا ما
" یاری دۆڵە ڕەقە"
تا مەرگ
"نەجابەتی عیشق"
تا ئەبەد ... ...
" ڕووحی پەپوولە"یە و
بە سەر پەیژە مەرجانییەکانی ریزە ئاونگێکی درێژەوە بوو دا دەگەڕێ
کە دەڵەی
لە ئەڵماسەی شەوق و حەزی سەحەری بەهاردا
شۆڕابەی پلووسکی تنۆکە بارانە
بە ڕووخساری زەماندا چۆڕاوە،
ئەو دووا ئەسەرەی ئەنفالی هەناسەی ئاشنا
ئەم شوێن پێیانەی ... ...
فرمێسکە بریندارەکانی نیشتمان!



## کاکە نەبی بەخێر هاتی

بێبەش

**کاک نەبی**

✍ ئەمشەو دەروێشانی خانەقای عیشق و ئازادی لە دەوری بیرەوەریت زکرێ دەکەن. سەرماوەزە و ئەمشەو سەرما لە بەرانبەر تینی دڵی ڕێبوارانی ڕێگەکەتدا بەچۆك داهاتوە و چی لە دەست نایە. ئەمنیش ئەمشەو هەر لە ئێوارەوە کە خۆر چەپکە تیشکەکانی کۆکردنەوە و لە ئەنگۆرێ ئاوابوو، بڕیارم دا بە شانەی وەفاداری زوولفی کیژی هەست دابێنم و بۆ دەیەمین ساڵی چاولێك نانت کۆڕی یادی پێبگرم. ئاخر تۆ بووی بە پشتی نەوەستان سینگی ڕێی خەباتت کوتا و تەختت کرد، ئاخر تۆ بووی بە شمشیرە تیژەکەی باوەڕ سینگی بێباوەڕییت شەق کرد، بە راسانت دژی کوردت هەراسان کرد، کوردستانت لە ناوی پیرۆزت پڕکرد.

ئەمشەو گەڕام و هەر گەڕام هەتا ناوێك بدۆزمەوە تیشکاوێژ بێ وەك چاوانت، بە هەیبەت بێ وەکوو باڵات، روون بێ وەك بیروباوەڕت هەتا بڵێم هەر ئەو ناوە ناوی تۆیە. تەنیا یەك وشەم دۆزییەوە و زانیم پڕ بە باڵای تۆیە، ئەویش وشەی پێشمەرگەیە.

تۆ پێشمەرگەی، تا کورد هەبێ تۆش نامری و هەر دەمێنی. چەند ڕۆژی دی گەلەکەت جەژنی هەرمانت بۆ دەگرن، لە "٢٦ی سەرماوەز" دێیەوە کۆڕی یارانت" بە چاوانی پڕ لە تیشك و بە قەندیلی باڵاتەوە، بە پیرۆزی باوەڕی روون و بە دونیایەك ئاواتەوە. کاکە نەبی بەخێرهاتی.

٨ی سەرماوەزی ٨٥



## بێ هیوایی

حەیرانی زەردی هەڵوەرینی خوێند گوڵێك بە ئەسپایی
هاتبۆ بەر دەرکی بەهار بۆ دوا وتەو ماڵ ئاوایی
خەونی هەڵوەریوی باخم لە چاوی سروەدا بینی
سینگی پڕ بوو لە چیرۆکی سەوز و ناسکی ساوایی
شینە شەپۆلی نیگایەك نەیدا لە روخساری غەزەل
بۆیە هەر لە سەر چۆپی ڕا لێم بوو بەشین گەڕی شایی
تازە کانی خەونی لێڵی دەریام بۆ لێك ناداتەوە
لە دەفتەری شەپۆلی دا نەما وشەی دڵنیایی
ئەم وەرزە هیچ پەپوولەیەك ناچێتەوە ژوانی دەریا
بەژنی بەهاری تێك شکاند شنەیەکی لە خۆبایی
چەقۆی درۆی بۆ سەربڕینی وادەو بەڵێنی هەڵکێشا
ڕێگاکانی خۆشەویستی گەیشتوون بە کۆتایی
پەڵەی رەشی درۆی عەشق بەسەر لاجانگی خونچەوە
شنە پێی شەرمەزار نابێ بۆی بۆتە شتێکی ئاسایی
ئاسمانیش لە درۆزنیی تیشکی ئەستێرە تێگەیی
بۆیە ئێستا دەست دەکاتە ئەستۆی کچی تاریکایی
وشەی پەخشان و شێعری نوێ حەز ناکەن ناوی تۆ بێنم
هەموو سەریان کردۆتە سەردێڕی رەشی بێ هیوایی
شێعر پێنووس و دەفتەر و بەهار و عەشق و پێکەنین
دەستەملانی کچی دەریان بە نیازی گەردن ئازایی

رەسووڵ سوڵتانی - ١٣٨٥ کۆیە

# زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی کولتوورەکان

## گرفتەکانی وەرگێڕان وەك ئامرازێك بۆ پێوەندیی جیهانی

ن: حسین یەعقووبی
و: سمایل زارعی

**بەشی یازدەیەم**

بەو پێیە سرووشتییە دواکەوتن(کات)ێکی چەند چرکەیی لە نێوان پاڵنەر و وڵام دا هەیە چونکە بۆ دۆزینەوەی هاوتاکەی کە لە زمانی سەرەتا چی دەگوترێ و ئەو شتەی کە ئەو لە زمانی مەبەست دا دەیڵێ کاتێك (زمان) پێویستە. ئەم کاتە ماوەی ٢ تا ٣ چرکەیە بەڵام ئەگەر دەقێکی ئاڵۆز بێ، ڕەنگە تا دە چرکەش درێژە بکێشێ ئەمجۆرە وەرگێڕگەلە زۆرتر لە ژوورێکی بێ دەنگ و هەرادا دادەنیشن بۆ ئەوەی دەنگ و هەرا نەبێتە هۆی شێوان و تێکچوون لە دیاردەی پێوەندی و پەرت بوونی هەست و هۆشیان.

### جۆرەکانی وەرگێڕان

بە پێی پراکتیزەبوونی، ئاست و تێڕوانینە تیۆرییەکان، گەلێك دابەشبوونی جۆراوجۆر لە مەڕ وەرگێڕان کراوە کە گرینگترینیان بەو شێوەیەی خوارەوەن.

*دابەش بوونی پڕاکتیکی(کردەیی)*

بە پێی پڕاکتیك و کردەیی وەرگێڕانەکان بە سێ گرووپ دابەش دەبن:

**١ـ وەرگێڕانی بەکارهێنان**

لەمجۆرە وەرگێڕانەدا، پێداگری سەرەکی لە سەر وردبینی وەرگێڕان و پاراستنی نێوەڕۆکی واتایی دەقی بنەڕەتییە. ئاگاداربوون لە بابەت و تایبەتمەندییەکانی دەق بەهاو گرینگییەکی تایبەتی هەیە. دەکرێ نموونەی وەرگێڕانێکی ئەوتۆ لە بڕۆشۆڕەکانی کەرەسەگەلی ڕازاندنەوە، کەرسەگەلی دەنگ و ڕەنگ یان ڕاپۆڕتی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئابووریدا ببینین.

**٢ـ وەرگێڕانی ستاتیکانە(جوانناسانە)**

لەمجۆرە وەرگێڕانەدا کە تایبەتە بە دەقگەلی ئەدەبی (شێعر و دەق)، گواستنەوەی کەش و هەست و شێوازی ئەدەبی بەرهەم بە ڕادەی ڕوونی و ڕەسابوونی دەق گرینگە.

**٣ـ وەگێڕانە نەتەوەییخوازییەکان (قوم نگارانە)**

لەمجۆرە وەرگێڕانانەدا، زۆرتر سەرنجی تەواو دەدرێتە بواری کولتووری نووسەر و کەشی کۆمەڵایەتی — کولتووری سرووشت و ژینگەی ئەو، لەم وەرگێڕانانەدا، جیاوازییەکانی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی نێوان زمانی سەرەتا و مەبەست لە بەرچاو دەگیردرێ. نموونەیەکی ئەوە وەرگێڕانی دەقەگەلی ئایینی مەسیحییەکان بە زمانە ئاسیایی و ئافریقاییەکانە بە سەرنجدان بە نۆرمە کولتوورییەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیە.

### دابەش کردن لە سەر بنەمای ئاستەکانی وەرگێڕان

هێندێك لە زمانناسان (بۆ وێنە نایدا و لاینز) ئەو دابەش بوونەیان قەبووڵ نەکردووە کە باسکرا. پێیان وایە زۆربەی وەرگێڕانەکان ئاوێتەکردنێکیان لەم سێ جۆرە لە خۆیاندا هەیە و لە ڕاستیدا ئێمە زۆرتر سەروکارمان لە گەڵ جۆرەکانی ئاوێتەبوونەکانی وەرگێڕان هەیە تا جۆرێکی تایبەتی وەرگێڕان. ئەم گرووپە لە دابەشبوونگەلی وەرگێڕانەکان لە سەر بنەمای وەرگێڕانەکان قسە دەکا بەو شێوەی خوارەوە:

**١ـ وەرگێڕانی وشە بە وشە**

هەر وشەیەك یان وشەیەکی تاك لە زمانی سەرەتادا بە وشە یا دووپاتبوونەوەی هاوتاکەی لە زمانی مەبەستدا وەردەگێڕدرێ، هەڵبەت ئەنجامەکەی زۆرتر واتایەکی ئەوتۆی نابێ. بە تایبەتی کاتێك لە گەڵ دەستەواژە( ئایدیۆم)ێك ڕووبەڕوو دەبینەوە. وەرگێڕانە ئامرازی(ماشینی)یەکانی سەرەتا نموونەی دیاریکراوی لەم جۆرە وەرگێڕانانەن. بۆ باشتر تێگەیشتن لەم جۆرە وەرگێڕانانە ئەو نموونەیەی خوارەوە لە بەرچاو بگرن:

آن باران می آید گربەها و سگ ها
It’s raining cats and dogs

**٢ـ وەرگێڕانی دەقا و دەق**

پێکهاتەی زمانی دەقی سەرەتا بە دەست لێنەدراوی دەمێنێتەوە و واتای وشەکان ناگۆڕدرێ بەڵام ئاساییکردنەوەی ڕێك و پێکی وشەکان بە پێی ڕێزمانی وشەکان دەبێ. وەرگێڕانە زارەکییەکان زۆرتر لەم چەشنەن. نموونەیەك لەم جۆرە وەرگێڕانانە بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

از آسمان سگ و گربە می‌بارد It’s raninig cats and doge

**٣ـ وەرگێڕانی ئازاد**

پێکهاتەی زمانی زمانی سەرەتا لە بەرچاو ناگیردرێ واتایەکی تەواو ئازاد و گونجاو لە گەڵ ڕێسا و چەمك و واتای زمانی مەبەست تەنیا بە گونجانی نێوەڕۆکی واتایی واتایەك لە بەرچاو دەگیردرێ.

دەڵێی کوندەی سەرەو ژێرە(کورد"لە ناوچەی سەردەشت" بە بارانی بە خوڕەم وا دەڵێ، لە ناوچەکانی دیکە پێی دەگوترێ "دەڵێی گۆزەی سەرەوخوونە" و چەندین شتی لەو جۆرەی دیکەش... وەرگێڕی کورد)

مثل دم اسپ باران می‌آید cats
It’s raining and dog

### دابەشکردنەکان لە سەر بنەمای تێڕوانینە تیۆرییەکان

لە سەر بنەمای پێناسە جۆراو جۆرەکانی وەرگێڕان و تیۆرییەکانی زمانناسی لەم بوارەدا، کەسایەتییە ناسراوەکانی زمانناسیش سەرقاڵی پۆلێنەکردنی جۆرەکانی وەرگێڕان بوون کە لێرەدا ئاماژە بە سێ پۆلێنەکردنی بەرچاو دەکەین.

**١ـ جۆرەکانی وەرگێڕان لە ڕووانگەی کێت فۆڕدەوە**

کێت فۆڕد کە وەرگێڕان بە جێگیرکردنی توخمەکانی دەقێکی زمانی سەرەتا بە هۆی توخمەکانی دەقی زمانی مەبەستەوە دەزانێ، ئەو بە سێ بەش دابەش دەکا:

**وەرگێڕانی پوخت لە بەرامبەر وەرگێڕانێکی ناپوخت دا*

لێرەدا پێودانگی دابەشکردن، ڕادە و ئاستی توخمە لە دەقی زمانی سەرەتادایە کە وەردەگێڕدرێ. ڕادەی دەقێك بە سەرنجدان بە هەلومەرج و پێویستییەکانی پێوەندی وێدەچێ لە نێوان ڕستەیەکی ساکار یا دێڕێك دا، پاژێکی کتێب و یەك یا چەند بەرگ کتێب بگۆڕدرێ. لە وەرگێڕانی پوخت دا تەواوی دەقێك وەردەگێڕدرێ لە حاڵێك دا لە وەرگێڕانی ناپوخت دا هێندێك بەشی دەقی زمانی سەرەتا دەقا و دەق بۆ دەقی مەبەست دەگوازرێتەوە. هۆی ئەم پرسە دەکرێ وەرناگێڕدرێ بوونی توخمێکی زمانی سەرەتا بۆ وێنە هۆی نەبوونی هاوتای ناسراو یا بە شێوە یا مێتۆدی تایبەتی وەرگێڕێك و یان پێوەندی بە پێویستییەکانی پەیامی دەقێکی پێوندیدارەوە بێ.

**وەرگێڕانی گشتی لە هەمبەر وەرگێڕانی بەرتەسك دا*

پێوەری ئەم دابەشکردنەی ئاستەکانی ستراکتۆری زمانە. ستراکتۆری زمان ئاستگەلێکی جۆراوجۆری وەك واژەناسی، واژە ڕێکخەری، تەك واژەیی، شێوە، ئاماژەناسی (نگارەشناسی) و هەتا دوایی هەیە. لە وەرگێڕانی بەرتەسکدا، جێگیربوونی توخمەکانی دەقێکی زمانی سەرەتا لە لایەن توخمەکانی دەقێکی زمانی مەبەستەوە لە هەموو ئاستەکانی ستراکتۆریدا ئەنجام نادرێ. بۆ وێنە لە بەشێك لە وەرگێڕانەکان دا لە جیاتی وشەی ئینگلیزی image لە فارسی دا "ایماژ" بە کار دەبردرێ کە تەنیا ئاماژەناسی و واژەناسی زمانی فارسی لە زمانی سەرەتادا جێگیر بووە و لەم ڕووەوە بە وەرگێڕانێکی بەرتەسك دادەنرێ. لە بەرامبەردا، لە وەرگێڕانی گشتیدا کردەی جێگیربوونی توخمەکانی دەقێك لە گشت ئاستەکان لە ئاماژەناسییەوە(نگارەشناسی) بگرە تا ئاستەکانی واتایی و کارایی ئەنجام دەدرێ و توخمەکانی زمانی سەرەتا لە هیچ ئاستێك دا بۆ زمانی مەبەست ناگوازرێتەوە.

**وەرگێڕانی ئازاد لە بەرامبەر وەرگێڕانی وابەستەدا*

پێوەرێك کە کێت فۆرد بۆ ئەم دابەشکردنەی هەڵبژاردووە "قۆناغ"ی یەکەی ستراکتۆری زمانە کە ئەوەی لە دەستووری سیستماتیکی هالیدی وەرگرتووە. لە دەستووری هالیدیدا قۆناغگەلێکی دیاریکراو بۆ یەکەگەلی ستراکتۆری زمان (دەق، دێڕ، ڕستە، کۆمەڵ و وشە) لە بەرچاو گیراوە. لە نێوان قۆناغەکانی نابراودا هیرارشییەك هەیە و یەکەکانی هەر قۆناغێك لە توخمەکانی قۆناغی خوارەوەی خۆی پێك دێن. ئێستا ئەگەر لە کاتی وەرگێڕاندا، پڕۆسەی جێگیرکردنی توخمەکانی دەقێکی زمانی سەرەتا بە سەرنجدان بە تەواوی نێوەڕۆك و پەیام و بە بێ لەبەرچاوگرتنی قۆناغگەلی جۆراوجۆری یەکەکانی ستراکتۆری زمانی سەرەتا ئەنجام بدرێ پێی دەگوترێ وەرگێڕانی ئازاد. بەڵام ئەگەر وەرگێڕ هەوڵ بدا قۆناغەکانی زمانی سەرەتا بە بێ گۆڕان بۆ زمانی مەبەست بگوازێتەوە واتە ڕستە بە ڕستە، واتا بە واتا، وشە بە وشە و... وەرگێڕێ وەرگێڕانێکی ئەوتۆ وەرگێڕانی وابەستەی پێ دەگوترێ. لە ڕاستیدا دابەشبوون لە سەر بنەمای ئاستەکانی وەرگێڕان لە گەڵ ئەم دابەشبوونە یەکتر دەخوێنێتەوە. بەمشێوەیە کە وەرگێڕانی وشە بە وشە هەمان وەرگێڕانی وابەستە لە قۆناغی وشەدایە، وەرگێڕانی ئازاد وەرگێڕانێکی ناوابەستەیە کە لە هەڵبژاردنی هاوتادا هیچ جۆرە بەربەست و لەمپەرێك بۆ ئەو بوونی نیە و وەرگێڕانی دەقا و دەق کە ئاستی ناونجی ئەم جۆرە وەرگێڕانانەیە و لەودا وەرگێڕانی وشە بە وشە بە گۆڕانێکی کەمترەوە بە پێی ڕێزمانی زمانی مەبەست ئەنجام دەدرێ.

---

# کۆماری ئیسلامی، ئیزنی نەدا کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە فستیڤاڵی گەلاوێژدا بەشدار بن

سمایل شەرەفی

فستیڤاڵی گەلاوێژ یەکێك لەو فستیڤاڵە پڕنێوەرۆكو بەرچاوانەیە کە ساڵانە لە سەر ئاستی هەر چوارپارچەی کوردستان، لە کوردستانی باشوورو بەتایبەت لە شاری سلێمانی بەڕێوە دەچێ.

بەڕێوەبرانی ئەم فستیڤاڵە ئەدەبی و کولتووریو ڕووناکبیرییە هەموو ساڵێك بە مەبەستی پڕناوەرۆکتر کردنو گشتگیرکردنی ئەم فستیڤاڵە کوردییە لە ئەدیبانو نووسەرانو ڕووناکبیرانی کوردی پارچەکانی دیکەش دەگێڕنەوەو بانگهێشتنی فستیڤاڵیان دەکەن. زۆر جار تەنانەت لە نووسەرانی فارسو تورکو عەرەبیش دەگێڕنەوەو بانگهێشتنیان دەکەن.

بەرنامەکانی فستیڤاڵی ئەمساڵی گەلاوێژ، واتە دەهەمین فستیڤاڵی گەلاوێژ، ڕۆژی پێنج شەممە ٢ی سەرماوەز لە شاری سلێمانیو لە ژێر ناوی "ئاشتیو ئازادی ساباتی ڕاهێنانە" دەستی پێکرد.

فستیڤاڵی گەلاوێژی ئەمساڵ کە نزیك بە ٢٠٠ ڕووناکبیرو نووسەرو میوان لە ناوچە جیاجیاکانو خەڵکی بیانی تێیدا بەشدار بوون، بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو ژمارەیەکی یەکجار کەم لە نووسەران، ئەدیبانو ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیدا بەرچاو دەکەوت. مەلابەختیار سەرپەرشتیاری گشتیی فستیڤاڵی گەلاوێژ لە ڕۆژی دەسپێکی بەرنامەی فستیڤاڵەکەدا ئاماژەی بە غایب بوونی میوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردو ڕایگەیاند، ئەو میوانانەی کە ئەمساڵ بۆ فستیڤاڵ بانگهێشت کران زیاتر لە ٢٠٠ کەسو نزیکەی ٤٠ کەسیان خەڵکی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بەڵام بەداخەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیزنی پەڕینەوەی ئەو میوانانەی ئێمەی لە سنوورەکان نەداوە.

دوای ڕاپەڕینی کوردەکانی باشووری کوردستان لە ١٩٩١و پێکهاتنی دەسەڵاتی خۆماڵی لەم بەشە لە کوردستان ـ هەرچەند سنووره دەسکردەکانی نێوان پارچەکانی لە ڕووی سیاسییەوە نەسڕدراونەتەوەو بگرە زیاتر لە جاران چاوەدێریی کران بەڵام لە ڕووی فەرهەنگییەوە ـ ئازایەتیی نووسەرانو ئەدیبانو ڕووناکبیرانو هونەرمەندانی نەتەوەکەمان لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر ئەم سنووره دەسکردەی داگیرکەرانی کوردستان سڕابۆوەو نەتەوەکەمان توانیی لە ڕووی هەستو ڕۆحەوە یەکپارچەیی خۆی وەدەست بهێنێتەوە.

سەردانی نووسەرانو هونەرمەندانو ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لە دەزگاو ناوەندە کولتوورییەکانی کوردستانی ئازاد کراوو، ناسیاویو تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ نووسەرانو هونەرمەندانی باشووری کوردستانو بیروڕاگۆڕینەوەیان لەگەڵ یەکتریو بەڕێوەبردنی چەندین فستیڤاڵو کۆنسێرتو فستیڤاڵی هاوبەش هەروەك وتمان تا ڕادەیەکی زۆر توانیی کاریگەریی لە سەر ڕۆحی یەکیەتییو یەکگرتوویی نەتەوەیی، نەتەوەکەمان هەبێو بە گشتی ڕۆحی تاکەکانی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لێك نزیك بکاتەوە.

دیارە دروست بوونو دروست کردنی ئەم پێوەندییە ڕۆحییە نەتەوەیییە بەرزە نرخی بۆ دراوە، بە دەیان جار نووسەرانو هونەرمەندانو، ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دەزگاکانی زانیاریو سیخوریی کۆماری ئیسلامییەوە لێپرسینەوەیان لێدەکراو، نابێ لەبیری بکەین کە گەلێك نووسەرو ڕووناکبیری نیشتمانپەروەر بە تاوانی سنوور پەزاندنو سەردان لە باشووری کوردستان ڕاپێچی بەندیخانەکانی ڕێژیم کراونو بێحورمەتییان پێکراوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە یەکگرتوویيو یەکیەتیی کوردان بە مەترسییەك بۆ سەر دەسەڵاتە داسەپاوەکەی خۆی بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەزانێو، لە بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی ڕۆڵەکانی کورد زەندەقی چووە، ماوەی نزیك بە دوو ساڵە بە توندی دژ بە پێوەندیی فەرهەنگیی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان ڕاوەستاوەو، کار بۆ یەکجاریی پساندنی ئەم پێوەندییانە دەکا.

ڕێگرتن لە لە میوانانی فستیڤاڵی گەلاوێژو ئیزن پێنەدرانیان یەکێکە لەو هەوڵانەی کاربەدەستانی ڕێژیم دژی ئەم پێوەندییە کولتووری، ڕوحیو نەتەوەییە.

ئیزن نەدانی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەشداری کردنیان لە دەیەمین فستیڤاڵی گەلاوێژدا، یەکەم: دژایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیە لەم پێوەندییەدا. فشار خستنە سەر بڵاوکراوە کوردییەکانی وەك حەوتوونامەی "ڕۆژهەڵات"، "پیام مردم"،و دادگایی کردنی نووسەرانیانو بەڕێوەبەرانیان بە تۆمەتی وەرگرتنی یارمەتیی ماڵی لە کوردەکانی باشووری کوردستانو بێئێعتبار ڕاگەیاندنی مەدرەکی زانکۆکانی کوردستان بۆ خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ناوەندی توێژینەوەی زانکۆکانی ئێران..... هتد ئەو ڕیزە هەوڵانەن کە بە شێوەیەکی سیستماتیك دژایەتی پێوەندیی نێوان کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو باشووری کوردستان لە هەموو بوارەکاندا دەکەن.

ئایا ئەم هەوڵانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئێستا چەند توانیویانە پێش بەم پێوەندییانە بگرنو، درێژەدانیان لە داهاتوودا چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟

ئەگەر ئەمڕۆ هێزەکانی ڕێژیمو کاربەدەستان ئیزنی دەربازبوون لە سنوور بە نووسەرانو، هونەرمەندانو ڕووناکبیرانی نەتەوەکەمان بۆ پارچەیەك لە کوردستانی خۆشەویستمان نادەن، چۆن دەتوانن پێش بە شەپۆلی بەهێزی ڕاگەیەنە گشتییەکان بگرن!!؟ ئەگەر نووسەرانی حەوتوونامەی ڕۆژهەڵات بە تاوانی نووسینی ڕاستییەکانو دەردی نەتەوەکەیان ڕاپێچی بەندیخانەکان دەکرێن، ئەو ڕێژیمە چۆن دەتوانێ پێش بە

**هێرشی ماڵپەڕەکان بگرێ؟!!**

سەرەڕای ئەو هەموو زەختو فشارەی کە لە سەر هونەرمەندانو، نووسەرانو، ئەدیبانو ڕووناکبیرانی نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، بەڵام دیسانیش دەبینین ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پێوەندیگرتن لە نێوان کوردی پارچەکانی کوردستان لە پەرەسەندن دایە.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتیو نووسەرانو هونەرمەندانو ڕووناکبیران بە تایبەتی، لە ماوەی ئەو ١٣ ـ ١٤ ساڵەدا سەلماندوویانە، کە ئەوەندەش دەروەستی ئیزنی کاربەدەستانی ڕێژیم نین بۆ سەردان لە باشووری کوردستان. ڕۆژانە بە سەدان کەس لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات سەردانی باشوور دەکەنو پێوەندییەکانیان پتەوتر دەکەن. ساڵانە پۆل پۆل کچو کوڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ناونووسی دەکەنو درێژە بە خوێندن دەدەن. ساڵانە بە سەدان هونەرمەندی گۆرانیبێژ بە یارمەتی ناوەندە کولتوورییەکانی باشوور کۆنسێرت ساز دەکەنو کلیپی گۆرانییەکانیان دەکەن. ساڵانە بە دەیان کتێب لە نووسەرانی ڕۆژهەڵات لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژانەی وەك ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا چاپو بڵاودەبنەوە، ڕۆژانە چەندین وتار بە قەڵەمی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژانەی وەك ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا چاپو بڵاودەبنەوە، ڕۆژانە بە سەدان هەزار منداڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاو لە بەرنامەکانی خۆیان لە تەلەویزیۆنە کوردییەکانی باشووری کوردستان دەکەنو بە زمانی زگماکی خۆیان سروودی نیشتمانی دەڵێنەوە.

کەوابوو ڕێژیمی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ دژایەتیی ئیرادەی یەکگرتووی یەکیەتیی ڕۆحیی نەتەوەیی کورد بکاو، ناتوانێ ئەو سنوورە دەسکردە کە لە باری سیاسییەوە بەسەرماندا سەپێنراوە بە سەر ڕۆحی نەتەوەییو هاوپێوەندی کولتووری کورداندا بەسەپێنێ.

# پرسی نەتەوەیی

## مافی نەتەوەیی‌و مافی هاوولاتیبوون

٣ـ٣

یەکێك لە لێڕوانینەکانی دیکە، لەم ململانێ تیۆرییە، لە سەربابەتی نەتەوەیی‌و چارسەرکردنی تێگەیشتن لە مافی نەتەوەیی‌و مافی هاوولاتیبوونە. بەهرەمەند بوون لە مافی نەتەوەیی، مافێکە دیموکراتیك کە هەر هاوولاتییەك لە هەر ولاتێکدا، دەبێ لێی بەهرەمەند بێ، بەلام ئەمە هەر هەمان مافی هاوولاتیبوون نیە. لە ولاتێکدا بە فرەرەنگیی نەتەوەیی ، هەر تاکتیك تەنیا هاوولاتییەکی، بەلام لە هەمان کاتدا بەستراوەتەوە بە شوناسێکی نەتەوەیی‌و فەرهەنگیی دیاری کراوەو، پێویستە مافی هاوولاتیبوونی لە لایەن هاوولاتییانی دیکەوە، بە فەرمی بناسرێ. لە کۆمەلگایەکی دیموکراتیکی فرەنەتەوەدا، (فرنکسیونی) هاوولاتیبوون هەر ئەوە نیە کە لە کۆمەلگا دیموکراتیکە یەکدەستەکاندا هەیە. لە یەکەمیدا، مافی هاوولاتیبوونی بە فەرمی دەناسی، مافی تایبەتی نەتەوەیی جێبەجێ دەبێ، تاوەکوو رێ بۆ دیموکراسیی واقیعی خۆش بکرێ. ئەمەش مومکین نیە، مەگەر ئەوەی کە هاوولاتییەك کە سەر بە زمان‌و نەتەوەی بالادەستە، بە شێوەیەك رێز لە مافەکانی دیکە بگرێ کە سەر بە کەمایەتییە. بۆ نموونە فارس زمانێك دان بەوە دانانێ کوردێك یان عەرەبێك کێشەی نەتەوەیی هەیە،

**فارس زمانێك دان بەوە دانانێ کوردێك یان عەرەبێك کێشەی نەتەوەیی هەیە، بەڵکوو دەبێ ئەو راستییە قبووڵ بکا کە هاوولاتییە کورد یان عەرەبەکەی تووشی چەوسانەوەی نەتەوەیی بووە. وەك هاوولاتییەك وشیاریی دیموکراتیکی خۆی تا ئەو ئاستە بەرێتە سەرێ، بتوانێ مافی نەتەوەیی بەرامبەرەکەی بە فەرمی بناسێ.**

نووسینی: بێهزاد کەریمی ........................................ و: ئازاد شێخی

بەڵکوو دەبێ ئەو راستییە قبووڵ بکا کە هاوولاتییە کورد یان عەرەبەکەی تووشی چەوسانەوەی نەتەوەیی بووە. وەك هاوولاتییەك وشیاریی دیموکراتیکی خۆی تا ئەو ئاستە بەرێتە سەرێ، بتوانێ مافی نەتەوەیی بەرامبەرەکەی بە فەرمی بناسێ. ئەوە هەڵەیەکی زۆر مەزنە کە بوترێ کێشەی هەموو خەڵکی ئێران یەکێکەو، ئەویش نەبوونی دیموکراسی‌و بەرامبەرییە، گەر دیموکراسی‌و بەرابەرییش دابین ببێ، هەموو کێشەکان چارەسەر دەکرێن! ئەمە وەکوو ئەوە وایە کە بگوترێ، کێشەی ژن‌و پیاو یەکێکەو بە جێگیربوونی ئازادی‌و دیموکراسی، چەوسانەوەی ژن بە دەستی پیاو، بۆخۆی لەنێو دەچێ! ئێستا ئەوەی کە ژن بە دوو شێوە دەچەوسێتەوە، یەکێکیان شانبەشانی پیاو لەبەر نەبوونی دیموکراسی‌و ئازادی، ئەوەی دیکەشیان تەنیا لەبەر ژن بوونەکەیەتی. دیموکراسی تەنیا لە دارشتنێدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو مێتۆدێکە بەردەوام لە حالی کامڵبووندا‌و لەو هەلومەرجە رێژەییشەوە کە بە کامڵبوونی فیکری‌و فەرهەنگیی کۆمەڵگاوە گرێ دراوەو تەنیا لە رەوتی مێژوویی خۆی کامڵ دەبێ‌و، رەگ دادەکوتێ، دێمۆکراسیەکانی ئورووپا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستم میشدا هەبوون ، بەلام لە زۆربەیاندا ژنان لە ماف دەنگدان بێبەش بوون‌و تەنیا بە پاڵپشتی هێزی خەباتی فێمینیستی بوو کە ئەم دیموکراسیيانە بە سەر کێشەکان‌و کەموکورییەکانی خۆیان لەم بوارەدا سەرکەوتن.

لە بیاڤی بیری چەپدا ئەم بابەتە تەنانەت دەبەسترێتەوە بە سەرکەوتنی سوسیالیزمەوە. لە سەر بنەمای ئەم هزرە، وەدیهاتنی واقیعیی‌و بەرابەری مافی ژن‌و پیاو دەخرێتەوە پاش لە نێوچوونی چەوسانەوەی چینایەتی‌و جێگیر بوونی عەدالەتی کۆمەلایەتی‌و خەبات بۆ دابینبوونی ماف لە کردەوەدا بە کارێکی لاوەکی دادەنرێ‌و دەکەوێتە ژێر باندۆری خەباتی چینایەتییەوە، ئەمە لەباری کێشەی نەتەوەیی‌ومافی نەتەوەییشەوە راستە. لە ولاتێکدا کە چەند نەتەوەی تێ دایە، هەر جۆرە بەرنامەیەك کە راشکاوانە باسی دابینکردنی مافی نەتەوەیی نەکردبێ‌و لە پێکهاتەی سیاسی‌و یاسایی پێشنیار کراوی خۆیدا بە شێوەیەکی روون باسی لێوە نەکردبێ‌و بە رەسمی نەی ناسێنێ. ئاکامی هەرە دیاری ئەم رەوشەش، لادانە لە دیموکراسی، لەوەها ولاتێکدا مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی مافێکی گشتیی هاوولاتیبووندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو مافی نەتەوەییش دەگرێتەخۆ، ئەو بەشە لە هاوولاتییان کە خۆیان بە شوناسێکی نەتەوەیی دیاریکراو پێناسە دەکەن، دەبێ هەست بکەن‌و دڵنیان لەوەی کە مافی خۆیانە بە دەستی خۆیان بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆیان بدەن، لەم جۆرە ولاتانەدا هیچ نەتەوەیەکی تایبەت ئەو مافەی نیە کە بڕیار لەسەر چارەنووسە نەتەوەییەکانی دیکە بدا، پێناسەکردنی مەسەلەی نەتەوەیی لە دەلاقەی مافی هاوولاتیبوونەوە یەکێك لە مێتۆدە هەرەبەرچاوەکانی بازدانە بەسەر کێشەی نەتەوەییدا، ئەم مێتۆدە کە زۆرتر لە ناو ئەو رۆشنبیرە دیموکراتانەدا لایەنگری هەیە کە باش لەوە تێگەیشتوون کە چەسپاندنی دیموکراسی‌و دابینکردنی مافی هاوولاتی لە ولاتی ئێمەدا پرسێکی سەرەکییە. بەلام کێشەکەی ئەوان لەوەدایە کە ئامادە نین مافی نەتەوەیی لە مافی هاوولاتیبوون جوێ بکەنەوە. ئەم شێوازە لە نەبوونی تێگەیشتن‌و یان وشیاریی سەقەت، لە سەر سەربەخۆیی مافی هاوولاتییەتی‌و بەستنەوەی ئەم دوانە پێکەوە سەرچاوە دەگرێ. لە بواری پراکتیکیشدا ئاکامی کارەساتباری لادەکەوێتەوە، لە خۆڕا نیە کە ئالاهەلگرانی ئەم شێوەبیرکردنەوەیە، هەلومەرجی کارەساتباری ئێستای عێراق بە نموونە دێنینەوەو قەیرانی ئەم ولاتە بەوە پاساو دەدەنەوە کە، لە عێراقی ئێستادا بنەماکانی پێوەندییە سیاسییەکان لەم ولاتەدا بوونەتە ئەلقەی پێوەندیی نێوان دوو فاکتوری نەتەوەیی، مەزهەبی لەگەڵ یەکدی، نەوەك مافی هاوولاتییانی عێراقی، ئەم روانگەیە بێ‌ئەوەی بەڕاستی مەبەستی پاکانەکردن بێ بۆ دیکتاتۆریی خوێناویی سەددام حوسێن، بەلام بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن پاساو بۆ سەروەریی ملهوریی قۆناغێکی مەترسیدار دێننەوە کە لەودا، بەشی میلیۆنان کوردو شیعەی عێراقی بۆمبارانی شیمیایی‌و گۆڕی بەکۆمەڵ بوو، لەناو عەرەبە دەسەلاتدارە سونەتییەکانیشدا هێژمونیی تایبەتی عەشیرەتی تیکریت، بە سەرۆکایەتیی سەددام حوسێن سەپابوو! گەر ئەوان باوەڕیان بە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ هەر کەمایەتییەکی نەتەوەیی هەبێ، لە بەرنامەی پێشنیارکراویاندا، بەشە تایبەتییەکانی دابینکردنی مافگەلی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بخەنەروو. لە سیستمی دیموکراتیکی دلخوازی خۆیاندا نیشان بدەن کە لەگەڵ هزری ئایەتۆڵلا بەهەشتیدا کە دەیگوت: کوردستانیش هەر یەزدە، جیاوازییەکی بنەڕەتییان هەیەو لە ناسەنتراڵەکەی ئەوان بۆ دوارۆژی ئێران، کەمەنەتەوایەتییەکان لە مافە نەتەوەییەکانی خۆیان بەهرەمەند دەبن، دیارە دەتوانین بە مێتودی گونجاندنی تێکڕای کێشەکە لە چوارچێوەی مافی هاوولاتیبوون لەگەڵیان بەئەنجامێك بگەی‌و ئەوپەڕی وەك داهێنانێك چاوی لێبکەین کە لە بواری ناوەرۆکەوە گرینگایەتییەکی ئەوتۆی نیەو گەنگەشە هەڵناگرێ. بەلام گەر پێداگرتنی ئەوان لەسەر "حل المسایل" مافی هاوولاتیبوون، ببێتە مایەی شێواندنی، کە بەداخەوە وادیارە، چیدیکە ناتوانین بەسانایی بەلایدا تێپەڕین‌و لەگەڵیدا بە کێشە نەبین، گرینگایەتیی هەڵوێستە کردن لەسەر بابەتی مافی نەتەوەیی‌و مافی هاوولاتیبوون‌و هەستی هاوپێوەندیی گرووپی‌و سەربەخۆیی‌و دانانی لە ناوەندی ململانێ فیکرییەکاندا، راست لێرەدایە.

لایەنێکی دیکەی پرسەکە پێوەندیی نێوان مافی نەتەوەیی‌و هاوولاتیبوون‌و باندرۆری مافی نەتەوەیی‌یە لە سەر مافی هاوولاتیبوون. روانگەیەك کە پێ وایە بە وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی، مافی هاوولاتیبوون بۆخۆی دابین دەبێ، ئەمە ئیدی چاوبەستکردنێکی حاشا هەڵنەگرە، سەرکەوتنی ناسیۆنالیزم بە هیچ شێوەیەك بە واتای گەیشتن بە دێموکراسی نیە، هەروەها بە پشت بەستن بە بەڵگە مێژووییەکانیش دەردەکەوێ زۆر لە دەسەلاتە نەتەوەییەکان بوون بە دەسەلاتگەلێکی سەرەڕۆو هێندێك لە ناسیۆنالیستەکان دەست بەجێ دەستیان داوەتە کردەوەی دیکتاتۆرانە لە نێو نەتەوەکەی خۆیانداو سەرەڕۆییان کردەوە. پێداگرتن لەسەر مافی نەتەوەیی‌و بێدەنگ بوون لە بەرامبەر مافی هاوولاتیبووندا، یان دواخستنی بۆ پاش سەرکەوتنی ناسیۆنالیزم، راست بەمانای دواکەوتوویی‌و دژایەتی دیموکراسییە. ئەوە قەت رێکەوت نیە

**پێداگرتن لەسەر مافی نەتەوەیی‌و بێدەنگ بوون لە بەرامبەر مافی هاوولاتیبووندا، یان دواخستنی بۆ پاش سەرکەوتنی ناسیۆنالیزم، راست بەمانای دواکەوتوویی‌و دژایەتی دیموکراسییە.**

کە بە گوێرەی ئەم روانگەیە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج، پەنابردنەبەر هەرچەشنە هاوپەیمانییەکی سیاسی‌و هەرچەشنە ساتوسەودایەکی سیاسی بەو مەرجەی کە لە خزمەتی وەدیهێنانی مافی نەتەوەیی ئەواندا بێ، بەسوودو رەوایە. لەلای هەلگرانی ئەم روانگەیە بۆنموونە لە ئێرانی خۆماندا، هەڵکردن لەگەڵ هاوزمانە کۆنەپەرستو دیکتاتۆرەکان، زۆر ئاسانترە لە هەڵکردن لەگەڵ هاوولاتییەکی دیموکراتی سەربەنەتەوەیەکی دیکە! روانگەیەك کە مافی هاوولاتیبوون لەهەر ئاست‌و فورمولێکدا بکاتە فیدای مافی نەتەوەیی، لە راستیدا حاشا لە ئازادیی تاك دەکاو هاوولاتی وەك ئامرازێکی کەم بایەخ‌و لە خزمەت دەرکەوتنی (رۆحی نەتەوەیی)، سەیر دەکا، روانگەیەکی لەم شێوەیە گەر باس لە دیموکراسی بکا، بەلام نەیهەوێ لە چوارچێوەی مافی هاوولاتیبووندا پیادەی بکا، دیموکراسی کردۆتە ئامرازێك بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجە دیکتاتۆرییە ناسیۆنالیستیەکانی.

ئەگەر لە ولاتێکی فرە نەتەوەدا، پێویست بێ، مافی نەتەوەیی لە کاتێکدا کە بە مافی هاوولاتیبوونەوە گرێ دراوە، لە هەمان کاتدا دەبێ بە سەربەخۆییەکی رێژەییەوە لێبڕوانین، لەبەرامبەردا مافی هاوولاتیبوون دەبێ بکرێ بە هاورێیەکی جیانەکراوەی مافی نەتەوەیی‌و شیلگیرانەو بێ هیچ پێچ‌و پەنایەك پێ لەسەر هەردووکیان دابگرین.

درێژەی لاپەڕی ٨

## وەڵامی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دیموکرات

## بە پێشنیارە ١٧ خاڵییەکەی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی

ئەو خاڵە بەڕواڵەت لە وەڵامی بەندی یەکەمی داخوازەکان دا هاتوە. بەڵام وەك زۆر جاری دیکە لە ئەسڵی مەتڵەب لای داوە. لە پێش دا وشەی ئۆپۆزیسیۆن بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێوە ئیرادێکی لەسەر نیەو پێش ئەوەش کە ئێمە بینووسین چەند جار لە لێدوانەکانی کاك مستەفا هیجری دا هاتوەو عەیبیشتان لێ نەگرتوە. ئەوەش کە لە پێڕەو دا نەهاتوە بەو مانایە نیە کە نابێ بەکار ببرێ. پاشانیش مەسەلە ناو نیە. دەتوانین ناوێکی دیکە وەك قۆڵ یا جەناح هەڵبژێرین. مەسەلە ئەوەیە ئێوە قبووڵ بکەن جەمعێك غەیری خۆتان هەیە کە دەبێ حیسابی بۆ بکەن و لەگەڵی تەڕەف بن, هەر وەك ئەو کاتەی ئێوە لە رێبەرایەتی دا کەمینە بوون رەفتارتان لەگەڵ کراوە. بە دروستیش نازانین خۆتان بە زۆرینەو بەرامبەرەکەتان بە کەمینەی حیزب ناو بەرن, چونکە ئەمە هەم ئێستا روون نیەو هەم قابیلی گۆڕانە. دروستتر ئەوەیە بڵێین زۆرینەو کەمینەی رێبەری.

- خاڵەکانی چاردە تا حەڤدەی ئێوە شتی ئوسوولین و ئەگەر ملتان بۆ یەکڕیزیی حیزب و مسۆگەرکردنی وەك یەکیی ماف و ئەرکەکانی

ئەندامانی حیزب راکێشا کەس نکوولی‌یان لێ ناکا. بەڵام بەڕاست ئێوە خۆتان پرەنسیپە دیموکراتی‌یەکان دەپارێزن، یان دیموکراسی تەنیا لە داوای ملکەچیی کەمایەتی‌دا کورت دەکەنەوە؟

هێندێ بەندی داخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش وەك بەندەکانی پێنجەم, نۆیەم, حەڤدەیەم، هەژدەیەم و نۆزدەیەم کە بەلای ئێمەوە گرنگ‌و بەشێکی گرنگ لە داخوازەکانمانن لە نووسراوەکەی بەڕێزتان دا نە لە نیزیك و نە لە دوور ئاماژەیان پێ نەدراوە. ئەمە ئەو سیگناڵە دەنێرێ کە سوورن لەسەر ئەوەی لەو بوارانەدا کە ئەو چەند بەندە باسیان دەکەن, لەگەڵ ئەوەی بەشێکیان مافی ئەندامانی حیزب و بەشەکەی دیکەیان پرەنسیپی "مشارکت"ن, هەر بەو شێوەیە رەفتار بکەن کە تا ئێستا کردووتانە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی پێمان دەڵێ کە ناتوانین ئومێدێکمان بە گۆڕینی سیستمی بەڕێوەبەریی زۆرایەتیی ئێستای کومیتەی ناوەندی هەبێ.

لە هەمووی گرنگتر بەندی سێیەمی داخوازەکانە کە "بزرگوارانە" بە تەنیشتی دا تێپەڕیون. هاوڕێیان! ئارەزوومانە باوەڕ بکەن کە ئەگەر هەموو داخوازەکانی ئێمە پێوەندی‌یان بە کێشەی جەناحی‌یەوە هەبێ ئەمەیان وا نیە. بە هەموو مەسئوولییەتەوە دەڵێین ئەگەر لە نێو حیزبی دێموکرات دا چووکترین ناکۆکییشمان نەبووایە نەزەری ئێمە لەسەر نامەی کاك مستەفا بۆ ئاغای نەزمی ئەفشار هەر ئەوە دەبوو کە لەو بەندەدا هاتوە. هەروەك لەوێدا گوتوومانە "ئەمە پێوەندیی بە مەسەلەی خاك و کەرامەتی نەتەوەیی‌یەوە هەیە". وەرن ئازایانە بیر بکەینەوەو رەفتار بکەین. با حیزبمان لە هەموو کەس و ئۆرگانێك پێ گرنگترو گەورەتر بێ و میللەتیشمان لە حیزب پێ گەورەترو گرنگتر بێ. "هەڵەیەك کە لە نامەی بەڕێز سکرتێر بۆ ئاغای نەزمی ئەفشاردا کراوە، بە بێدەنگە لێکردن راست ناکرێتەوە"و سبەی رۆژێ ئازەربایجانییەکان هەقیانە بڵێین مەهابادو سەردەشت و ... ئازەربایجانن نەك کوردستان, چونکە سکرتێری گەورەترین حیزبی کوردی قبووڵی کردوە. لە خۆڕا دەفەرموون ئەگەر وا نەبایەو وا نەگوترایە شەڕی کوردو ئازەری دروست دەبوو. خۆ ئەوە بلاو نەکرابۆوە تا بڵێین بۆیە وا نووسرابوو. پاشان شەست ساڵە دەڵێین کوردستان لە چوار ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاواو کوردستان و کرماشان و ئیلام پێك هاتوە, چ ناکۆکی‌یەکی لەسەر ساز بووە, هەتا ئێستا شەڕی لێ بکەوێتەوە؟

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

ئێوە کە ١٧ خاڵتان بەدوای یەك دا ریز کردوە، مەبەستتان ئەوە بووە کە خوێنەری ناشارەزا وا تێبگا لە بیست خاڵی پێشنیار کراوی ئۆپۆزیسیۆن حەڤدەیتان قبووڵ کردوە. لە کاتێك دا وەك روونمان کردەوە ئێوە تەنیا ئاماژەتان بە ١٣ خاڵ داوەو ئەویش لە زۆربەی هەرە زۆریان دا یان بۆ رەتکردنەوە یان بۆ شێواندنە. بۆ وێنە باسی خاڵی ١٤ی داخوازەکانتان نەکردوە کە تەنیا خاڵێك بوو بە جۆرێك داوای پۆست و ئیمتیازی دەکردو لەم دواییانەدا بە نووسین پێمان راگەیاندن کە وازی لێ‌دێنین.

پاشان لە پێشەکیی نامەکەتان دا باسی "هەوڵو تێکۆشانی دۆستان‌و دڵسۆزانی حیزبەکەمان دەکەن. پرسیار ئەوەیە چ بایەخێکتان بۆ ئەو هەولانەی دڵسۆزان دانا؟ مەگەر ئێوە بە راشکاوی نێوبژیوانیتان رەت نەکردەوەو پروپاگەندەی دنیاشتان لە سەر وەڕێ نەخست کە نێوبژیوانیی دۆستان(یا بە گوتەی ئێوە لایەنی دەرەکی) سەربەخۆیی حیزب دەخاتە ژێر پرسیار؟

جگە لەوە، ئێوە دەتانەوێ کاك مستەفا وەك بێلایەن دابنێن‌و وا بنوێنن کە هەولێکی زۆری بۆ پاراستنی یەکڕیزیی حیزب داوە. لە حاڵێك دا ئێمەش‌و ئێوەش دەزانین‌و هەموو کەسێکی شارەزاش دەزانێ کە ئەو بەڕێزە نووکی هێرەمی جەناحی ئێوەیە (کە ئەمە هیچ ئیرادێکی لەسەر نیە)و لە دیفاع لە بۆچوونەکانی قۆڵەکەشی دا لە هەمووان چالاکتر بووە. ئەگەر بە ئینسافەوە داوەری بکەن، ئەوە بەرێز عبداللە حسن زادە بوو کە لەگەڵ ئەوەی پێش کۆنگرەی دەیەم لە جەناحێك دابوو، هەموو قورسایی خۆی دانا بۆ ئەوەی حیزبێکی دووپارچە یەك بخاتەوەو پاشانیش لە ماوەی زیاتر لە نۆساڵ بەرپرسایەتیی خۆی‌دا بەبەکاربردنی پرەنسیپی هاوبەشی‌و بەرەسمی ناسینی لایەنی بەرامبەرو بە دانی ئیمتیازی جۆراوجۆر بە کەمینە، یەکڕیزیی حیزبی وەك گلێنەی چاو پاراستو، لە کۆنگرەی سێزدەدا حیزبێکی یەکپارچەی وەك ئەمانەتێکی پیرۆز تەسلیمی کاك مستەفا کرد.

بەهەرحاڵ هەروەك رۆژی ٨٥/٨/١٤یش لە وەڵامی پێشنیارە ٧ خاڵی‌یەکەتاندا نووسیبوومان ئەو خاڵانەی ئێوە نووسیوتانن "ناتوانن میکانیزمی رێکخستنەوەی ریزەکانی حیزب بن". ئاواتمان ئەوەیە بە ئازایەتی و لێبڕاوی و لێپرسراوی‌یەکی زیاترەوە بێنە مەیدان و داخوازەکانی ئێمە کە شتێك نین جگە لە میکانیزمێك بۆ پێکەوەبوون و پێکەوە کارکردن، قبووڵ بکەن و هەروەك خۆتان فەرمووتانە "مۆژدەی لەنێوچوونی گیروگرفتەکانی نێوخۆی حیزب بە هەموو دۆستان و دڵسۆزانی حیزب بدەین".

وەبیرتان دێنینەوە کە ئێمە لەسەر ئیمزا کردنی رێککەوتننامەیەکی دوولایەنەو بوونی زەمانەتێکی ئیجرایی‌و هەروەها لەسەر پێویستیی هەڵوەشاندنەوەی بێ‌ئەملاوئەولای سزاکانی دوای ١٣٨٥/٥/٧ سوورین.

**لەگەڵ سلاوی دووبارە**

**ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزب**

**٢٠٠٦/١٢/١**

**١٣٨٥/٩/١٠**

# دەسەڵاتدارێتیی خەڵك

## بەشی یەکەم

وەرگێڕان بۆ کوردی: عەولا بەهرامی / وەرگێڕان بۆ فارسی: نەسرین تەباتەبایی/ نووسینی: Peter M.Merki
وەرگیراو لە: دایرەالمعارف دمکراسی

دەسەڵاتدارێتیی خەڵك بریتییە لەم بنواشەو پرنسیپە کە دەبێ دەسەڵاتی دەوڵەت لە خەڵکەوە سەرچاوە بگرێ. چەمکی دەسەڵاتدارێتیی خەڵك لە هەرکام لە خوێندنەوەکانی دەوڵەتی دیموکراتیكو بەتایبەت لە مێژووی دیموکراسیی ئەمریکادا لایەنی بنەمایی هەیە. بنەماکانی "ڕاگەیەندراوی سەربەخۆیی ئەمریکا" (١٧٧٦) ــ کە بە پێی ئەوان دەسەڵاتی دەوڵەت لە ڕەزامەندیی ئەو خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ کە حکوومەتیان بەسەردا دەکاو خەڵك دەتوانن بە هۆیەکی بەجێو شیاو دەوڵەت بگۆڕن یان بیڕوخێنن ـ نیشانەی جێگیربوونی دێموکراسی لە کۆلۆنی نشینەکانی ئەمریکاو سەرەنجام لە سەرانسەری جیهان بوو. بۆ وێنە، لە دەیەی ١٨٥٠دا دەسەڵاتدارێتیی خەڵك بابەتی سەرەکیی گەنگەشەکانی ستیون ئا. داگلاسو ئابراهام لینکۆڵن لە سەر پەرەپێدانی کۆیلەداری بۆ هەرێمە نوێیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو. لە سەردەمی هاوچەرخدا، کاتێك کە خۆپیشاندەرەکان لە "کۆماری دێموکراتیکی ئاڵمان" لە ١٩٨٩ ـ بە دروشمی " خەڵك ئێمەین" ــ ڕووبەڕووی دەوڵەتی کومۆنیستیی خۆیان بوونەوە، بەکار هێنانی دەسەڵاتدارێتیی خەڵك لە بزووتنەوەی خەڵکگەرایانە (پوپولیستی)ی ئەو وڵاتەدا دەورێکی گرنگی گێڕا.

هەرچەند دەسەڵاتدارێتیی خەڵك دەسەڵاتی کۆتایی بە ڕوونی بە خەڵك دەسپێرێ، ئەم چەمکە چۆنیەتیی هاتنەدی حکوومەتی خەڵك بە ڕوونی دیاری دەکا. بۆ وێنە، داگلاس بەڵگە بۆ ئەوە دێنێتەوە کە بڕیاردان لەم بارەیەوە کە ناوچەیەك کە لە بەرەبەری ئەوە دایە ببێتە هەرێمی (کۆیلەداری بێ یان ئازاد)، دەبێ بە خەڵك بسپێردرێ. بەڵام لینکۆڵن لەو بڕوایەدا بوو کە تەنرانەوەی کۆیلەدرای بۆ ناوچە نوێیەکان پێوەندیی بە کۆی نەتەوەوە هەیە. بێجگە لە جیاوازیی بۆچوونەکانی ئەوان سەبارەت بە پرسە ئاکارییەکانی باوبوونی کۆیلەداری لە نبراسکا، داگلاس دەیەویست کە بڕیاردان بە ڕەزامەندیی دەنگدەرەکانی نبراسکا بسپێرێ، لە کاتێکدا کە لینکۆڵن پێی باش بوو کە چارەنووسی ئەم بابەتە بە ڕەزامەندیی هەموو ئەمریکاییەکان، بە ڕواڵەت لە ڕێگای نوێنەرانی ئەوان لە کۆنگرێسدا ڕوون بکرێتەوە.

### ئەو پرسیارانەی دەسەڵاتدارێتیی خەڵکی دەیخولقێنن


هەروەك کە دەسەڵاتدارێتیی خەڵك ڕوونی ناکاتەوە کە ئایا دەبێ ڕەزامەندیی خەڵکی ناوچە یان هەرێمێکی تایبەت وەدەست بێ یان ئەوە کە ڕەزامەندیی نەتەوە، یان تەنانەت تەواوی جیهان، پێویستە سەبارەت بە هەموو ئامرازەکانی دیکەی حکوومەتی نوێی خەڵکیش ناڕوونیی هەیە یان بێدەنگەی لە بابەتەکە کردوەو تەنانەت ئەم پرسیارە بە ڕوونی وەڵام ناداتەوە کە ئایا خەڵك تەنیا قەوارەو پێئەسپێردراوی بنچینەیی حکوومەت ـ بۆ وێنە، بە پەسندکردنی یاسای بنچینەیی نووسراو ـ دیاری بکەن، یان ئەوە کە ڕەزامەندیی ئەوان بۆ دیاریکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەت یان دانانی ڕێبەرانی ئەویش پێویستە. ژمارەیەك لە لایەنگرانی بەرایی دەسەڵاتدارێتیی خەڵك، وەك جانێ سالزبری، قەشەو زانست توێژی ئینگلیسیی سەدەی دوازدەیەم، لەو بڕوایەدا بوو کە دەسەڵاتی پاشاکانی سەدەکانی نێوەڕاست لە ڕاستیدا لەلایەن خەڵکەوە بەوان درابووو خەڵكو قەشەکان بە جۆرێك پاشاکانیان لە لاڕێ بوون دەگێڕایەوە. بەڵام هەر ئەم لایەنگرانە [ی بەرایی دەسەڵاتدارێتیی خەڵك] ئەم مافەیان بە خەڵك نەدەدا کە لە دژی پاشا یان شازنە زۆردارەکان ڕاپەڕن، کاربەدەستە پایەبەرزەکان وەلانێن، یان گۆڕانکاریی لە سیستمی پاشایەتیی کۆندا پێك بێنن.

بنەمای دەسەڵاتدارێتیی خەڵك هەروەها بواری بۆ واتای دژبەیەك سەبارەت بەم پرسە پێك دێنێ کە ئایا سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراو زیاتر دەتوانێ حکوومەتی جێگای ڕەزامەندیی مسۆگەر بکا یان حکوومەتی پارلمانی بە شێوازی ئینگلیس. شێوە سیستمی ئەمریکایی دەسەڵاتەکان لە نێوان سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوو کۆنگرەی هەڵبژێردراودا دابەش دەکا. زۆر لە چاوەدێرە شارەزاکان ئەم ئەسپاردنەی دەسەڵاتە دژوازانە بە هاندەری نابەرپرسیارێتیی یان وەستان دەزانن. لە لایەکی دیکەوە، حکوومەتی پارلمانی هەڵبژاردنی کاربەدەستە بەڕێوەبەرەکانو سیاسەتەکانی دەوڵەت بە ڕادەیەکی بەرچاو لە دەسەڵاتی خەڵك دوور دەخاتەوەو ئەم کارە بە یاسادانەرە هەڵبژێردراوەکان دەسپێرێ. دەرەتانی هەڵبژاردن لە نێوان ئەم دوو سیستمەدا هەروا پرسیارگەلێك لەمبارەیەوە دروست دەکا کە ڕەنگە بوونی حیزبە بەهێزەکانو سیستمی حیزبیی دوو جەمسەری (باشتر لە سیستمی چەند حیزبی)، کە لە هەڵبژاردنی ڕێبەرانو سیاسەتەکاندا ئالتەرناتیڤی جیاواز دەخەنە بەردەم دەنگدەران، بۆ حکوومەتی خەڵکی باشترە لەو مافی هەڵبژاردنەی ولاتە یەکگرتووەکان کە دەکرێ بگوترێ دەرفەتی لێك جیاکردنەوەی تێدا نیە.

سروشتیە کە لە سەردەمی کۆمەڵگە سەنعەتییە ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆکەدا چاوەدێریی گشتی بەستراوەیی توند بە ڕێکخراوە نێوبژیوانەکانی وەك حیزبە سیاسییەکان، گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکانو ڕاگەیەنە گشتییەکان دەکاتە پێویستیەك. لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا، هیچ کام لەمانە، ئەگەر بەڕاستی لە ژێر چاوەدێریی خەڵکیش دابێ، ئەوەندە کۆنترۆڵ نەکراون کە لە خزمەتی ویستی گشتی دا بێو تەنیا وەدوای ئامانجەکانی خۆیان نەکەون. نزیکەی هەموو خاوەن ڕایان کۆدەنگن کە خەڵك نابێ خواستی خۆی ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکا بەڵکوو دەبێ ئەم کارە بۆ نوێنەرانی خۆی بەجێ بێڵێ بەڵام بنواشە یان پرنسیپی دەسەڵاتدارێتیی خەڵك بە وردی ناڵێ کە ئەم نوێنەرانە چۆن بە پێی چ جۆرە یاسایەکی هەڵبژاردن، بۆ بەدەستەوەگرتنی کام یەك لە پۆستەکانو بۆ چ ماوەیەك دەبێ هەڵبژێردرێن گرنگتر لە هەمووان، بنواشەی دەسەڵاتدارێتیی خەڵك لە خۆیەوە ئەم کێشەیە چارەسەر ناکا کە تەنانەت حکوومەتێك کە خەڵك ڕەوایی پێداوە دەبێ تا چ ڕادەیەك دەست لە مافەکانو بەرژەوەندیی تاکەکان وەربدا.

### گۆڕانی حکوومەتی خەڵك

چەمکی حکوومەتی خەڵك پرۆسەی دووروودرێژی "دنیایی بوون"و لێك جیاکردنەوەی پێواوەو گۆڕانگاریی تێدا پێك هاتوە. لە لای نەتەوە ئەورووپاییەکانی سەردەمە کۆنەکانو تەنانەت سەدەکانی نێوەڕاستیش، کارکردەکانی سیاسەتو دەوڵەت زۆر بە کەمی لە ژیانی کۆمەڵایەتیو مەعنەویی بە تەواوی جیاکرابۆوە ئەم جیاکردنەوەیە لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا ڕووی داوە. لە ئاکامدا، ئەگەرچی لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا وەك سەرچاوەی گرنگی دەسەڵاتی ڕەوا، فاکتی زۆر لەبیرمەندانو نووسەران لە دەست دایە، ئەم بۆچوونانە یان زیاتر دەربڕی ڕاستییەکی کۆمەڵایەتیی تارادەیەك یەکپارچەو هەڵنەسەنگێندراو بوون کە نەریتو باوەڕە ئایینییەکان بە سەر ئەواندا زاڵ بوونو یان، سەرنجیان نەداوەتە ئەو پرسە کە لە کردەوەدا چۆن دەتوانرێ توانای حکوومەت کردن لە خەڵکدا پێك بهێنرێ.



مێژوونووسانی یۆنانیو نووسەرانی سەدەکانی نێوەڕاست زۆرتر باسیان لە چۆنیەتیی دابەشکردنی ڕواڵەتیی دەسەڵات دەکرد کە لەواندا دەستەبژێرە میراتییەکانو هێندێك جار ڕێکخستنی ئایینی، ملکەچی بۆچوونی خەڵك دەبوون بەبێ ئەوەی کە هیچ چەشنە دەسەڵاتێکی فەرمییان بدەنێ. ئەگەر لە کاتی قەیرانە گەورەکاندا یان لە کاتی لێك بڵاوبوونی دەسەڵاتدا لە سەدەکانی شەشەم تا چوارەمی بەرلە زایین، دیموکراسیی دەوڵەت ـ شاری یونانی بەو چەشنەی کە بوو، لە پێوانەیەکی بچووكو بە ژمارەیەکی زۆر کۆیلەو دانیشتووی بیانییەوە ـ هێندێك چەمکی دەسەڵاتدارێتیی خەڵکی هەبوو. بۆ وێنە، ئەرەستوو لە کتێبی سیاسەت دا ئازادیی دیموکراتیك تەنیا بەم شێوەیە پێناسە دەکا کە تاك مافی ئەوەی هەیە بە نۆرە حکوومەت بکا. ئەرەستوو داکۆکیکاری دیموکراسی نەبوو، هەرچەند ئەوی لە ڕێژیمەکانی دیکە، لەوانە پاشاییو ئۆلیگارشی، جیادەکردەوە. دەورانی ئەرەستوو، کە بە هۆی گۆڕانکاریی ئابووریو قەیرانی سیاسی لەوکاتدا بە خێرایی لە گۆڕان دابوو، دیموکراسیی یۆنانیی دەکردە ناسەقامگیرترین شێوەی حکوومەت، مەگەر لەگەڵ توخمە زۆردارانەکانی ئۆلیگاریشی یان پاشایەتی ئاوێتە بایە. لە دۆخێکدا کە ئەفلاتوون ئەوەی بە ململانێی نێوان هەژارانو ساماندارান دادەنا، حکوومەتی خەڵك لە جیاتی بەستراوەیی بە پرۆسەی بەدامەزراوە بووی دیموکراسیی یاسایی، بەناچار بە حکوومەتی سەرەڕۆو بێیاسای خەڵك بێ کەسایەتیو نزمەوە بەسترابۆوە.

ژیاری ڕۆم لە دەرەوەی کۆماردا، کە لە دەوروبەری ٥٠٠ی بەر لە زایینەوە تا ٤٤ی بەر لە زایین بەردەوام بوو، لەو شێوازە دامەزراوەییو یاساییانەی کە لەوانەبوو سەنگو متمانە بە چەمکەکانی دەسەڵاتدارێتیی خەڵك ببەخشن زۆر نزیك بوو، بەڵام بە ڕواڵەت ئەوەندە سەرنج بە حکوومەتی خەڵك نەدەدرا. لە جیاتی ئەو نەریتی بەهێزی یاساو حکوومەتی هاوبەشی نێوان سێنای خانەدانیو تریبونە خەڵکییەکان دروست بوو. بە دەرکەوتنی سەرەڕۆیی ئیمپراتۆرانە لە سەردەمی یولیوس سزار و جێگرەکانیدا، ئەو یاسایەی کە خەڵك ڕەواییان پێدابوو بووەتە جەستەیەکی بێگیانو دەسەڵاتی ئەو بە پێی فەرمانەکانی ئیمپراتۆر سزارو بەبێ پەسندی خەڵك زەوت کرا. بە زیادبوونی دەسەڵاتی ڕەهای ئیمپراتۆرەکان دەسەڵاتی ئیمپراتۆری بە خێرایی پەرەی گرت، پەرۆشبوون بۆ کۆمار، بۆ وێنە ئەو بایەخەی سیسرون (١٠٦ ـ٤٣ ب . ز)، قسەکەری ڕۆمی، بۆ پێکهێنانی کۆمارێکی خاوەن تەکوزیو سوودمەندیی گشتی لەو دای دەنا، لەبیر کرا.

ئاماژەکانی سیسرون بە دەسەڵاتدارێتیی خەڵك، هەروەك ڕێزدانانی پریکلس لە دیموکراسی لە وتاری ڕەسائیەدا (٤٣١ ب.ز) کە لە ڕێورەسمی بەخاك ئەسپاردنی یەکەمین سەربازە کوژراوەکانی شەڕی پلوپۆنزی (بە پێی گێڕانەوەی توسیدید) خوێندرایەوە، زۆرتر دەربڕی ئارەزووکردنی سەردەمی ڕابردوو بوو تاوەکوو ڕێنوێنی بۆ هەنگاوی سیاسیی کردەیی.

لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا، بووژاندنەوەو ڕاقەی دووبارەی چەمکە یاساییە ڕۆمییەکان لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، سەرەڕای سنووردارێتییەکانی بڕوای ئایینی، مافە عورفییەکانو فیۆدالیسم، بە چەشنێکی چاوەڕوان نەکراو بوونە هۆی لەدایکبوونەوەی چەمکی دەسەڵاتدارێتیی خەڵك. "کلیسای کاتۆلیك"، بە ئەنجومەنە گەورەکانییەوە کە نوێنەری قەشەکان بوو، مۆدێلێکی خستە بەر دەستو دیارترین ئامرازی حکوومەتە نائایینییە خەڵکییەکانی داهاتووی خستە ڕوو کە بریتی بوو لە حکوومەتی بونیادنراو لەسەر نوێنەرایەتیو چەمکگەلێکی ڕوون لەم بارەیەوە کە دەوڵەت نوێنەری چ کەسانێکەو دژی چ کەسانێکە. فیودالیسمو عورف بوونە هۆی ئەوە کە چەمکەکانی مافو سەرەتییەکان، لە سەرەتادا تەنیا مافو سەرەتیی گەورەکانو کەسە حوقووقیەکان ڕوونتر ببنەوە، بەڵام هەر ئەم پێشینەیە دواتر بۆتە بنەمای پەرەگرتنو کامڵ بوونی هەموو مافە تاکەکەسییەکان. ژمارەیەك لە کۆمارە شارییەکانی ئیتالیا لە دەورانی ڕێنسانسدا شێوە گەلێك لە حکوومەتیان تاقی کردەوە کە دەسەڵاتی یاسادانانی کۆتایی بە هاووڵاتییە "قورستر"ەکان دەسپارد. مارسیلیوسێ پادوئایی، لە کتێبی داکۆکیکارانی ئاشتیدا (١٣٢٤)، تیۆرێك کە ئەم پرنسیپە پشتی پێ بەستبوو خستە ڕوو. بەم چەشنە، زۆر لەو مەرجە ئاوەزییانەی کە بۆ هاتنەدی بە کردەوەی دەسەڵاتدارێتیی خەڵك پێویستن وردە وردە لە سەدەکانی نێوەڕاست و لە ڕێنسانس دا سەریان هەڵدا. هەرچەند بەکارهێنانی ئەوان لە پارلمانەکان، دادگاکان، و هێندێك جار لە ئوتۆنۆمییە شارییەکانی فەڕەنسا یان ئیتالیا یان لە ئەنجومەنە کۆنەکانی هێند لە شارەکانی کانتۆنەکانی سویس دا کورت دەبۆوە.

**ئەرەستوو لە کتێبی سیاسەت دا ئازادیی دیموکراتیك تەنیا بەم شێوەیە پێناسە دەکا کە تاك مافی ئەوەی هەیە بە نۆرە حکوومەت بکا**

# بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان

## بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی

وەرگێران لە فارسی یەوە: قادر وریا

بە ئاگاداری لەم پێویستی‌یە بە پەلەیە کە مافەکان‌و بنەماکانی پێوەندیدار بە یەکسانی، ئاسایش، ئازادی، تەواوەتی‌و گەورەیی هەموو مرۆڤەکان، دەبێ بە شێوەیەکی جیهانگیر لەباری ژنانیشەوە ڕەچاو بکرێن،

بە سەرنجدان بەوە کە ئەم ماف‌و بنەمایانە، لە بەڵگەنامە نێونەتەوەیی‌یەکاندا، بۆ وێنە لە "بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ"[1]، "پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان"[2]، "پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری‌یەکان"[2]، "کۆنوانسیۆنی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان"[3] و "کۆنوانسیۆنی دژی ئەشکەنجەو ڕەفتار یا سزای توندوتیژ، نامرۆیی‌و پڕ لە سووکایەتی"[4]دا، ڕێزیان لێ گیراوە،

بە ئاگاداری لەوە کە بەڕێوەبردنی هەرچی کاریگەرتری "کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان" یارمەتی بە نەهێشتنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەکاو، "بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان" بەو جۆرە کە لەم بەیاننامەیەدا دەخرێتە ڕوو، ئەم ڕەوتە بەهێزو تەواو دەکا،

نیگەران لەوە کە توندوتیژی دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتن‌و ئاشتی‌یە، هەروەك لە "ستراتیژی‌یە داهاتووبینەکانی کۆنفرانسی نایرویی بۆ پێشکەوتنی ژنان"دا ڕوون کراوەتەوەو لەواندا هێندێك گەڵاڵە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان پێشنیار کراوەو بە مەبەستی بەڕێوەچوونی بە تەواویی "کۆنوانسیۆنی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان"،

پێداگر لەسەر ئەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤو ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی ژنان‌و، دەستڕاگەیشتنی ژنان بەم ماف‌و ئازادییانە تاڕادەیەك یا بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە،

نیگەران لە سەرنەکەوتن لە پشتیوانی‌و بەرەوژووربردنی ئەم ماف‌و ئازادییانە لە درێژخایەندا، سەبارەت بە توندوتیژی بە دژی ژنان،

بە ئاگاداری لەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، نوێنگەیەکە بۆ پێشاندانی نایەکسانیی مێژوویی پێوەندییەکانی دەسەڵات لە نێوان ژنان‌و پیاواندا، کە بووە بە هۆی ژێردەست کردن‌و هەڵاواردنی ژنان بەهۆی پیاوانەوە، پێشگیری لە بەرەوپێشچوونی بەتەواویی ژنانی لێ کەوتۆتەوە،

هەروەها [بە ئاگاداری لەمە کە] توندوتیژی دژی ژنان یەکێك لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتی‌یە گرنگانەیە کە ژنان ناچار دەکا مل بۆ پلەو پایەو پێگەی نزمتر - لە چاو پیاوان - رابکێشن،

نیگەران لەوە کە هێندێك لە گرووپەکانی ژنان بۆ وێنە ژنانی سەر بە گرووپە کەمایەتی‌یەکان، ژنانی خۆ وڵاتی (بومی)، ژنانی پەنابەر، ژنانی کۆچەر، ئەو ژنانەی لە لادێ یا ناوچە دوورە دەستەکان دەژین، ژنانی بێ‌ئەنوا، ژنانی بەندکراو یا دەسبەسەر، کچانی مێرمندال، ژنانی نەقوستان‌و بێ‌توانا، ژنانی بەساڵاچووو ژنانی ناوچە شەڕلێدراوەکان بەتایبەت لە بەرامبەر توندوتیژی‌دا لاوازن،

بە وەبیرهێنانەوەی دەرئەنجامی پاراگرافی ٢٣ی هاوپێچی بڕیارنامەی ٢٤ی مای ١٩٩٠ی شورای کۆمەڵایەتی (ژمارە ١٩٩٠/١٥)و هەست کردن بەوە کە توندوتیژی دژی ژنان لە بنەماڵەو کۆمەڵگەدا پەرە گرتوویەو لە سنووری داهات، چین‌و کەلتوور تێدەپەڕێ، دەبێ هەنگاوی بە پەلەو کاریگەر بۆ لەنێوبردنی ئەم دیاردەیە بنرێ،

هەروەها بە وەبیرهێنانەوەی بڕیارنامەی ١٨/١٩٩١ی شورای ئابووری‌و کۆمەڵایەتی (٣٠ی مای ١٩٩١) کە شورا لەودا پێشنیاری ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەیی هێناوەتە گۆڕێ کە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە سەرنج بداتە کێشەی توندوتیژی بە دژی ژنان،

وەك پێشوازی لە ڕۆڵێك کە بزووتنەوەکانی ژنان لە ڕاکێشانی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتری سەرنجەکان بۆلای نێوەرۆك، جیددیبوون‌و ڕەهەندەکانی کێشەی توندوتیژی بە دژی ژناندا هەیانە،

بە هەست کردنی ئەم مەترسی‌یە کە دەرەتان‌و دەرفەتەکانی ژنان بۆ وەدەستهێنانی یەکسانیی مافەکان‌و



بەرابەری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی‌و ئابووریی کۆمەڵگەدا، بەهۆی جۆراوجۆرو یەك لەوان توندوتیژیی پەرەگرو بەردەوام، بەرتەسك‌و سنووردارن،

بە سەرنجدان بەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە، بڕوامان وایە کە پێناسەیەکی گشتگیرو ڕوون بۆ توندوتیژی دژی ژنان، بەیاننامەیەکی ڕوون لە بارەی ئەو مافانەی دەبێ ڕەچاو بکرێن‌و دەستەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو شێوەو جۆرەکانی دان، هەروەها دەروەستبوونێك لەلایەن دەوڵەتانەوە بە نیازی ڕێزگرتن لەبەرپرسایەتی‌یەکانیان‌و، دەروەستبوونێکیش لەلایەن سەرجەمی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌یەوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان پێویستە. هەر بۆیە بەڕەسمی بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە خوارەوەدا ڕادەگەیەنین‌و سوورین لەسەر ئەمە کە بۆ ناساندن‌و ڕێزگیرانی لە لایەن هەموانەوە، دەبێ هەر چەشنە هەوڵێکی پێویست بدرێ:

**ماددەی ١:**

لەم بەیاننامەیەدا، مەبەست لە دەستەواژەی "توندوتیژی دژی ژنان" هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردان‌و زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی یا دەروونیی ژنان، یا لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازارو زیانانە. هەڕەشە یا کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵك یا لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی‌دا ڕوو دەدەن، لە ڕیزی ڕەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

**ماددەی ٢:**

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر بەم نموونانە نابەسترێتەوە:

ئەلف) توندوتیژی جەستەیی، جینسی‌و دەروونی کە لە بنەماڵەدا ڕوو دەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمندال لە ماڵدا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز (جهیزیە)، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنان‌و ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندیی بەدەر لە ژن‌و مێردایەتی‌داو توندوتیژی تایبەت بە چەوساندنەوەی ژنان.

ب) توندوتیژیی جەستەیی، جینسی‌و دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بەکۆمەڵدا ڕوو دەدن، بۆ نموونە: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی‌و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکارییەکان‌و شوێنەکانی دیکەدا، کڕین‌و فرۆشتنی ژنان‌و لەشفرۆشیی بە زۆری.

پ) توندوتیژی جەستەیی، جیسنی‌و دەروونی کە بەهۆی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێ یا لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ.

**ماددەی ٣:**

ژنان بە شێوەیەکی یەکسان [لەگەڵ پیاوان] مافی دەستڕاگەیشتن بە هەموو مافە مرۆیی‌یەکان‌و ئازادیی‌یە بنەڕەتی‌یەکان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، مەدەنی‌و هەموو بوارەکانی دیکەداو، هەروەها مافی پاراستنی ئەو ماف‌و ئازادییانەیان هەیە. ئەم مافانە بریتین لە:

(ئەلف) مافی ژیان[6]

(ب) مافی یەکسانی[7]

(پ) مافی ئازادی‌و ئاسایشی کەسی[8]

(ت) مافی پشتگیری لەلایەن قانوونەوە[7]

(ج) مافی ڕزگاری لە هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن[7]

(چ) مافی کەڵکوەرگرتن لە زۆرترین ڕادەی گونجاوی سڵامەتیی جەستەیی‌و دەروونی[9]

(ح) مافی [هەبوونی] هەلومەرجی دادپەروەرانەو جێگای ڕەزامەندی بۆ کار[10]

(خ) مافی ئەوە کەتاك نەکەوێتە ژێر ئەشکەنجە یا سزاو ڕەفتاری توندوتیژی، نامرۆیی‌و پڕسووکایەتی.[11]

**ماددەی ٤:**

دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەن‌و نابێ هیچ دابونەریت یا تێبینیی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام [نە]دانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژی‌دا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکان‌و بێڕاوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن. هەروەها دەبێ:

(ئەلف) ئەگەر تا ئێستا بە تەواوی لە ئاست "کۆنوانسیۆنی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ژنان" خۆیان بەرعۆدە نەکردوە، دەبێ پەسندی بکەن، یا بەشێوەی ڕەسمی ببن بە ئەندامی‌و، واز لە مەرجە تایبەتی‌یەکانی خۆیان لەبارەی ئەم کۆنوانسیۆنەوە بێنن.

(ب) لە بە ئەستۆگرتنی هەر چەشنە توندوتیژی‌یەك، خۆ بپارێزن،

(پ) بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژی‌و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەم پێوەندی‌یەداو، دانانی سزا بۆ کردەوەی توندوتیژ دژی ژنان، هەموو هەوڵێکی پێویست بە گوێرەی قانوونەکانی وڵات بدەن. جا چ ئەم کردەوانە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام درابن، چ لەلایەن کەسانی تایبەتی‌یەوە.

(ت) لە قانوونەکانی وڵاتدا دەبێ لایحەی ڕەسمیی سزایی، مەدەنی، کاری‌و ئیداری بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خەتایانە ئامادە بکەن کە دەرهەق بە ژنانی توندوتیژی چێشتوو، ئەنجام دراون. ئەو ژنانەی لەگەڵ توندوتیژی بەرەوڕوو دەبن، دەبێ ڕێگاچارەی قەزایییان بۆ دابین بکرێ‌و، بە پشتیوانیی قانوونەکانی وڵات، زیانەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو کاریگەر بۆ قەرەبوو بکرێتەوە. دەوڵەت هەروەها دەبێ ژنان لە مافەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ داوای قەرەبووکردنەوەی زیان‌و وەدەستهێنانی توانایی بەهۆی ئەم ڕێگاچارانەوە ئاگادار بکاتەوە.

(ج) بەرنامەی نەتەوەیی بە مەبەستی پەرەپێدانی پشتگیری لە ژنان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەرچەشنە توندوتیژییەك، یا زیادکردنی هێندێك ماددە لە بەرنامەکانی خۆیان بەو مەبەستە، هەروەها هاوکاریی گونجاو لە هێندێك بواردا لەگەڵ ڕێکخراوە نادەوڵەتی‌یەکان بەتایبەتی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی بە کێشەی توندوتیژییەوە خەریکن.

(چ) دیاریکردنی ڕێگاکانی پێشگیری لە توندوتیژی‌و، دانانی پلانی گشتگیری کاری لە بوارەکانی حقووقی (مافەکان)، سیاسی، ئیداری‌و کەلتووری‌دا کە پشتیوانی لە ژنان لە بەرامبەر هەر چەشنە توندوتیژییەك بەرەو پێ دەدەن‌و دەبنە دەستەبەرێك بۆ ئەوەی ژنان سەبارەت بە هەستیارنەبوونی قانوون لە ئاست تێبینی‌یە جینسی‌یەکانداو لە ئاکامی جۆرەکانی بەڕێوەبردنی قانوون‌و خۆ تێهەڵقوتاندنە دەوڵەتی‌یەکانی دیکەدا، نابنەوە بە قوربانیی توندوتیژی.

(ح) هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەرکردنی ئەوە کە ژنانی ژێر توندوتیژی‌و، ئەگەر پێویست بوو منداڵەکانیان لە یارمەتی‌یە تایبەتییەکانی وەك توانایی پێ بەخشین، هاوکاری لە سەرپەرستی‌و چاوەدێریی منداڵان‌و ژیان‌و بەڕێچووندا، دەرمان، ڕاوێژکاری‌و خزمەتە لەشساغی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان بەهرەمەند بن. ناوەندەکان، پرۆگرامەکان‌و ڕێکخراوە یارمەتیدەرەکان دەبێ هەنگاوی پێویست بۆ بەرەوژووربردنی ئاسایش‌و توانایی بەخشینی جەستەیی‌و دەروونی بەوان، هەڵبگرن.

(خ) لە بوودجەی دەوڵەتدا، بەڕادەی پێویست بۆ تێکۆشانەکانی پێوەندیدار بە نەهێشتنی توندوتیژی تەرخان بکەن.

(د) بۆ فێرکردن‌و ڕاهێنانی هێزەکانی ئاسایش‌و بەرپرسانی دەوڵەتیی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی تایبەت بە پێشگیری، لێکۆڵینەوەو سزای توندوتیژی لە دژی ژنان، هەنگاوی پێویست هەڵبگرن تا ئەم کەسانە هەمبەر بە پێویستی‌یەکانی ژنان هەستیار بن.

(ر) هەنگاوی پێویست بەتایبەتی لە بواری فێرکاری‌دا هەڵبگرن بۆ ئەوەی چاکسازی لەسەر مەشقە کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری‌یەکانی ڕەفتاری پیاوو ژندا بکەن‌و، هەڵاواردنەکان، ڕەفتاری باوو هەموو چەشنە ڕەفتارێك کە لەسەر بناغەی ژێردەستی یا باڵادەستیی جنسێکەو، ژن‌و پیاو پێی ڕاهاتوون، لە نێو ببەن.

(ز) لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوەی زانیاری‌و ئامار (ئەژمێرەکان)، بەتایبەتی لە باری توندوتیژیی بنەماڵەیی‌و شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان، بەرەو پێ بدەن‌و هاندەر بن بۆ لێکۆڵینەوە لەباری هۆیەکان، نێوەرۆك، ڕادەی جیددیبوون‌و ئاکامەکانی توندوتیژی بەدژی ژنان‌و، ڕادەی کاریگەریی هەنگاوەکان بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژی‌و هەروەها قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی توندوتیژی لە هەمبەر ژنان. ئەم ئامارو زانیارییانە دەبێ بخرێنە بەرچاوی هەمووان.

(ژ) هەنگاوی پێویست بە مەبەستی نەهێشتنی توندوتیژی بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ژنانەدا کە لە بەرامبەر توندوتیژی لاوازن، هەڵبگرن.

(س) لەو ڕاپۆرتانەدا کە لە پێوەندی لەگەڵ بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤدا پێشکێشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکەن، زانیاریی پێوەندیدار بە توندوتیژی دژی ژنان‌و، [ڕاپۆرتی] هەنگاوی هەڵگیراو بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکانی ئەم بەیاننامەیە، بگونجێنن.

(ش) هاندەری دانانی پلانی کاری بە مەبەستی جێبەجێبوونی بنەماکانی ئەم ڕاگەیەندراوە بن.

(ع) هاوکاریی چالاکی‌و تێکۆشانی بزووتنەوەو ڕێکخراوە نادەوڵەتی‌یەکانی ژنان بکەن‌و لە ئاستی خۆجێیی، نەتەوەیی‌و ناوچەیی‌دا یارمەتییان بدەن.

(غ) ڕێکخراوە ناوچەیی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان کە تێیاندا ئەندامن هان بدەن، ئەگەر بۆیان دەگونجێ لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنان بخەنە نێو بەرنامەی خۆیان.

**ماددەی ٥:**

ئۆرگانەکان‌و نوێنەرایەتی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ ئەوەندەی لە توانایان دایە، یارمەتیی ناساندن‌و هێنانەدیی ئەو ماف‌و بنەمایانە بدەن کە لەم بەیاننامەیەدا هاتوون. بۆ نموونە دەبێ:

ئەلف) یارمەتی بە گەشەکردنی ئەو هاوکارییە نێونەتەوەیی‌و ناوچەیی‌یانە بکەن کە ئامانجیان پێناسەکردنی ستراتیژی‌یە ناوچەیی‌یەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی، گوازتنەوەی ئەزموونەکان‌و، بەرنامەماڵی‌یەکانی تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانە.

ب) هاندەری ئەو کۆبوونەوەو سمینارانە بن کە ئامانجیان پێکهێنان‌و گەشەپێدانی ئاگایی نێوان هەموو تاکەکان هەمبەر بە پرسی لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنانە.

پ) یارمەتیی گەشەپێدانی هاوهەنگاوی‌و هاوبەشیی نێوان بنیات‌و ناوەندەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن تا پرسی توندوتیژی دژی ژنان بەشێوەیەکی کاریگەر بکەوێتە بەر سەرنج.

ت) لەو لێکدانەوانەدا کە بۆ دامەزراوو ناوەندەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کێشەو گرفت‌و دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان ئامادەی دەکەن، وەك ڕاپۆرتە ناوبەناوەکان لە بارەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی جیهان، توێژینەوە لەبارەی مەیل‌و بۆچوونەکان لە پێوەندی لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنانیش بگونجێنن.

ج) فۆرمۆلەکردنی پلانی کاری یان نامیلکەکانی ڕێنوێنی لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەن‌و، ئەو هەنگاوانەی لەم بەیاننامەیەدا ئاماژەیان پێ کراوە، بگونجێنن.

چ) پرسی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان، ئەگەر دەگونجێ، ببەستنەوە بە جێبەجێکردنی بەرپرسیارەتی‌یەکانی خۆیان لە بەڕێوەبردنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا.

**ماددەی ٦:**

هیچ شتێك لەم بەیاننامەیەدا نابێ هیچ یەك لە ماددەکانی قانوونی وڵاتێك یا هەر ڕێککەوتن‌و پەیماننامەیەکی کۆمەڵایەتی یا هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە لە وڵاتێك جێبەجێ دەکرێ‌و بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان ڕوونترو بەبڕشتترن، بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.

پەراوێزەکان
لەئارشیوی "کوردستان" دا پارێزراون

*سەرچاوە: ماڵپەڕی "ایران امروز"*

***

# هۆیەکانی جۆراوجۆریی ڕێبازە فیمینیستییەکان

## بەشی شەشەم

و: شنۆمێهرپەروەر

**بنەماکانی فمینیزمە ئیسلامییەکان:**

پێویستە لە سەرەتادا باسی خوێندنەوەی فمنیزمە ئیسلامییەکان بۆ فمینیزم بکەین. بە بڕوای ئەوان فمینیزم بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی یەکسانیخوازە، نەك بزووتنەوەیەکی ئیدئۆلۆژیك. لەوەڕا کە فمینیزم بەدەر لە لایەنگریی ئیدئۆلۆژیك نیە، دەتوانرێ بە پاراستنی پێناسەو شوناسی ئیسلامییەوە فمینیزم بێ‌و هەم داکۆکیی لە مافو ئازادییەکانی ژنانیش بکا. ئەوان ڕەخنە لە فمینیزمی ڕۆژئاوایی دەگرن‌و بە پێشکەش کردنی ڕێکارێك بۆ هەموو ژنانی جیهان بە لەبەرچاو گرتنی مەرجی فەرهەنگی و ناوچەیی لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە جێبەجێ نابێ.

**خوێندنەوەی ئایین:**

فمینیزمی ئیسلامی، لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە چوارچێوەی ڕێوشوێنە ئایینیەکاندا داکۆکی لە مافەکانی ژنان بکا. هێندێك، فمینیزمی ئیسلامی وا لێك دەدەنەوە، کە لەبواری یەکسانیی‌و دادپەروەریی ڕەگەزی لە چوارچێوەی بایەخە ئیسلامییەکان دایە. بە شێوەیەکی گشتیی فمینیستە ئیسلامییەکان بەتایبەت فمینیستەکانی دەرەوەی وڵات، باوەڕیان بە جیایی دین لە سیاسەت هەیە بەڵام هێندێکیان بە ڕاشکاوی باس لەو مەسەلەیە ناکەن و دەستیان داوەتە خوێندنەوەیەکی نوێ لە ئایین. کە بە ڕادەیەکی زۆر هاوتەریبی لە گەڵ فەرهەنگی نوێ مسۆگەر دەکا، خوێندنەوەیەك لە ئایین کە کاروباری کۆمەڵایەتی بە پێگەی هەڵسووڕانی بیرمەندان‌و کارێکی عورفی دەزانێ. لەمەڕا بۆمان دەردەکەوێ کە پاشگری ئیسلامی لە پاش وشەی فمینیزم، لە نێوەرۆکدا بەرتەسکت ناکاتەوەو سنوورت بۆ دیاری ناکا. واتە ئیسلامی بوونی فمینیزم بەو مانایە نیە کە لقە فمینیستییەکان هەموو ئامانج‌و ڕێکارەکانی خۆیان لە ئیسلام وەرگرتبێ. بەڵکوو نیشانەی بەدواداچوونی ئامانجە فمینیستییەکان‌و ئەو ڕێکارانەیە کە خۆیان لەگەڵ ئەدەبیاتێکی تا ڕادەیەك ئایینی ڕێك دەخەن، نە ئەوەی کە ئایین بە پاڵوێنەی ئەندێشەی مرۆڤایەتی بزانن.

ئەم دەستەیە کە ئیشارە بە سێکۆلار بوون ناکەن، گۆڕانکاری حکومگەلێ لە شەرعدا بە پێویستی بەدوادا چوون دەزانن‌و لەسەر ئەو بڕوایەن کە ڕوانگەکان لە حوکمە شەرعییەکانەوە بۆ مەبەستە ئایینیەکان بێ‌و بەو پێیە دەبێ، سەرلەنوێ ڕاڤەی وانە ئایینییەکان بکەین.

**خوێندنەوەی یەکسانی‌و بەرامبەری:**

یەکسانی لە ڕوانگەی فمینیستە ئیسلامییەکانەوە، ڕێك هەر ئەو مانای وەکهەڤی‌و بەرامبەرییە دەبەخشێ کە ئەوان لە هەڵوێستەکانی خۆیاندا بۆ هەڵگرتنی سنوورەکانی نێوان دوو ڕەگەز ڕەچاویان دەکەن، واتە یەکسانی بەو مانایە کە لە نێوان دوو مرۆڤی هاورەگەزدا دێتە گۆڕێ، دەبێ هەر بەو واتایەش بۆ ژن‌وپیاو لەبەرچاو بگیردرێ.

هێندێك لە فمینیستە ئیسلامییەکان بە ئاشکرا ڕادەگەیەنن، کە جیاوازییە سروشتییە جێگیر بووەکانی نێوان ژن‌وپیاو نابێ ببنە هۆی جیاوازیگەلی شەرعی‌و حقووقی لە نێوانیاندا، دەبێ بڵێین یەکسانی بەو مانایەی سەرەوە، نەتەنیا پێگەیەکی ئایینی نیە، بەڵکوو بەپێچەوانەی یاساو ڕێنماییە ئایینیەکانیشە.

ئەوەی ئایین پێی لەسەر دادەگرێ، دادپەروەری‌و ژنیش وەك پیاو، مرۆڤێکە کە خاوەنی لێهاتوویی‌و بەهرە مرۆڤانەیەکانە. خواوەند بەپێی حیکمەتی خۆی بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگا هێندێك جیاوازیی لە خولقاندندا بۆ ژن‌وپیاو لەبەرچاو گرتوەو چاوەڕوانیی جۆراوجۆری لەم دوو ڕەگەزەش هەیەو ئەرکی جیاوازیشی بۆ دیاری کردون.

لەهەرحاڵدا ئەوەی کە لە پێگەی ئایینییەوە دەتوانرێ دانی پێدا بهێنرێ، هاوسەنگی‌و هاوتەرازییە نەك وێکچوونی فمینیستە ئیسلامییەکانی نێوخۆی وڵات خوازیاری دژە ژنی یان بەرامبەری لە هەموو بوارەکاندا نین، هەر بەم هۆیەوە پێداگری لەسەر پێگەی بەرزی ژن لە ماڵدا دەکەن وبە بڕوای ئەوان ئامانجی بزووتنەوەی ژنان دەبێ لەگەڵ ڕۆڵەکان‌و ڕێزدانان بەرامبەر بە ئەرکە جیاوازەکانی ژن‌وپیاو بێ.



**خوێندنەوەی ئازادی:**

ئازادی، چەمکێکە کە فمینیستە ئیسلامییە توندڕەوەکان زیاتر لە سەری سوورن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئازادی پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ تاك تەوەریی بەمانا ڕۆژئاوایی‌یەکەی هەیەو لە کولتووری ڕۆژئاواوە هەڵهێنجراوە، لەم ڕوانگەیەدا، مرۆڤەکان ئازادن لەوەی‌کە بە نیازن بەرێوەی ببەن تا ئەو ڕادەیەی کە ئازادی کەسانی دیکە پێشێل نەکەن. بەڵام پێداگریی فمینیزمە ئیسلامییەکان لەسەر پاراستنی بایەخە مەعنەوییەکان، ئەوان لە ڕوانگە لیبرالیستییەکان جیا دەکاتەوە، چوونە دەرەوەی ژن لە ماڵ بە ئیزنی مێرد هەم بەهۆی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ژن‌و هەم بەهۆی ئەوەی کە لەسەر بنەمای ڕەگەز و جیاوازیی دانەرانەیە، هەڵوەشایەوە.

دەتوانی لەڕوانگەی فمینیستەکانی نێوخۆوە، باسی ئازادیی زیاتر لە پۆششی دڵخوازو پێویستیی چاکبوونی پێوەندیی بنەماڵەیی بناسی، دەنا ئەوان لە باسی تیئۆریکدا، نەکەوتوونەتە شرۆڤەکردنی چەمکێکی ڕاست‌و دروست لە ئازادی. بەبڕوای ئەوان ئەو حوکمانەی کە بە ڕواڵەت سنووردارو بەرتەسکراو دێنە بەرچاو، لە ڕاستیدا بەدوای پەرەپێدانی ئازادییە مرۆڤایەتییەکاندان. بۆ نموونە، حیجاب‌و داپۆشین بە یەکێك لەو ڕێگایانە دەزانێ کە دەبێتە یەکێك لە کۆسپەکانی سەر ڕێی گەشەکردن‌و تێکەڵ بە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا دەبێ.

**خوێندنەوەیەك لە بنەماڵە:**

فمینیزمی ئیسلامی پێداگری لەسەر پاراستنی بنەماڵەو ڕۆڵی دایکایەتی‌و ئەرکی ژن لەوێدا، دەکاو هەر بەم هۆیە دژایەتی لەگەڵ هۆمۆسێکسوال دەکاو لەم ڕوانگەوە بنیادی بنەماڵەو دایك لە بنەڕەتدا گیروگرفت خولقێن نیە، لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە لە بنەماڵەی نەریتی کە لەسەر بنەمای پیاو سالارییە، ڕەخنە دەگرن، ئامانجی ئەوان پێکهێنانی بنەماڵەیە لەسەر بنەمای بەرابەریی ڕۆڵەکان‌و دژایەتی لەگەڵ سەرپەرشتیی پیاو، ئەوان دێموکراسی لە بنەماڵەدا بە جێگرەوەیەکی گونجاو بۆ سەرپەرشتیی پیاو دەزانن.

**هەڵسەنگاندنی فمینیزمی ئیسلامی:**

لە زۆر بواردا فمینیزمی ئیسلامی، لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا یەك ناگرێتەوەو لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە وەلا نراوە، گیروگرفتی ژنان لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا لەلایەك بۆ کولتووری کۆمەڵایەتی‌و نەریتی نابەجێی‌و دواکەوتوانەو بە ڕێکوپێك نەچوونی بەرنامە ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە بۆ شارەزا نەبوونی ژنان لە مافە کۆمەڵایەتی‌و ئیسلامییەکان. ژنان بەو هۆیەی کە کەرەستەو ئیمکاناتی پێویستیان بۆ بەڕێوەچوونی یاساکان لە دەستدا نیە، تووشی بێبەشی‌و چەوساندنەوە هاتوون. ئەوەش بەو مانایە نیە کە ژنی موسوڵمان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی پەنا بۆ فمینیزم ببا، چونکە ئیسلام لە بواری نێوەرۆك‌و بنەماوە زۆر دەوڵەمەندەو بۆ پاراستنی ڕێزو حورمەتی ژن،هیچ پێویستی بە فمینیزم نیە.

فمینیزمە ئیسلامییەکان لە جیاتی دۆزینەوەو چارەسەری مەسەلەو گیروگرفتەکانی‌توێژی ژن، بە شوێن قەیران خولقاندن‌و پێکهێنانی دڕدۆنگی بۆ ژنانی موسوڵمانن.

فمینیزمی ئیسلامی، وەك بزووتنەوەیەك بە گشتی لە دوو لایەنەوە تەنگی پێ‌هەڵچنراوەو ناتوانێ وڵامدەری پێویستییەکانی ژنانی موسوڵمان بێ. ١ـ لەباری ئەندێشەو ئیدئۆلۆژی‌و بناخەی زانستییەوە لاوازە. ٢ـ لە میکانیزمێکی گونجاووشیاو بۆ هەڵوێست ناسی مەسەلە نوێیەکان بێبەشە، لەم ڕووەوە یان تەنیا بە هێنانی شتە گشتییەکان قەناعەت دێنێ، یان بە شێوەیەکی پاسێڤ قسەی خەڵکانی دیکە دووپات دەکاتەوە. بۆچوونی لایەنگرانی فمینیزمی ئیسلامی، باس لەوە دەکا کە ژمارەیەکی زۆر لەوان لە هەلومەرجی‌کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و فەرهەنگی‌و گرووپە جۆراوجۆرەکانی ژنان، ناسیاوی باشیان نیە. دەبێ ئاگادار بین فمینیزمە ئیسلامییەکان کە بە دروشمی داکۆکی لە مافەکانی ژنی موسوڵمان هاتونەتە مەیدان لە هەڵسەنگاندنی مەسەلە حقوقییەکانی ژنان، گەڵاڵەکردنی مەسەلەو گیروگرفتەکانیان، ڕێگادۆزینەوەو چارەسەرکردنیان، نابێ وردەکولتورە ناوچەیی، زمانی‌و ئایینیەکان لەبەرچاو نەگێردرێن. ڕاستە کە فمینیزم لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دا کەم تا کورتێك وەك دیاردەیەك سەری هەڵداوەو توانیویەتی ڕوانگەی کۆمەڵگا سەبارەت بە مەسەلەکانی ژنان تا ڕادەیەك بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێ کە سنووری ئەم چالاکیيانە تا ئەو جێگایەیە کە هێڵەسوورە ئایینی یەکان و نەریتی کۆمەڵگا نەبەزێنێ. ژمارەیەك لە فمینیستە ئیسلامییەکان جیاوازییە بیۆلۆژیکەکانی ژن‌وپیاو بە ئاسایی‌و سروشتی دەزانن‌و کاریگەریی ئەم جیاوازییانە لە هێندێك نموونەدا قەبووڵ دەکەن، ئەوان دەبێ سەرنجبدەنە کاریگەریی ئەم جیاوازییانەو ئەمە هەمان قبووڵکردنی هاوسەنگیی نێوان پێکهاتن‌و تەشریعە، کەوابوو دەستێوەردانی ئایین لە بواری ژیانی مرۆڤ مەسەلەیەك نیە کە هیچ بیرمەندێك‌و شارەزاییەکی ئایینی دژی بێ، چونکە چاکسازیی کۆمەڵگا لە بەرژەوەندیی‌و بەختەوەریی ئەویشدا کاریگەرە، لەوەی کە لەنێوان دنیاو پەسڵاندا پێوەندییەکی قایم‌و پتەو هەیە، کاروباری کۆمەڵایەتیش لە چوارچێوەی دەسەڵاتی شەریعەت دایە.

# لە قامووسی فیمینیزمدا

( ٢٣ )

وەرگێڕانی: ب.هانا

**چەند کەسایەتیی فیمینیست**

**کەتی ئاکێر Acker,Kathy**

چیرۆکنووسێکی نوێخوازو هەڵلا خولقێن کە هەوڵەکانی لە پێناوی تۆمار کردنی ئەزموونی ژنانە لە ئەدەبیات دا بوو بە هۆی ئەوە لە جۆری ڕادیکاڵی نووسینی ژنانە نزیك بێتەوە. ناوبراو کە زۆرجار بە خۆنوێن، نەخوێندەوارو بێ‌ئەخلاق‌و بێ ڕەوشت تاوانبار کراوە، ڕەگی شێوازی نووسینەکەی دەباتەوە سەر هونەری "واتا سازی"و، لەم بڕوایە دایە کە نەك ڕێساکان، بەڵکوو نیازو مەبەست، فۆرم دیاری دەکەن. کەتی ئاکێر، "زەینی سێهەم"ی ویلیامز باروزی خوێندەوەو بە تاقیکردنەوەو ئەزموون خۆی وا ڕاهێنا کە بە شێوەی ئەو بنووسێ، هەر لە ژێر کاریگەریی ویلیامزیش دا بوو کە لە دەسکاریی دەق لە جیاتی گێڕانەوەدا، بوو بە پسپۆر. ئاکێر، لە بەرهەمی وەك "کەتی دەچێتە هائیتی" (١٩٧٨)و "خوێن‌و بێباکی لە قوتابخانەی ئامادەیی‌دا" (١٩٨٤) هێندێك لە لاپەڕەکانی دەق لە سەرانسەری ڕۆمانەکەدا دووپات دەکاتەوە، جۆرە لە ژماردن نەهاتوەکانی فۆرمە ئەدەبی‌یەکان لە لاپەڕێك دا تێکەڵ دەکا، دەقەکە بە هۆی وێنەوە هەڵ دەبڕێ‌و تێکەڵاوێك لە ژیاننامەی کەسی‌و ئاماژە مێژوویی‌و ئەدەبی‌یەکان لە جیاتی "مێژوو" بەکار دێنێ (بۆ وێنە ڕامبۆ، تولوز، لوترك‌و ژۆرژ باتای کەسایەتی‌یەکانی چیرۆکەکانین). ئەو ناوەرۆکانەی ئۆگریانە بریتین لە: ڕەگەز (جنسیت)، هەستی جینسی، ئوستورەو فەساد.

ئۆگریی ئاکێر بە پێکهاتەشکێنی، تا دەرەوەی جەستەی دەق دەچێتە پێش، بۆ ئەوەی جەستەی فیزیکیی دەق ـ دەقێکی دیکە کە دەبێ بنووسرێ ـ بگرێتەوە.



**جین ئادامز Addams,Jane**

ریفورمخوازی کۆمەڵایەتیی ئەمریکایی. ئادامز لە [کتێبی] "بۆ دەبێ ژنان دەنگ بدەن" (١٩٠٩)، لایەنە بەرینترەکانی بزووتنەوەی ژنان (١٩١٤)، "ژنان" شەڕو مافی دەنگدان" (١٩١٥)و "ژنان‌و ئەنتێرناسیۆنالیزم" (١٩١٥)دا لە سەر ئەم مەسەلەیە ڕۆیی کە ژنان دەبێ لە کاروباری کۆمەڵایەتیی گشتی‌دا بەشدار بن. نابراو لەو بڕوایەدابوو کە ژنان، بە تایبەتی ژنانی ئاشتیخواز، دەتوانن یارمەتی‌یەکی تایبەتی پێشکێش بە کۆمەڵ بکەن.

**لوویی ئالتوسێر**(Althusser,Louis).

فیلسووفی مارکسیستی فەرانسەیی. ئەو بە هۆی ئەم بیرەوە کە بنەماڵە، قوتابخانەو مەکۆیەکانی دیکەی ئایدۆلۆژیا، بیاڤگەلی سروشتیی دەرەوەی جیهانی سەرمایەداری نین، شوێنی لە سەر بیردۆزەی فیمینیستی دانا.

هێندێك لەو کێشانەی بە هۆی ئالتوسێرەوە هاتنەگۆڕ، بۆ فیمینیزم گرنگن، بۆ وێنە، ئالتوسێر لە سەر ئەم بڕوایەیە کە پارادیۆمگەلی جۆراوجۆر (کێشە خودی‌یەکانی هەڵکەوتێك) لە هەناوی خۆیان دا هەڵگری هێندێك پرسیارن کە هەر کامێکیان بە نۆرەی خۆیان، ڕاستیی جۆراوجۆر لە بارەی جیهانەوە دەخەنە ڕوو، یا ڕاستیی جیاواز پێك دێنن. لەم پرسیارانەدا ئەوەی غایبە بە قەرا ئەوەی ئامادەیە، واتای هەیە. بیردۆزەی فیمینیستی لە ژێر کاریگەریی ئەم بیرۆکەیەو هێرشی تێکەڵ بە مشتومڕی ئالتوسێر بۆ سەر ئەم ڕوانگە مارکسیستی‌یە دایە کە بناغەی ئابووری تەنیا بڕیاردەر لە بارەی کردەوە کۆمەڵایەتی‌و مێژوویی‌یەکانە. لە ڕوانگەی ئالتوسێرەوە، ئایدۆلۆژیا نەك هەر لە ڕێگای ئابووری‌یەوە بەڵکوو لە ڕێگای ڕووکردن لە تاکەکان وەك بەردەنگ (مخاطب)، کە وەك کەس دەکەونە بەر لێکۆڵینەوە، کاری خۆی دەکا. فیمینیزم لە گەڵ ئەم خاڵە دایە کە تەنیا لە ڕێگای کردەوەی هەستپێکراوو بابەتیی ئایدۆلۆژیا لە ڕێوشوێنە کردەکی‌یەکانی ژیانی ڕۆژانە دایە کە ژنێك لە کەس بوونی خۆی تێ‌دەگا (O'Brien,1982).

فیمینیزم لە بیاڤی هۆکارێتی (عاملیت)دا بە دوو هۆ لەگەڵ ئالتوسێر ناکۆکیی بیروڕای هەیە" یەکەم بەو هۆیە کە ئالتوسێر واتایەکی پێش فرۆیدی لە بارەی تاکەوە لە مێشك دایەو، دووهەم لەو بڕوایەدایە کە کێشە ئابووری‌یەکان بڕیاردەرو یەکلاکەرەوەی پێکهاتەی هۆکارێتی‌یە. بیردۆزەی فیمینیستی لە پلەی یەکەم دا گرنگی دەدا بە وێناکان، زمان یا عاتیفەکان.

سەرچاوە:

کتێبی "فرهنگ نظریه‌های فیمینیستی"
نووسینی مەگی هام، سارا گەمبل، وەرگێڕانی: فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی، فرخ قرەداغی
لاپەڕەکانی ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٣٠، ٣١

KURDISTAN
The Official Organ Democratic Party of Kurdistan - Iran
No: 450 9 Dec 2006

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران و ڕۆژنامەی "کوردستان" لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com e- mail: info@ kurdistanukurd.org - info@ kurdistanukurd.com

# چیاکانی کوردستان

## سوڵتان عەلی
## Soltan Ali



کێوی سولتان عەلی لەبەرزاییەنە زۆر بەرزو نە زۆر نزمەکانی زاگرۆسی رۆژهەڵاتە کە بەرزاییەکەی ٢٠٠٠ میترەو، کەوتۆتە باکووری رۆژئاوای رێی ئاڵیپینك سەر بە شارستانی دێهگولان. کێوی سولتان عەلی لە یەك کیلومیتریی ئاوایی ئاڵیپینك هەڵکەوتووەو ئەم گوندە کەوتۆتە ٤١ کیلومیتریی شارستانی دێهگولان.

ناوی چیاکە لە زیارەتگایەکەوە هاتوە کە هەر بەم ناوە لەسەر ترۆپکی چیاکەیەو، ئەمە یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی زۆر لە بەرزاییە بەناوبانگەکانی کوردستانە کە پێوەندیی هەیە بە رووداوێکی پێوەندیدار بە کۆتاییەکانی دەسەڵاتدارەتیی عەرەبەکان لە ناوچەدا.

لەلای باکووری ئەم چیایە، گوندی "شێخ وجیم"و لەلای باشوور، ئاوایی "باغچە مریەم"،ن لەلای رۆژئاوا، گوندەکانی ناوچەی بابارێز (باوەرێز)و لەلای رۆژهەڵاتیش، گوندی جوانی "گزەوەرە" هەیە. پێویستە بگوترێ جگە لەم گوندانە، ئاواییەکانی ناو گەران و ماچکەی سەروو و خواروو لە دەوروبەری داوێنەکانی ئەم چیا جوان و سەرسەوزەدا هەڵکەوتوون و بەم هۆیەوە کە چیاکە ئەوەندە بەرز نیە، بەفری داوێنەکانی تا دەگاتە نێوەڕاستەکانی بانەمەڕ دەتوێتەوەو دەبێتە سەرچاوەی کانیاوە کاتیو هێندێك جار هەمیشەییەکانی ناوچە. ئاوی کانیاوەکانی رووکاری، ناوچەی "ناوگەڕان" پترو بەردەوامترن. کانییەکانی وەك "کانی کوچکینە"، کانی نیوا، کانی تەکیە، کانی چەرمگو... لەم کانیاوانەن.

دیارە هێندێك کانیی بەناوبانگی دیکە لە چیای سولتان عەلیدا هەن کە ئاوەکەیان بەسەر سینگی ئەم چیایەدا دادەگەڕێتە خوارێ. "کانی کلاش"، "کانی مراد"و "کانی دۆڵ برا" کە سەر بە ئاوایی "ئاڵیپینك"ن و "کانی غولام"، "کانی فرزاڵی"و "کانی بێلوو" ئاوی ناوچەی "ماچکە" دابین دەکەن.

لە دیمەنە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی ئەم چیایە، ناوچە سەرسەوزو زەمەندەکانی وەك "بێلوو" "ناوچەیەکی پان و بەرین بە دیمەنێکی کەم وێنەوە)، کۆترخان (قەڵشتێکی گەورەو پەناگەی حەیوان و باڵندەی کێوی بۆ وێنە کۆتر)، تەکیە (لە داوێنی کێو)، هەنگەژاڵ (شوێنی سروشتیی بۆ حەوانەوەی هەنگە کێوییەکان)، کونە ورچ و چەمی کانی غولامە، ناو ببەن.

رووبەری گیایی ئەم چیایە لە پلەی دووهەمی گرنگی دایەو گژوگیای وەك: کەنگر رێواس، گوێنی، کارگ، شینگ (ئەسپینگ)، بەڕەزا، بەنا، لۆن مەرزە، کنیواڵی و دارودرەختی وەك بادامی کێوی، بەڕوو، گوێنی، بلچ و گوێز لەم چیایە بە زۆری بەرچاو دەکەون. گورگ، بەراز، مار، ژووشك) کیسەڵ، هەڵۆ، ورچی قاوەیی، کەروێشك و رێوی لە گرنگترین گیانلەبەرانی ئەم ناوچەیەن.


ناسراوترین رێگا بۆ سەرکەوتن لەم چیایە، ئاوایی "ئاڵیپینك"و هەروەها رێگای گوندی "ناوگەڕان"، کە ئەم رێگایە، رێگای "بنەوا"شی پێ دەگوترێ.

وەسەرکەوتن لە چیای سولتان عەلی ٣ کاتژمێر دەخایەنێ.

سەرچاوە: کتێبی: "جلوەهای گبیعی کردستان، دفتر اول: کوهها"
ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی

## چا پکراوی نوێ









"دەزگای وەرگێران" لەم دوایی یانەدا زنجیرەی سێهەمی چاپکراوەکانی خۆی خستە بەر چاوی ئۆگران و خوێنەرانی کتێب لە کوردستان. بەشێکی بەرچاو لەم زنجیرە ٢٠ کتێبی یە، بەرهەمی وەرگێڕدراوی کۆمەڵێك قەڵەمی دیاری رۆژهەڵاتی کوردستانن. هێندێك لەو قەڵەمانە رابردوویەکی درێژی نووسین و وەرگێران لە رۆژنامەی "کوردستان"یان دا هەیە یا هەر ئێستا لەم رۆژنامەیەدا کار دەکەن. ژمارەیەك لەو بەرهەمە چاپکراوانە بریتین لە:

١-"کردستان و استراتژی دولتها"لە نووسینی حوسێن مەدەنی کە فەتاح کاویان لە کوردی یەوە کردوویە بە فارسی.

٢- چاوە شینەکانی سەگ، لە نووسینی گابریل گارسیامارکێز، وەرگێرانی ئیسماعیل زارعی

٣- کۆمەڵناسیی جەنگ، نووسینی گاستۆن بوتوڵ، وەرگێرانی رامبود لوتفپووری

٤- پێغەمبەر و دێوانە، نووسینی جوبران خەلیل جوبران، وەرگێرانی: شۆرش غەفووری

٥- ئاسایشی نێو دەوڵەتی، نووسینی کۆمەڵێك پسپور، وەرگێرانی: قادر وریا

٦ــ هاونەتەوەیی قەومی کوردو ماد، نووسینی حەبیبوڵلای تابانی، وەرگێڕانی جەلیل گادانی.




### فیدرالیزمی نوێ


گەڵاڵە نوێخوازەفیدراڵیستییەکان دەتوانن کێشەکانی نێوان ئایین و گرووپە قەومی و رەگەزییەکان کەم کەنەوە یا لە نێو ببەن. "ئەمە ئاکامگیری یەکە کە نووسەرانی راپۆرتی گەشەی مرۆیی ٢٠٠٤، ئازادی کەلتووری لە جیهانی جۆراوجۆری ئێمەدا "(رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان)پێی گەییشتوون .لەم راپۆرتەدا بەڵگە هێنراوەتەوە کە سیستەمە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی فیدراڵی لێکنەچوو(نامتقارن)یارمەتیی گروپە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەفرەنەتەوەکان دەدەن تا لە کەشوهەوایەکی سەقامگیر و تێکەڵ بە رێز لێکگرتن دا پێکەوە بژین نووسەرانی راپۆرت داوا لە دەوڵەتانی خاوەن کێشە دەکەن لە رووبەڕووبوونەوەی توند تەنانەت لە گەڵ بزووتنەوە سیاسییە توندڕەوەکانیش کە لە هێندێك وڵات تەنانەت دژایەتی لە گەڵ قەبووڵکردنی کەلتوورە جیاوازەکان دەکەن، خۆ بپارێزن .

Malloch Brown، سەرپەرستی بەرنامەی پەرەپێدانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێی وایەکە رێگەچارە، پێکهێنانی نیهادو گەڵاڵەی کردەکییە کە هەم مافی دیاری کردنی چارەنووس دیاری بکاو هەم دەرەتان بۆ سیستەمێکی هاوبەش پێك بێنێ ،سیستەمێك کە پێکهێنەری ئۆگریی بەدامەزراوو سەمبۆلە هاوبەشەکان بێ. بە سەرنجدان بەم خاڵانە راپۆرتی ناوبراو پێشنیاری دیاریکراون بۆ سڕینەوەی گرژی لە نێوان گرووپە نەتەوەیی وئایینییە جۆراوجۆرەکان و پێکهێنانی هەستی هاوبەشی لە نێوانیاندا بەرامبەر کۆمەڵێکی یەکگرتوو سەرەڕای جۆراوجۆری.ئەم پێشنیارانە بە جۆرێکن کە هاوکێشی و هاو سەنگی لە یاسای سیاسیی وڵات دا دەستەبەردەکەن و دەبنەهۆی دابەشینی دەسەڵات و هاتنەدی مافی دیاریکردنی چارەنووس.لە پێکهاتەیەکی ئەوتۆدا لانی کەم دوو ئاستی دەسەڵات هەیە:حکوومەتی فیدراڵی ناوەندی و حکوومەتە ناوچەییەکان،کە دیارە حکوومەتە ناوچەییەکان خودموختارن ولەو بوارانەدا کەقانوونی بنەڕەتی وڵات دیاریی کردوون [لە بەڕێوە بردن دا] سەحییەتی هەیە.

ناسر ئێرانپوور ـ فدرالیسم نوین
ژمارە ٥٠ی گۆڤاری مەهاباد

## وێنەکانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە "واڵ ستریت جوورناڵ"دا

*وەرگێڕ: عەبدولواحیدی خەندەڕەش ـ ٢٠٠٦/١٢/٠٥ هاملتۆن، نیوزیلاند*


جەهانگیر رەزمی

رۆژنامەی واڵ ستریت جوورناڵ لەژێر سەردێڕی فلاش پۆینت دا بڵاوی کردەوە کە وێنەگرێکی ئێرانی بە ناوی جەهانگیر رەزمی، لە رێکەوتی ٢٧ی ئووتی ١٩٧٩ هەفتا وێنەی دیمەنێکی گوللەبارانکردنێکی لە کوردستاندا گرتبوو. یەکێك لەو وێنانە (کە ساڵانێکە بە دنیادا بڵاو بووەتەوە) توانیویەتی خەڵاتی پولیتزەر Pulitzer Prize وەدەست بهێنێت. ئەم خەڵاتە هەروەها دراوە بە وێنەگرێکیش کە ناوەکەی ئاشکرا نەکراوە.





ئەم خەڵاتە بەدرێژایی تەمەنی خۆی کە ٩٠ ساڵە، ئەمە بۆ یەکەم جارە کە بدرێت بە کەسێکی گومناو. رێزدار رەزمی لەو ساوە بیست و حەوت دانە لەو وێنانەی لە کۆنتاکت شیتێك داو دوور لە ماڵەکەی خۆی پاراستبوو. رۆژنامەکە ئیددیعای ئەوە دەکا کە بۆ یەکەمجارە هەموو وێنەکان بە یەکەوە بڵاو دەکاتەوە. لە ماڵپەڕەکەدا ٢٧ وێنە بڵاو کراونەتەوە کە خەڵاتەکە دراوە بە وێنە ژمارە ٢٠.

## مرواریی دەریای وشە

* بۆ مەلەکردن بەپێچەوانەی رەوتی ئاوی چۆم هێزو ئازایەتی پێویستە، ئەگینا ماسییەکی مردووش دەتوانێ لەگەڵ ڕەوتی ئاودا بڕوا. (ساموئێل سمایلز)

*ئاموژگاری وەك بەفربارین وایە، هەتا نەرمتر بباری پتر دەمێنێتەوەو زۆرتر بەنێو رۆحی مرۆڤدا دەچێتە خوارێ. (گودریچ)

* سڕینەوەی فرمێسکی کەسانی دیکەو بزە خستنەسەر لێویان باشترین بەختیارییە. (بودا)

* هەرکات لەسەر بڕیارێك ساغ بوویەوە، لە هەموو لایەکەوە دەرگاکانی گومان و دوودڵی لەسەر خۆت داخە. (فرێدریك نیچە)

## بە بۆنەی رۆژی جیهانیی کەم ئەندامانەوە

بەر لەماڵاوایی

ع. وریا

رۆژی٣ی دیسامبری هەر ساڵێك،رۆژی جیهانیی کەم ئەندامانە. لە هەموو وڵاتێکی ئەم جیهانە ولە کوردستانەکەی خۆشمان دا، زۆر مرۆف هەن زگماك یا دواتر بە هۆی رووداوێکەوە، لە ئەندامێك یا چەند ئەندامی لەشیان بێبەش بوون و ناچار بوون بەو وەزعەوە چەرخی ژیان بەرەو پێش بەرن.

ژیان بۆ ئەو جۆرە مرۆفانە هەمیشە سەخت وپرکوێرەوەرییە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان دا.چونکە کەم ئەندامی کۆمەڵگەی دواکەوتوو، بەو هۆیەوە کە ئاستی تێگەیشتن و فەرهەنگیگشتی لە خوارەوەیە, لەلایەن زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگەکەیەوە بە چاوی ناتەواو وعەیبدار وسەربار سەیرێ دەکرێ. کەم ئەندامان لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا بە هۆی رفتارو هەڵسوکەوتی ناشیرین وناشارستانی،هەستیان بریندار دەکرێ وزەبر لە روحیەیان دەدرێ.لە بارێکی دیکەشەوە،لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا کەسانی کەم ئەندام و نقوستان،ژیانێکی تاڵ ودژواریان هەیە.بەو هۆیەوە کە دەسەڵات و دام ودەزگا دەوڵەتییەکان کەمترین بایەخ بە تەئمینی کۆمەڵایەتی وپێڕاگەیشتنی باری ژیانی توێژو بەشە هەژارو زەحمەتکیش وکەم داهاتەکان دەدەن، بەو هۆیەوە دامودەزگا دەوڵەتی وحکوومەتییەکان، وەك زۆر بواری دیکە بە پێویست نازانن لە ئاست داواو چاوەڕوانی یەکانی خەڵك دا وەڵامدەر بن، کەم وا هەیە دامەزراویکی دەوڵەتی ئەرکی بەخێو کردن وپێڕاگەیشتن، یا دابینکردنی پێویستییە ماڵی ودەرمانی یەکانیژیانی ئەو جۆرە کەسانە بگرێتە ئەستۆ وبە کردەوە ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانیبنەماڵەو کەسوکاریان. زۆر جاریش ناچارن بۆخۆیان خەم لە خۆیان بخۆن وئەرکی هەڵگرتنی باری قورسی ژیان وبڕینی رێگای سەخت وپڕ هەورازو لێژی گوزەران و نان دەرهێنان بخەنە سەر جیسمی ناتەواویان.ئەرکێکی سەخت وبارێکی قورس کە زۆر جار ئەوانەی خاوەنی جیسمی ساغ ولەشی بێ ئازارن، پشتیان لە ژێریدا دەچەمی ولاقیان دەنوشتێتەوە.

لە کوردستان بە هۆی دەیان ساڵ شەڕی ماڵویرانکەری رێژیمە کوردکوژەکان لە دژی گەلی کورد، یا کردنی کوردستان بە مەیدان و بەرەی شەڕی نارەوا ی خۆیان لەگەڵ یەکتردا، هەروەها بە هۆی ئەو هەموو چەك و تەقەمەنییەی بۆ سەرکوتی ئەو گەلە بە کاریان هیناون، رێژەیەکی زۆرلە ژن و پیاو ومندالٚ ولاو، بریندارو نەقوستان بوون و ئەندامێك یا چەند ئەندامی لەشیان لە دەست داوە.لەوش تاڵتر ئەوەیە، ئەو کاتەی گەلەکەمان بەشیك لە نیشتمانەکەی لە هیزەکانی یەك لەو دوژمنانە پاك کردۆتەوە،شوینەواری ماڵویرانکەری ئەوان بە یەکجاری نەپراوەتەوە.چونکە هەزاران مینی شاراوە لە ژێرخاکی کوردستان دا ویا بێ ئەژمارگوللە تۆپ و خۆمپارەی نەتەقیو،لە دوایان بە جێ ماوە کە یا هەر چەند شەو ورۆژ جارێك، یەك یا چەند دانەیەکیان تەقیوەتەوە و بووە بە هۆی کوشتن و بریندارو کەم ئەندام بوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی کوردستان.

سەدان وهەزاران کەس لەو لاوە کوردو نیشتماپەروەر و خەباتگێرانەش کە لە پێناوی ئازادیی گەلەکەیاندا چەکی پیشمەرگایەتییان کردە شان و لە سەنگەری دێفاع لە ماڵ و مەوجوودییەتی گەلی کوردو پاریزگاری لە خاکی کوردستان دا، بەرەنگاری دوژمنان بوونەوە، بریندارو کەم ئەندام بوون.

بە سەرەنجدان بە هەمووی ئەوانە لە کوردستان ژمارەیەکی زۆرمرۆفی کەم ئەندام هەیە.لە رۆژی جیهانیی کەم ئەندامان دا، هاوپێوەندیی خۆمان لە گەڵ کەم ئەندامانی کوردستان رادەگەینین.بە ئەرکی هەمووتوێژ و بەشەکانی کۆمەڵ و لە سەرەوەی هەموانەوە حکوومەت و دام و دەزگا دەوڵەتی یەکان و حیزبو رێکخراوەکانی دەزانین، هاندەرو یارمەتیدەرو پشتو پەنای ئەوان بن وبە دابین کردنی هەلومەرجێکی باشتر بۆ ژیانی ئەوان، لە ئازارو مەینەت و تاڵی وسەختی یەکانیان کەم بکەنەوە.

سڵاو لە کەم ئەندامان، سڵاو لە هیممەت و ورەی بەرزیان کە سەرەڕای هەموو سەختییەکان و بێ بەشی لە پشت وپەنایەکی قایمی کۆمەڵایەتی و حکوومەتی، لە ژیان و تیکۆشان ناهومید نین.بە هیوایەی هەمووومان و هەر یەك لە ئاستی بەرپرسایەتییەکانمان دا بۆ دابین کردنی ژیانێکی باشترو داهاتوویەکی دڵنیا بۆ ئەو ئازیزە لە بیر کراو و پشت گوێخراوانەی کۆمەڵ تیبکۆشین.